**حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**
**بەشی باخچەی منداڵان**

# ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا

نامەیەکە پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کراوەو، بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر/ لەڕاگەیاندنی پەروەردەیی منداڵ

**لەلایەن**

**شاهۆ خوارحم كريم**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د.صابر بكر مصطفى**  **د.ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین**

**2023 زایینی**

بسم الله الرحمن الرحيم

# ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴾

**صدق الله العظيم**

**سورة (يوسف، الآية 76)**

## پێشکەشە بە:

- ئەو مرۆڤانەی دووبارە نابنەوە:

- رۆحی پاکی باوکم .. هێمای خۆڕاگریو لێبوردەیی و متمانە.

- رۆحی پاکی دایکم .. هێمای جوانیو بەخشندەیی و میهرەبانی.

- هاوژینم .. شیلان.
- جگەرگۆشەکانم .. ئەنوا، ئاران و باران.
- ئەو مرۆڤەی عەقڵەکان بەرەو راسترین رێگا ئاڕاستە دەکات .. مامۆستا.

توێژەر

## سوپاسو پێزانین

**سوپاسو پێزانینم بۆ :**

- خوای گەورە کە یارمەتیدام ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم.
- بەڕێزان (**پ.د.صابر بكر مصطفى بۆكانى**) سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆی سلێمانیو (**د.ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین**) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، کە ئەرکی سەرپەشتیکردنی نامەکەمیان گرتەئەستۆ، خۆشحاڵم لێرەوە سوپاسی بێپایانیان بکەم، لەبەرامبەر دڵسۆزی و هەوڵە بەردەوامەکانیان لەهەموو قۆناغەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا، کە بەباشترین شێوە ڕێنمایی زانستیو بەسوودیان پێشکەشکردم بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپەکانو بەرهەمهێنانی ئەم توێژینەوەیە.
- بەڕێزان (**پ.د.على قادر عثمان**) ڕاگری پێشووی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتو (**پ.ی.د.حسن فخرالدين خالد**) سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، کە بەردەوام هاوکارو پشتیوان بوون.
- بەڕێزان سەرجەم مامۆستایانی بەشی باخچەی منداڵان، ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لەخوێندنی بەراوردکاری(مقاصه)و خوێندنی ماستەردا وانەیان پێدامو تاکۆتایی ئەم نامەیە هاوکار بوون.
- بەڕێزان (**پ.د.نزار شكور شاكر**)، (**پ.ی.د.هيوا كريم حسين**) کە بەشداربوون لەوەرگێڕانو بەراوردکاری ئامڕازی توێژینەوەکە.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیو هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا) کە هاوکارییان کردم، هەم لەپێدانی داتاو زانیاری مامۆستایانی باخچە، هەم لەسەردانیکردنی باخچەکان.
- بەڕێوەبەری سەرجەم باخچە حکومیو ناحکوییەکانو هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لەبەشی مەیدانی توێژینەوەکەدا هاوکارم بوون.
- هەموو ئەو هاوڕێو دۆستانەی کە هاوکارم بوونو ناویان نەهاتووە.
- هاوسەرو منداڵە خۆشەویستەکانم، کە لەم کاروانە زانستییەدا هاوکارم بوونو پشتیوانیان کردم.

**توێژەر**

# راسپاردەی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەناونیشانی (ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا)، بەسەرپەرشتیو لەژێر چاودێری ئێمەدا لەلایەن خوێندکاری ماستەر (شاهۆ خوارحم کریم) لەزانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، ئامادەکراوەو بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەڕاگەیاندنی پەروەردەیی منداڵ، لەو پێناوەدا واژۆمان کرد.

واژۆ :
سەرپەرشتیار
پ. د. صابر بکر مصطفی
بەروار 12/ 3/ 2023

واژۆ :
سەرپەرشتیار
د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین
بەروار 12 / 3 / 2023

بەپێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ
پ.د . صابر بکر مصطفی
سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان
بەروار 12/ 3/ 2023

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی (ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (شاهۆ خوارحم کریم) دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی گفتوگۆ کردو بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بەپلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لەڕاگەیاندنی پەروەردەیی منداڵ / باخچەی منداڵان پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ :
پ. ی. د. حسن فخرالدین خالد
سەرۆکی لیژنە
بەروار 13 / 4 / 2023

واژۆ :
پ. ی. د. حکیم عثمان حمید
ئەندام
بەروار 13 / 4 / 2023

واژۆ :
پ. ی. د. صادق حمە غریب حمە صالح
ئەندام
بەروار 13/ 4 / 2023

واژۆ :
پ. د. صابر بکر مصطفی
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار 13 / 4 / 2023

واژۆ :
د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار 13 / 4 / 2023

لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لەبەرواری ( ) پەسەند کرا.

واژۆ :
پ. ی. د. حسن فخرالدین خالد
سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەروار / / 2023

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ئایەتێکی قورئان | I |
| پێشکەشە بە: | II |
| سوپاسو پێزانین | III |
| ڕاسپاردەی سەرپەرشتیار | IV |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |
| ناوەڕۆك | VI |
| پێرستی خشتەکان | VIII |
| پێرستی پاشکۆکان | IX |
| پوختەی توێژینەوە | X |
| بەشی یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوە | 1-12 |
| 1.1 کێشەی توێژینەوە | 2 |
| 1.2 گرنگی توێژینەوە | 3 |
| 1.3 ئامانجی توێژینەوە | 4 |
| 1.4 سنوری توێژینەوە | 5 |
| 1.5 پێناسەی چەمكو زاراوەکان | 5 |
| بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری (میدیای نوێو وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵان) | 13-47 |
| دەروازە | 14 |
| 2.1 هۆکارەکانی سەرهەڵدانو ژانرەکانی میدیای نوێ | 14 |
| 2.1.1 هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ | 14 |
| 2.1.2 ژانرەکانی میدیای نوێ | 15 |
| 2.2 پۆلێنکردنو ئامڕازەکانی میدیای نوێ | 16 |
| 2.2.1 پۆلێنکردنی میدیای نوێ | 16 |
| 2.2.2 ئامڕازو کەرەستەکانی میدیای نوێ | 17 |
| 2.3 وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵاندا | 20 |
| 2.3.1 ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە لەباخچەدا | 22 |
| 2.3.2 ڕۆڵی مامۆستای باخچە لەپراکتیزەکردنی ئامڕازەکانی میدیای نوێ | 25 |
| 2.3.3 گرنگی هۆشیاری تەکنۆلۆجی بۆ مامۆستای باخچە | 26 |

| | |
|---|---|
| 2.3.4 رۆڵی باخچەی منداڵان لەسەردەمی تەکنۆلۆجیای نوێدا | 27 |
| 2.4 ئامڕازە سەرەکییەکانی میدیای نوێ لەبواری پەروەردەو فێرکردندا | 27 |
| 2.4.1 گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەباخچەدا | 32 |
| 2.4.2 سوودەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەباخچەدا | 33 |
| 2.5 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو پراکتیزەکردنیان لەباخچەدا | 34 |
| 2.5.1 دیارترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەباخچەی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن | 34 |
| 2.5.2 دیارترین ئەو ئەپانەی کە لەباخچەی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن | 37 |
| 2.6 توێژینەوەکانی پێشوو | 40 |
| **بەشی سێیەم / میتۆدو ڕێکارەکانی توێژینەوە** | 48-60 |
| 3.1 میتۆدی توێژینەوە | 49 |
| 3.2 کۆمەڵگەی توێژینەوە | 49 |
| 3.3 نموونەی توێژینەوە | 50 |
| 3.4 ئـامڕازی توێژینەوە | 53 |
| 3.5 ئامڕازە ئامارییەکان | 59 |
| **بەشی چوارەم / خستنەڕووی ئەنجامەکانو تاوتوێکردنیان** | 61-75 |
| 4.1 ئەنجامەکان | 62 |
| 4.2 دەرئەنجامەکان | 74 |
| 4.3 راسپاردەکان | 75 |
| 4.4 پێشنیازەکان | 75 |
| **لیستی سەرچاوەکان** | 76-84 |
| یەکەم /پەرتووک | 76 |
| دووەم/  نامەی ماستەر | 79 |
| سێیەم / توێژینەوەکان | 80 |
| چوارەم / ئینتەرنێت | 83 |
| **لیستی پاشکۆکان** | 85-117 |
| پوختە بەزمانی عەرەبی | أ |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | A |

# پێرستی خشتەکان


| ژ.خشتە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | دابەشبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز | 49 |
| 2 | وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز | 50 |
| 3 | وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی تەمەن | 51 |
| 4 | وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی ئاستی بڕوانامە | 52 |
| 5 | وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی ساڵانی خزمەت | 53 |
| 6 | بەکارهێنانی ئامڕازو تەکنۆلۆجیای نوێی ڕاگەیاندن لەباخچەکاندا | 54 |
| 7 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەباخچەکاندا | 54 |
| 8 | پەیوەندی هەر تەوەرێک بەنمرەی گشتییەوە | 56 |
| 9 | هاوکۆلکەی جێگیری لەرێگەی بەنیوەکردنەوە | 57 |
| 10 | ئەنجامی شیکردنەوەی دوانەیی بۆ ئەژمارکردنی جێگیری | 58 |
| 11 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە | 62 |
| 12 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (جۆری خوێندن) | 63 |
| 13 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی بەکارهینانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) | 64 |
| 14 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی بەرکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ئاستی خوێندن) | 65 |
| 15 | ناوەندی ژمێرەیی‌و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن | 66 |
| 16 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) بۆ فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕوی (تەمەن) | 67 |
| 17 | ئەنجامی ئاڕاستەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەفۆرمی ڕاپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گۆڕاوی (تەمەن) | 67 |
| 18 | ناوەندی ژمێرەیی‌و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) | 68 |
| 19 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) بۆ فۆرمی ڕاپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) | 69 |
| 20 | ئەنجامی ئاڕاستەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەفۆرمی ڕاپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) | 69 |
| 21 | ئاستی بەکارهینانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە لەسلێمانیدا | 71 |

| | | |
|---|---|---|
| 72 | ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی سۆشیال میدیا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا | 22 |
| 73 | ناوەندی ژمێرەیی‌و لادانی پێوەری بۆ تەوەری ئاستەنگەکان لەفۆرمی راپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا | 23 |


## پێرستی پاشکۆکان


| لاپەڕە | ناونیشان | ژ.پاشکۆ |
|---|---|---|
| 86 | پشتگیری کۆلێج بۆ سەردانی باخچەکان | 1 |
| 87 | رێگەپێدانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژهەڵات بۆ باخچە حکومییەکان | 2 |
| 88 | رێگەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوا بۆ باخچە حکومییەکان | 3 |
| 89 | رێگەپێدانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بۆ باخچە ناحکومییەکان | 4 |
| 90 | فۆرمی بەرایی بۆ ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لای مامۆستایانی باخچە | 5 |
| 97 | فۆرمی وەرگێڕان | 6 |
| 100 | ناوی پسپۆڕانی وەرگێڕی فۆرمی راپرسی | 7 |
| 100 | وەرگێڕان (عەرەبی - کوردی - عەرەبی) | 8 |
| 108 | لیستی ناوی شارەزایانی فۆرمی راپرسی | 9 |
| 109 | راستیی فۆرمی راپرسی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دوای گەڕانەوەی لای شارەزایان | 10 |
| 112 | فۆرمی راپرسی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوی دوای گەڕانەوەی لای شارەزایان‌و شێوەی کۆتایی | 11 |

# پوختەی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە زانینی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا، هەروەها زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوەکانی (جۆری خوێندن، رەگەز، ئاستی خوێندن، تەمەنو ساڵانی خزمەت)، سەرباری دیاریکردنی ئەو ئامرازو کەرەستە نوێیانەی راگەیاندن کە مامۆستایانی باخچە لەکاتی وانەوتنەوەدا بەکاریدەهێنن، هەروەها زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە؛ توێژەر پشتی بەمیتۆدی وەسفی روپێوی بەست، کە گونجاوە لەگەڵ سروشتو ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومیو ناحکومییەکانی شاری سلێمانی دەگرێتەوە، کە ژمارەیان (1187) مامۆستایەو بەسەر هەردوو پەروەردەی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای شاری سلێمانیدا دابەشبوون. توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی رێژەی (15%)ی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەڵبژارد. بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان توێژەر ئامرازی تێبینیکردنو فۆرمی راپرسی بەکارهێنا. دوای جێبەجێکردنی فۆرمەکە لەسەر نموونەی توێژینەوەکەو بۆ گەیشتن بەئەنجامەکان؛ توێژەر لەرێگەی پرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان چەند ئامرازێکی گونجاوی ئاماری بەکارهێنا، لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشت بەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانی لەئاستی باڵادا بووە، دەرکەوت جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن (حکومی، ناحکومی)و لەبەرژەوەندی ناحکومیدایە، بەڵام هیچ جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری نییە لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی رەگەز (نێر، مێ). هەروەها جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەو لەبەرژەوەندی بڕوانامەی بەکالۆریۆسدایە. سەرباری ئەوەش جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی تەمەنو لەبەرژەوەندی تەمەنی 20-29 ساڵدایە، بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتیش جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیەو لەبەرژەندی 1-5 ساڵدایە.

دەرکەوت کە داتاشۆو مەڵتیمیدیا وەك دوو ئامرازو کەرەستەی نوێی راگەیاندن لەکاتی وانەوتنەوەدا، هەروەها ڤایبەرو فەیسبووك وەك دوو ئامرازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین بەکارهێنانیان هەبووە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە. لەکۆتاییدا توێژەر لەبەررۆشنایی ئەنجامەکان، چەند راسپاردەو پێشنیازێکی خستەڕوو.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

1.1 کێشەی توێژینەوە

1.2 گرنگی توێژینەوە

1.3 ئامانجی توێژینەوە

1.4 سنوری توێژینەوە

1.5 پێناسەی چەمكو زاراوەکان

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

## 1.1 کێشەی توێژینەوە

توێژەر دەرکی بەوە کردووە کە سەرباری رێگا نەریتییەکانی وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵان، بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن وەك رێگایەکی وانەوتنەوە بۆ پرۆسەی فێرکردنو گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکان پێویستە، بەتایبەت کە ئاستی تێگەیشتنی منداڵان جیاوازەو لەسەردەمێکیشدا دەژین ناکرێت لەئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەدوور بن، بەڵکو پێویستە ئاراستە بکرێن بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئامرازانە، بەجۆرێك کە سودی لێوەربگرن.

لەهەرێمی کوردستانیش، باخچەکانی منداڵان بەدەر نین لەو ژینگە پەروەردەیە نوێیەی کە ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن دروستیان کردووە، بەڵام ئەوەندەی توێژەر ئاگادار بێت بەشێوەیەکی زانستیانەو لەچوارچێوەی پرۆگرامی خوێندندا وەك پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، لەڕوانگەی ئەم تێڕوانینەشەوە توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بەم پرسیارە سەرەکییە دەستنیشان دەکات، کە (بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا لە چ ئاستێکدایە؟).

لێرەشەوە توێژەر چەند پرسیارێکی لاوەکی بۆ روونکردنەوەی ئەم پرسە دیاریدەکات:

1- تا چ ئاستێك مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا بەکاردەهێنن؟

2- ئایا جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە، بەپێی گۆڕاوەکانی جۆری خوێندن (حکومی، ناحکومی)، رەگەز (نێر، مێ)، ئاستی خوێندن (ناوەندی، دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر)، تەمەن ( 20-29 ساڵ، 30-39 ساڵ، 40-49 ساڵ)، سالأنی خزمەت ( 1-5 ساڵ، 6-10 ساڵ، 11-15 ساڵ، 16-20 ساڵ، 21-25 ساڵ)؟

3- کامانەن ئەو ئامرازە نوێیانەی راگەیاندن کە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە لەشاری سلێمانیدا بەکاردەهێنرێن؟

4- کامانەن ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا؟

## 1.2 گرنگی توێژینەوە

سەردەمی کرانەوەی مەعریفیو شۆڕشی زانیاریو تەکنۆلۆجیا، کە سەرجەم ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوەو لێرەشەوە دەرکەوتنی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن وەك یەکێك لەدەرهاویشتەکانی ئەو شۆڕشـــە، کە "لەســـەر بنەمـــای تێکەڵکـــردنی (تـــۆڕی ئینتەرنێـــت، کۆمپیـــوتەرو مەڵتیمیـــدیا) بنیاتنراوە"(صبطي،21:2018)، پرۆسەی پەروەدەی ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی ڕاستەقینە کردۆتەوە، چونکە "لەســـەردەمی تەکنۆلۆژیـادا چیـتر شـێوازە نەریتییەکـانی وانەوتنـەوە نـاتوانن وەڵامـدەرەوەی خواســتە پەروەردەییەکان بن. لەڕاستیدا مەڵتیمیدیای پەروەردەیی یەکێکە لەو جۆرە میدیایانەی کە بەهۆی سروشتی فـرە هەسـتیارییانەوە دەتـوانن بەئاسـانی خۆیـان لەگەڵ شـێوازە جۆراوجۆرەکـانی فێربوونـدا بگـونجێنو فێربوونێکی ئاسانو بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆری کارلێککردن دابین بکەن. مەڵتیمیدیا دەتوانێ میدیایەکی پەروەردەیی بێت، چونکە وا لەمامۆستا دەکات لەڕێگەی میدیای جیاوازی وەك (دەنگ، دەق، ئەنیمەشن، ڤیدیۆ و وێنە)وە زانیاری پێشکەش بکات. تێکەڵکردنی ئەم میدیا جیاوازانە دەرفەتێکی وروژێنەر بۆ فێربوونو دووبارە فێربوونەوەی زانیارییە وەرگیراوەکان دەڕەخسێنێت".(میرزالو،136:2017) لێرەشەوە "بەکارهێنانی مەڵتیمیدیا لەپرۆسەی خوێندندا وەك توخمێکی سەرەکی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بۆ مامۆستای باخچە گرنگە، بەوپێیەی یارمەتی پەرەپێدانی توانا تەکنیکییەکانی دەداتو ڕۆڵی مامۆستا لەبەڕێوەبرنی پرۆسـەی خوێنـــدن وەك پلانـــدانەرو تێبینیکـــارو ئاڕاســـتەکار دیاریـــدەکات".(محمود،120:2021) بەتـــایبەت کە بەکارهێنانو بایەخپێدانی منداڵان بە ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن وەك (کۆمپیوتەر، ئایپاد، مۆبایلی زیرەك) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبوونـدایە، ئەمەش "وادەخوازێـت کە توانسـتو کـارامەیی مامۆسـتای بـاخچە بـۆ مامەڵـەکردن لـەگەڵ ئـامرازە دیجیتاڵییەکان شایسـتە بێـت بـەپەروەردەکردنی مـنداڵ لـەم سەردەمـەدا، لەڕووی چاککردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتو ئاڕاستەکردنیان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنۆلۆجیای نوێ".(رضـوان وقاسـم،277:2021) چـونکە "منـداڵانی بـاخچە پێویسـتیان بەڕێنمـاییو پشـتگیریو ئاڕاســتەکردنی مامۆســتایان هەیە، ســەبارەت بەوەی کەیو چــۆنو بــۆچی تەکنۆلۆجیــای دیجیتــاڵی بەکاربهێنن".(Undheim,2022:473) ئەمەش وایکـردووە بەشـێك لەتـوێژەرانی بـواری میـدیاو پەروەردە لەپانتــاییە جیهانییەکانــدا توێژینەوەکانیــان بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی بەکارهێنــانی تەکنۆلۆجیــا لەپەروەردەکـردنی منـداڵانو گرنگیـدان بەلێهـاتوویی مامۆسـتایانی بـاخچە لەبەکارهێنـانی ئـامڕازە نوێیـەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا تەرخان بکەن.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دوو بواری زانستی گرنگ (میدیاو پەروەردە - قۆناغی باخچەی منداڵان) پێکەوە گرێدەدات، سەرباری ئەوەش توێژینەوەکە دوو گرنگی هەیە:

**گرنگی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە گرنگە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە؛**

1- بابەتێکی هەنووکەییە؛ بەتایبەت لەهەرێمی کوردستاندا، رەنگە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خزمەتێکی باش بەکەرتی پەروەردەو بەدیاریکراویش باخچەی منداڵان بکات.

2- رۆشنایی دەخاتەسەر رێگایەکی نوێی وانەوتنەوە کە مامۆستایانی باخچەی منداڵان دەتوانن بەکاریبهێنن.

3- بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن (ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، ئایپاد، مۆبایلو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی مەعریفەو پێشکەوتنی کارایی مامۆستایانی باخچە.

4- دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە زانیاری نویٚو گرنگ سەربار دەکەن، کە رەنگە توێژەرانی داهاتوو بتوانن لەتوێژینەوەی دیکەدا سودی لێوەربگرن.

5- پەرە بەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە دەداتو دەکرێت ببێتەهۆی هۆشیاری تەکنۆلۆجیو بگوازرێتەوە بۆ منداڵانیش.

**گرنگی پراکتیکی: توێژینەوەکە لەڕووی پراکتیکییەوە چەند لایەنێکی گرنگی هەیە، بەوپێیەی کە؛**

1- سودبەخش دەبێت لەڕووی هاندانی مامۆستایانی باخچە بۆ بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.

2- دەکرێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەرچاوڕوونی بداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەوەزارەتی پەروەردەو سودبەخش بێت بۆ پێداچوونەوە بەڕێگاکانی وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵاندا.

3- سودبەخش دەبێت بۆ ناوەندەکانی ئامادەکردنی مامۆستایانی باخچە بۆئەوەی مامۆستایان پێشوەخت کارامەیی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیایان هەبێت.

4- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سودبەخش دەبێت بۆ خۆبەدوورگرتنو زاڵبوون بەسەر کۆسپە پێشبینکراوەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن.

5- ئەم توێژینەوەیە دەرگایەك بۆ ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە دەیانەوێت توێژینەوەی زیاتر لەسەر بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەباخچەی منداڵان ئەنجامبدەن.

## 1.3 ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

1- زانینی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا.

2- زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوەکانی جۆری خوێندن (حکومی، ناحکومی)، رەگەز (نێرو مێ)، ئاستی

خوێندن (ناوەندی، دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر)، تەمەن ( 20-29 ساڵ، 30-39 ساڵ، 40-49 ساڵ)، ساڵانی خزمەت ( 1-5 ساڵ، 6-10 ساڵ، 11-15 ساڵ، 16-20 ساڵ، 21-25 ساڵ).

3- دیاریکردنی ئەو ئامرازە نوێیانەی راگەیاندن کە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە لەشاری سلێمانیدا بەکاردەهێنرێن.

4- زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا.

## 1.4 سنوری توێژینەوە

1- سنوری مرۆیی: مامۆستایانی باخچە (حکومیو ناحکومی)یەکان لەناوەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە.

2- سنوری بابەتی: بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا {کۆمپیوتەر، مۆبایل، ئینتەرنێت، مەڵتیمیدیا (وێنە، دەق، ڤیدیۆ، داتاشۆ)، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (فەیسبووك، یوتیوب، ئینستاگرام، ڤایبەر، تیلیگرام، واتسئەپ، سناپ چات)} لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانی دەگرێتەوە.

3- سنوری کات: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی 2022 - 2023.

4- سنوری جوگرافی: هەردوو پەروەردەی (رۆژهەڵات، رۆژئاوا) لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی دەگرێتەوە.

## 1.5 پێناسەی چەمكو زاراوەكان

- **ئاست:**

- **علي (2011):**

ئەو بنەمایەیە کە لەپرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندا پشتی پێدەبەسترێتو دەبێتە رێسایەك بۆ بڕیاردان لەسەر کارایی تاك لەبەررۆشنایی کارایی چاوەڕوانکراودا. واتە دەبێت تاك چ کاراییەکی هەبێت، رەنگە هاوکێشەیەکی چەندێتیو چۆنێتی وەربگرێت، کە ئەمەش لەئەنجامی بەراوردکردنی نمرەی خوێندکاران لەتاقیکردنەوەی کۆتایی یان دیاریکردنی نمرەی دەرچوون بەشێوەی لاواز، پەسەند، باش، زۆرباش، نایابو بەپێی رێژەی سەدی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتەکە دەردەکەوێت.(علي،2011:306)

- **ابراهيم (2009):**

بریتییەلە پێوەرێك كە دەتوانرێت وەك بنەمایەك  بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی كە بەدەستهاتووە بەكاربهێنرێت. بۆ نموونە دەتوانرێت ئاستەكانی (دەستكەوت، لێهاتوویی‌و كارامەیی، زیرەكی، عەقڵی‌و تەمەن) لەڕووی پەروەردەییەوە جیابكرێنەوە.(ابراهيم،2009:917)

- **شحاتة (2003):**

ئاماژەیە بۆ بڕی ئەو گۆڕانكارییە یان ئەو تایبەتمەندییەی كە پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت، هەندێكجاریش ئاماژەیە بۆ ئەو نۆرمەی كە بۆ هەندێك مەبەستی دیاریكراو پێویستە، ئەویش لەسەر بنەمای پێوانەكردنی ئاستی كارایی داواكراو بەشێوەیەكی پراكتیكی‌و كۆمەڵایەتی.(شحاتة والنجار،2003:269)

**پێناسەی تیۆری:** بریتییەلە تایبەتمەندییەكی تەكنیكی یان پێوەرێك كە دەكرێت وەك ڕێساو یاسایەك مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت بۆ بەراوردكردن‌و بڕیاردان لەسەر كارایی تاك، بۆئەوەی بتوانرێت بەرزترین‌و نزمترین پلە دیاریبكرێت.

- **بەكارهێنان:**

- **لطرش (2019):**

بریتییەلە چالاكییەكی كۆمەڵایەتی كە دەگۆڕێت بۆ چالاكی ئاسایی‌و لەسایەی دووبارەكردنەوەدا، تێكەڵ بەڕەفتارو خووەكانی تاك دەبێت، ئەوكاتە دەتوانین باس لەبەكارهێنان بكەین؛ جگە لەوەش ئەم چەمكە سەرەتا پێویستی بەدەستڕاگەیشتن بەتەكنیكێك یان ئامڕازێك هەیە.(لطرش ولعريوي،2019:7)

- **قرين (2017):**

وشەی بەكارهێنان وەك هاوواتای (Usage) بەكارهێنان یان پیادەكردن لەهەندێكجارداو خاوەندارێتی لەهەندێكجاری دیكەدا بەكاردێت. (برۆتۆن‌و پرۆلكس) پێیانوایە كە بەكارهێنان ئاماژەیە بۆ كۆمەڵێك پێناسە كە لەوەرگرتن‌و خاوەندارێتییەوە دەستپێدەكات تا دەگاتە بەكارهێنان، زۆرجار لەكردەی كڕین‌و بەكاربردندا كورتدەكرێتەوە، لەكاتێكدا بەكارهێنانەكە تەنیا ئاماژەیە بۆ بەكارهێنانێكی سادەی تەكنۆلۆجیاو لەدۆخێكی ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ ئامرازەكەدا. كەواتە بەكارهێنان سێ توخم لەخۆدەگرێت: بەكارهێنان، وەرگرتن‌و خاوەندارێتی.(قرين وبويدون،2017:14)

- **بالنور (2015):**

بەپێی فەرهەنگی لی رۆبێرت سۆسیۆلۆجی (le Robert Sociologie)، بەکارهێنان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە کە بەهۆی دووبارەکردنەوەو دێرینییەوە لەکەلتورێکی دیاریکراودا دەگۆڕێت بۆ چالاکییەکی ئاسایی.(بالنور ومحلي،4:2015)

**پێناسەی تیۆری:** بریتییە لەچالاکییەك کە بەهۆی دووبارەکردنەوە تێکەڵ بەرەفتارو خووەکانی تاك دەبێت‌و دەگۆڕێت بۆ چالاکییەکی ئاسایی‌و سێ توخم لەخۆدەگرێت: بەکارهێنان، وەرگرتن‌و خاوەندارێتی.

- **ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن (میدیای نوێ):**

- **ئوندهایم (2022):**

بریتییەلە جۆرە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر، تابلێت، شاشەی کارلێکار، کامێرا، ئامێری بەرنامەسازی‌و جۆرەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی دیجیتاڵی. سەرچاوە دیجیتاڵییەکانیش ئاماژەن بۆ ئەو ناوەڕۆکە دیجیتاڵیانەی کە لەگەڵ منداڵەکاندا بەکاردەهێنرێن، وەك ناوەڕۆکی ئۆنلاین یان ئەپەکان یاخود سۆفتوێر کە دەبێت دابەزێنرێت.(Undheim,2022:472)

- **بێل (2021):**

زاراوەیەکی گشتییە کە چەندین جۆری جیاوازی گەیاندنی ئەلیکترۆنی (Electronic communication) لەخۆدەگرێت، وەك (ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت، پەخشی- دەنگ‌و ڤیدیۆیی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، ژووری چات، ئیمەیل، کۆمەڵگەی ئینتەرنێت، ریکلامی سەر ئینتەرنێت، سیدی (CD)و دیڤیدی (DVD)- ژینگەی گریمانەیی، پەیوەستکردنی ژینگەی دیجیتاڵی بەمۆبایلەوە وەك تەلەفۆنی سەر ئینتەرنێت، کامێرای دیجیتاڵی، لاپتۆپ).(Webopedia, 2021)

- **السعدي (2019):**

بوارێکی گشتییە کە تێیدا چەندین ئەپڵیکەیشن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەکاردەهێنرێن، هەروا بوارێکی کۆمەڵایەتییە بۆ دیالۆگ‌و ئاڵوگۆڕی کەلتوری لەنێوان کۆمەڵگەکاندا، سەرباری ئەوەش بوارێکە کە تێیدا توخمەکانی پرۆسەی گەیاندن تێکەڵ دەبن‌و توندوتۆڵی تێکەڵبوونەکەش پشت بەڕەگەزەکانی خێرایی‌و کات دەبەستێت.(السعدي،19:2019)

- **صادق (2019):**

بەپێی فەرهەنگی باڵای تەکنۆلۆجیا (Dictionary High-Tech) میدیای نوێ؛ بریتییەلە ئاوێتەکردنی کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت‌و مەڵتیمیدیا. بەپێی لیستەر (Lester)یش؛ میدیای نوێ

بریتییەلە کۆمەڵێك تەکنۆلۆجیای گەیاندن کە لەئەنجامی تێکەڵکردنی نێوان کۆمپیوتەرو ئامرازەکانی میدیای نەریتی، چاپکردن، وێنەگرتن، دەنگو ڤیدیۆ، پەیدابووە.(صادق،31:2019)

- **صبطي (2018):**

کۆمەڵێك تەکنۆلۆجیای مۆدێرنە، کە لەهەمانکاتدا پشت بەئینتەرنێت دەبەستن، لەسەر بنەمای راگەیاندنو گەیاندن. بەگشتی سێ جۆر خزمەتگوزاری سەرەکی هەیە کە لەلایەن میدیای نوێوە پێشکەش بەبەکارهێنەران دەکرێت، ئەوانیش (گەیاندن، کارلێك، راگەیاندنو زانیاری).(صبطي،2018:24-25)

- **الدعمي (2017):**

ئەو ناوەڕۆکەیە کە لەسەر سەکۆ (پلاتفۆرم)ی ئینتەرنێت بەرهەمدەهێنرێتو تاك لەڕێگەی کۆمپیوتەرو لاپتۆپو مۆبایلو هەر ئامێرێکی دیکەوە دەستی پێدەگات، جۆرەکانی بریتین لە: فەیسبووك، تویتەر، رۆژنامەی ئەلیکترۆنی، یوتیوبو چەندانی دیکە، سەرباری ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل وەك ڤایبەرو واتسئەپو ئینستاگرامو تانگۆو تلیگرامو چەندین ئەپڵیکەیشنی دیکە.(الدعمي،58:2017)

- **العلي (2016):**

میدیای سەردەمی زانیارییە، کە لەئەنجامی ئاوێتەبوونی دوو دیاردەی دیارو ناسراوی ئەم سەردەمە، ئەوانیش؛ دیاردەی تەقینەوەی زانیاری (Explosion Information)و دیاردەی گەیاندن (Telecommunication) پەیدابووە، کە لەبەرهەمهێنانو کاتبەسەربردنو هەڵگرتنو دابەشکردنی زانیارییەکاندا، پشت بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرو گەیاندن دەبەستێت.(العلي وآخرون،25:2016)

- **الشمايلة (2015):**

بریتییەلە کۆمەڵێك رێگاو چالاکی دیجیتاڵی نوێ، کە یارمەتی بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیایی دەداتو بەشێوازی جۆراوجۆر لەڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەستو نا پەیوەست بەئینتەرنێتەوەو لەپرۆسەیەکی کارلێکی نێوان نێرەرو وەرگردا، بەرجەستە دەبێت.(الشمايلة وآخرون،19:2015)

- **عقيله (2015):**

بریتییە لەو بەرهەمو خزمەتگوزارییانەی، کە زانیاریو چێژبەخشی- بەشێوازی نا نەریتی وەك تەلەفزیۆنو رۆژنامەکانو بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر یان ئینتەرنێت پێشکەش دەکەن.(عقيله،14:2015)

- **فتحي أبو حطب (2010):**

میدیای نوێ یان میدیای دیجیتاڵی، بریتییەلە کۆمەڵێك شێوازو چالاکی دیجیتاڵی نوێ، کە وامان لێدەکات ناوەڕۆکی میدیا بەشێوە جۆراوجۆرەکانییەوە بەرهەمبهێنین، بڵاوی بکەینەوەو بەکاریبهێنین، ئەویش لەڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەست یان ناپەیوەست بەئینتەرنێتەوە.(الدعمي،2017:57)

- **جۆنز (Jones) (2002):**

زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی جۆرێك لەجۆرەکانی گەیاندنی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە، بەپێچەوانەی میدیای نەریتییەوە کە ڕۆژنامەگەری نووسراو لەڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆنو رادیۆ - تاڕادەیەك-و ئامرازە جێگیرەکانی دیکە لەخۆدەگرێت.(صادق،2019:32)

**پێناسەی تیۆری:** بریتییەلە کۆمەڵێك ئامرازی تەکنۆلۆجیای هاوچەرخی گەیاندن، کە پشت بەسیستمی کۆمپیوتەری دەبەستێت بۆ بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانو هەڵگرتنیان، بەشێوەیەکی ئاسانو بەتێچوویەکی کەم، وەك تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (فەیسبووك، یویتوب، تویتەر،...)و ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل وەك (ڤایبەر، تیلیگرام، ئینستاگرام، سناپ، واتسئەپ،...)، سەرباری ئەوەش ئامڕازە دیجیتاڵییەکان خەسڵەتی دوولایەنەیان هەیەو کارلێکی باش پێشکەش دەکەن، کە پێشتر لەمیدیای نەریتییدا نەبووە، یاخود بەکارهێنانی ئامڕازە نەریتییەکان (بینراو، بیستراو، خوێندراو)ە بەجۆرێك کە پەیوەست بکرێن بەئینتەرنێت یان سیستمێکی کۆمپیوتەرییەوە.

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لەو نمرەیەی کە لەئەنجامی وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکە (مامۆستایانی باخچە) بۆ فۆرمی ڕاپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن، دەستدەکەوێت.

- **وانەوتنەوە:**

- **السفياني (2020):**

بریتییەلە زانستو هونەرێك کە شێوازو ڕێگاو ڕێکارو کردەی هەمەلایەنی هەیە، سەرباری ئەوەش وەك هەر کارێکی دیکە؛ مرۆڤانەو کۆمەڵایەتیو پراکتیکییەو ڕێکخستەیەکی هەماهەنگە.(السفياني،2020:8)

- **سعداوي (2015):**

بريتيیه لـەو ڕێكارە مەبەسـتدارانەی كـە مامۆسـتا لەگـەڵ خوێندكارەكانیـدا پـەیڕەوی دەكـات، بەمەبەسـتی سـادەكردنو ئاسـانكاری كـردەی فێربوونو گـەیشـتن بەئامانجـە دیاریكراوەكان، هەربۆیـە فێربوون دەرئەنجامی وانەوتنەوەیە.(سعداوي،18:2015)

- **جابر (2014):**

كردەیەكی كارلێكی نێوان پەیوەندییەكانو ژینگەو وەڵامی خوێندكارە، پێویستە لەكۆتاییدا لەڕێگەی ئەنجامەكانی فێربوونی خوێندكارەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.(جابر،81:2014)

- **متولي (2012):**

هونەرێكە وەك وێنەكێشانو مۆسیقاو هونەرەكانی دیكە، چونكە بنەماو توخمو ئامانجی هـەیە، هـەروەها پێویسـتی بـەتوانای بـاڵاو ئامادەكاری تایبـەت هـەیـە، بۆئـەوەی كردەكـە بەسـەركەوتوویی ئەنجامبدرێت.(متولي،11:2012)

**پێناسـەی تیـۆری:** بریتییەلـە زانسـتو هونـەرێك كـە پێویسـتی بەگرتنەبـەری ڕێگـاو شـێوازی هەمەلایەن هەیە، بۆئەوەی بەئاسانترین شێوە فێربوون ڕووبدات.

**پێناسـەی ڕێكـاری:** ئـەو هەنگاوانـەن كـە مامۆسـتایانی باخچـەی منـداڵان دەینـێن، سـەرەتا بەئامادەكاری دەستپێدەكات، پاشـان هـەڵبژاردنی ئامڕازێكی گونجـاو لـەئامڕازە نوێیەكانی ڕاگـەیانـدن، دواتر بەكارهێنانی لەكاتی وانەوتنەوەداو گەیشتن بەئامانجە دیاریكراوەكان.

- **باخچـەی مـنداڵان:**

- **العتيبي (2022):**

ئەو قۆنـــاغەیە كە گــــرنگی بەمنـــداڵانی تەمەن (4-6) ســـاڵ دەدات لەدامەزراوە پەروەردەیی‌و كۆمەڵایەتییەكان، كە ئامانجیان بەدیهێنانی گەشەی هاوسەنگو تەواوی منداڵە لەلایەنە جیاوازەكانی عەقڵی‌و جەستەیی‌و كۆمەڵایەتی‌و دەروونییەوە، سەرباری گەشەپێدانی تواناكانیان لەڕێگەی چالاكی‌و یاری ئازادەوە.(العتيبي والقرني، 186:2022)

- **بۆكانی (2020):**

باخچەی منداڵان بریتییەلە دامەزراوەیەكی فێركاری پەروەردەیی (حكومی یان ئەهلی)، كە لەپێش خوێنـدنی تەوزیـمی (پابەنـدی)یەو لەزۆربەی وڵاتانـدا منـداڵانی تەمەن (3-5) سـاڵان وەردەگرێـت.

بەواتایەکی دیکە ئەو ئۆرگانە بنەڕەتییەیە کە منداڵ لەژینگەی ماڵو خێزانەوە بۆ قۆناغی بەدەستهێنانی ژیانی تایبەتی دەگوازێتەوە.(بۆکانی،2020:55-56)

- **السعيد (2019):**

سیستمێکی پەروەردەییە، کە تێیدا گەشەیەکی گشتگیرو تێروتەسەل (عەقڵی، جەستەیی، جوڵەیی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقیو ژینگەیی) بۆ منداڵانی پێش قۆناغی بنەڕەتی بەدەستدەهێنێتو ئامادەیان دەکات بۆئەوەی بچنە خوێندنگە.(أبو رباع،2021:9)

- **قريشى (2018):**

دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، کە تایبەتە بەپەروەردەکردنی منداڵانی نێوان تەمەن (4-6) ساڵ، کە چالاکیو ئەزموونی پەروەردەیی پێشکەش دەکات، بەئامانجی پەروەردەکردنو چاودێریکردنی گەشەی تەواوی منداڵ.(قريشي،2018:58)

- **علي وصبيرة (2015):**

دامەزراوەیەکی پەروەردەییو کۆمەڵایەتییە، کە بەشێوەیەکی دروست منداڵ ئامادە دەکات بۆئەوەی بچێتە قۆناغی بنەڕەتییەوە، بەجۆرێك کە هەست بەگواستنەوەی کتوپڕ لەماڵەوە بۆ قوتابخانە نەکات، ژینگەیەکی تەواو ئازاد بۆ پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی دەستبەردەکات، تاوەکو تواناو ئارەزووەکانی تێدا بدۆزێتەوە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی نوێ.(علي وصبيرة،2015:17)

**پێناسەی تیۆری:** باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی یان ناحکومییە، کار لەسەر پەروەردەکردنی لایەنە دەروونی، مەعریفی، کۆمەڵایەتیو جەستەییەکانی منداڵانی تەمەن (3-6) ساڵ دەکات، بەئامانجی پەرەپێدانی کەسێتییان، سەرباری ئامادەکردنیان بۆ قۆناغی بنەڕەتی بەهەموو پێداویستیو ئامرازە تەکنۆلۆجییە پەروەردەییەکان، کە لەگەڵ تواناو تەمەنی منداڵەکەدا بگونجێت.

- **مامۆستای باخچەی منداڵان:**

- **محمد (2015):**

ئەو مامۆستایەیە کە لەبەشی باخچەی کۆلێجەکانی پەروەردە ئامادەکراوەو لەڕووی زانستیو پەروەردەییەوە بڕوانامەی هەیە بۆ کارکردن لەباخچەکاندا، لەپێناوی دابینکردنی زانیاریو پەروەردەکردنی منداڵانی نێوان (4-6) ساڵ.(رمضان،2018:736)

- **الشعيى (2015):**

کۆمەڵێك پەروەردەکاری پیشەیین لەبواری پەروەردەکردنی منداڵی پێش قۆناغی بنەڕەتی، کە کار لەسەر پاراستنو پەروەردەو چاودێری تەندروستی ئاشتیانەی منداڵان دەکەن، هەروەها بەشدارییەکی کاراو کاریگەریان هەیە لەگەشەپێدانی هەمەلایەنی کەسێتی منداڵ، لەڕووی جەستەیی، دەروونی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، رەفتارو ئاینەوە.(الشعيي،67:2015)

- **محمد (2014):**

ئەو پەروەردەکارەیە، کە ئاگاداری منداڵ دەبێتو چاودێری دەکات، وە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پەروەردەییانە دەدات، کە لەپرۆگرامدا دیاریکراون، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی تەمەنو تایبەتمەندییە دەروونیو کۆمەڵایەتیو مەعریفییەکان، لەڕێگەی بەڕێوەبردنو رێکخستنی چالاکییەکان لەدەرەوەو ناوەوە.(محمد،1053:2014)

- **على (2013):**

ئەو مامۆستایەیە کە منداڵ لەقۆناغی باخچەی منداڵان پەروەردە دەکاتو هەوڵدەدات ئەو ئامانجە پەروەردەییانە بەدەستبهێنێت، کە لەپرۆگرامدا دیاریکراون، بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەو رێکخستنی چالاکییەکان لەدەرەوەو ناوەوە، جگە لەچێژوەرگرتن لەکۆمەڵێك تایبەتمەندی کەسیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی مامۆستای باخچە، کە لەمامۆستاکانی قۆناغەکانی دیکەی تەمەن جیای دەکاتەوە.(أبو رباح،10:2021)

**پێناسەی تیۆری:** مامۆستای باخچەی منداڵان، مامۆستایەکە کە لێهاتوویی پێویستی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییو فێرکارییەکان بەڕێگاو شێوازی نوێی سەردەمیانە، کە شایستە بێت بەپەروەردەکردنی منداڵانی تەمەن (3 - 6)و ئامادەکردنیان بۆ قۆناغی بنەڕەتی.

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆری (میدیای نوێو وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵان)

2.1 هۆکارەکانی سەرهەڵدانو ژانرەکانی میدیای نوێ

2.2 پۆلێنکردنو ئامرازەکانی میدیای نوێ

2.3 وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵاندا

2.4 ئامرازە سەرەکییەکانی میدیای نوێ لەبواری پەروەردەو فێرکردندا

2.5 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو پراکتیزەکردنیان لەباخچەدا

2.6 توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری (میدیای نوێو وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵان)

### دەروازە

لێکۆڵینەوەو گرنگیدان بەئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن تەنیا بەهۆی رەهەندە داهێنانییەکەیەوە نییە لەبواری میدیادا، بەڵکو پەیوەستە بەو خەسڵەتە تایبەتەی میدیای نوێ کە دەرفەت بەبەکارهێنەران (منداڵو گەورە) دەدات لەهەمانکاتدا هەم وەرگرو هەم نێرەر بن. ئەگەر پێشتر ئامرازەکانی راگەیاندنی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) رۆڵێکی سەرەکیان لەپەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵدا هەبوو بێتو سەرچاوەیەك بوو بن بۆ فێربوونو کاتبەسەرکردن لەنێوان تەمەنە جیاوازەکاندا، ئێستا بەکارهێنەر لەنێویشیاندا منداڵ خۆی بەشدارە لەگواستنەوەی میدیا لەنەریتییەوە بۆ نوێ، چونکە هەندێکجار بەکامێرا یان مۆبایل یاخود تابلێتی تایبەتی خۆی وێنە دەگرێتو بابەتی میدیایی بەرهەمدەهێنێتو لە هەژمارو پێگەی تایبەتی خۆی یان هەر ئامرازێکی نوێی راگەیاندن بڵاویان دەکاتەوە، لەبەرئەوە "میدیا نوێ تەنیا لەهەندێك دامەزراوەی میدیایی یان هەندێك توخم لەنێرەرەوە بۆ وەرگر سنوردار نابێت، بەڵکو میدیا لەسەردەمی نوێیدا تایبەتمەندە بەئاڵوگۆڕی رۆڵ لەنێوان نێرەرو وەرگر بەپێی ئەو تایبەتمەندییە کارلێکییانەی کە میدیای نوێ پێشکەشی دەکات"(راضي والتميمي،72:2017).

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە "ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن گۆڕانکاری گەورەیان لەگواستنەوەی زانستو زانیاری پەروەردەیی هێناوەتەکایەوەو بوونەتە بەشێك لەسیستمی پەروەردە، زۆرێك لەلێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای هاوچەرخ لەپرۆسەی پەروەردەدا دەبێتەهۆی ئاسانکاریو بەرزکردنەوەی کوالیتی پرۆسەی پەروەردە" (علي وصبيرة،11:2015)، رەنگە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە بێت کە لەمیدیادا هەیەو لەدامەزراوەکانی دیکەدا نییە، کە بەخێراییەکی زۆر دەگاتە زۆرترین ژمارەی وەرگر، بەبێگوێدانە جیاوازی تەمەنو رەگەزو ئاستی خوێندنو ناسنامە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم میدیا نوێیە لەباخچەی منداڵاندا بخرێتە خزمەت پرۆسەی فێربوونو گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکان.

## 2.1 هۆکارەکانی سەرهەڵدانو ژانرەکانی میدیای نوێ

### 2.1.1 هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ

هەموو جۆرە داهێنانێکی نوێ لەبواری راگەیاندنو گەیاندن؛ وەك جۆرێك لەمیدیای نوێ هەژمار دەکرێت، بەڵام سەبارەت بەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی بۆچوونی جیاواز هەیە، "هەندێك لەتوێژەران بەرنامە

راستەوخۆکانی گفتوگۆ لەچلەکانی سەدەی رابردوو بەسەرەتای پەیدابوونی میدیای نوێ دادەنێن، هەندێکی دیکە مارشاڵ ماکلۆهان بیرمەندو فەیلەسوفی کەنەدیو تیۆریستی بواری گەیاندن، بەیەکەم کەس دادەنێن کە لەساڵی (1953)دا چەمکی میدیای نوێی بەکارهێناوە، کاتێك باسی تەکنۆلۆجیای گەیاندنو توانای کۆکردنەوەی زانیارییەکانی کرد"(عقیلە،12-11:2015).

**لەپشت دەرکەوتنی (میدیای نوێ)وە، چەند فاکتەرێك هەیە، دەکرێت بەمشێوەیە کورتبکرێنەوە:**(صبطي،13:2018)

أ. **فاکتەری تەکنیکی:** پێشکەوتنی گەورەی تەکنۆلۆجی لەبواری کۆمپیوتەر، مانگی دەستکردو ئینتەرنێت لەخۆدەگرێت.

ب. **فاکتەری ئابووری:** لەجیهانگیری ئابووریدا، پشبەستن بەسیستمی گەیاندنو میدیای مۆدێرن لەبەبازارکردنی بەرهەمەکاندا دەردەکەوێت.

ج. **فاکتەری سیاسی:** میدیای نوێ بۆ دەربڕینی ئازادانە بەکاردێت، بەبێئەوەی بخرێتەژێر کۆتو بەندەکانی سانسۆرەوە.

### 2.1.2 ژانرەکانی میدیای نوێ

هەرچەندە ماوەی زیاتر لەسێ سەدەیەیە ژانر وەك یەکێك لەوشەکانی ئینگلیزی پەسەندکراوە، بەڵام لەبنەڕەتدا ژانر وشەیەکی فەرەنسییەو لەوشەی (Genus) لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای تیپ یان دەستە دێت. زۆربەی ئەو وشانەی لەڕەگی (Genus) دروستکراون لەپۆلێنکردندا بەکاردەهێنرێن.(هویدی،2021)

بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ژانر بەمانای "گروپێك دێت کە تایبەتمەندی هاوشێوەی هەیەو دابەشکراوە، لەخێزان بچوکترو لەجۆریش گەورەترە".(Hobson,2004:190) کەواتە هەر ژانرێك ئاماژە بەکۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش دەکات، کە توانای پۆلێنکردنی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی دەربڕینی هونەری یان بەرهەمی کەلتوری یاخود میدیایی هەیە.

**دەقی دیجیتاڵی:** ئاماژەیە بۆ یەکگرتنی زۆرێك لەفۆرمەکانی میدیا لەسەردەمی دیجیتاڵیدا؛ دەتوانرێت لەیەککاتدا لەڕێگەی یەك بەرنامەی کۆمپیوتەری هاوبەشەوە دەست بگات بە بڵاوکراوەکانی، دەنگ، ڤیدیۆو گرافیكو کاریان پێبکرێت.(نایار،84:2017)

**وەرگری چالاك:** هەموو هونەرێکی میدیای نوێ کەسییە، لەچوارچێوەی سیستمی بەرنامەکاندا، هەر بەکارهێنەرێکی میدیای نوێ دەبێت لانیکەم بەشێکی هونەرمەندو بەشەکەی دیکەی بەرهەمهێنەر بێت.(نایار،85:2017)

**داڕشتنی دەقەکان:** تائێستا هیچ فۆرمو قاڵبێکی داڕشتن بۆ شێوازی بڵاوکردنەوە لەمیدیای نوێدا نییە، هەربۆیە بەکارهێنەرانی ئامڕازەکانی میدیای نوێ کە پەیامێك بڵاودەکەنەوە، ناچنەژێرباری یاسایەك یان قاڵبێکی دیاریکراوی داڕشتنەوە هەروەك لەئامڕازەکانی میدیای نەریتیدا هەیە؛ ئەمەش بۆ جیاوازی تایبەتمەندیو خەسڵەتە گشتییەکانی ئامڕازەکانی میدیای نەریتیو میدیای نوێ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا هەندێك بنەمای تایبەت بەداڕشتن هەیە کە پێویستە لەکاتی نوسینو بەکارهێنانی وشەو رستە لەمیدیای نوێو نەریتیدا رەچاو بکرێن، ئەوانیش:(راضي والتميمي،2017:109-110)

1. جیاوازی نوسین؛ دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتەکانی میدیاو رەنگدانەوەی لەسەر تەواوی پرۆسەی میدیایی دەبێت، بۆ نموونە لەبواری مەڵتیمیدیادا گرنگیدان بەوێنە لەپێش گرنگیدان بەوشەوە دێت، چونکە وێنەکان وشەکان تەواو دەکەنو کاریگەری بەهێزیان هەیە.
2. دەقی ئەلیکترۆنی گرنگی بەسەردێری کورت دەدات، لەگەڵ لینکی وردەکاریو بابەتەکان.
3. دوورکەوتنەوە لەنووسینی هێڵیو پشتبەستن بەشێوزای دیجیتاڵی ناهێڵی، چونکە ئەوە یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی میدیای نەریتی.
4. پشتبەستن بەشێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە لەڕووی نووسینی گرنگترین ناوەڕۆك لەپێشەکیداو جێهێشتنی وردەکارییەکان بۆ لینکەکان.
5. کارلێکی بەهێز؛ ئەویش لەڕێگەی پرسیارکردن لەوەرگر بۆ گەڕان بەدوای وەڵامەکان، داواکردن لێی بۆ کۆمێنتدان یان دەنگدان لەسەر بابەتی بڵاوکراوە.
6. بەدواداچوون لەسەر بنەمای نوێکردنەوەی دەستبەجێی زانیارییەکان بۆ راکێشانی وەرگر؛ ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نابێت جەوهەری نووسین لەڕووی وردبینیو روونیو سادەیی شێوازەوە، لەمیدیای نوێدا جیاواز بێت لەمیدیای نەریتی، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وەرگر لەمیدیای نوێدا خوێنەرو بینەرو بیسەرە لەهەمانکاتدا.

## 2.2 پۆلێنکردنو ئامڕازەکانی میدیای نوێ

### 2.2.1 پۆلێنکردنی میدیای نوێ

پسپۆڕانو توێژەرانی بواری راگەیاندن، پۆلێنی جۆراوجۆریان بۆ میدیای نوێ کردووەو زۆربەیان میدیای نوێ لەنێوان کۆنو نوێ، ئەنەلۆگو دیجیتاڵ، پێش ئینتەرنێتو دوای ئینتەرنێت دابەشدەکەن، بەڵام ریچارد دەیڤس (Richard Davis)و دیانا ئۆین (Diana Owen) پێیانوایە ئەو دابەشکارییە رەوا نییەو میدیای نوێ درێژەپێدەری میدیای کۆنەو هەردووکیان بەڕێژە سودیان لەتەکنۆلۆجیا بینیوە، واتە میدیای نوێ سودی لەمیدیای نەریتیو کەرەستەکانی بینیوەو سیفاتو تایبەتمەندییەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. ئەوان لەکتێبەکەیاندا بەناونیشانی (میدیای نوێو سیاسەتی ئەمریکی)، میدیای نوێ بۆ سێ جۆر

پۆلێن دەکەن، (میدیای نوێ بەتەکنۆلۆجیای کۆن، میدیای نوێ بەتەکنۆلۆجیای نوێ، میدیای نوێ بەتەکنۆلۆجیای تێکەڵاو)، بەڵام لەئێستادا چەند جۆرێکی دیکە بۆ میدیای نوێ زیاد کراوە، کە توێژەر لێرەدا کۆی جۆرەکان دەخاتەڕوو:

**جۆری یەکەم/ میدیای نوێ بەتەکنۆلۆجیای کۆن:** مەبەستی هەردوو توێژەر لەو پرۆگرامو بەرنامەو کارە ڕۆژنامەوانییانە بوو، کە لەسەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو لەتەلەفزیۆنو رادیۆکاندا سەریانهەڵدا، لەوانەش بەرنامە راستەوخۆکانو ئەو بەرنامانەی کە لەئامادەکردنو پێشکەشکردنو بڵاوکردنەوەیاندا، تەکنۆلۆجیاو کۆمپیوتەر بەکاردەهێنرا.(صادق،39:2019)

**جۆری دووەم/ میدیای نوێ لەڕێگەی تەکنۆلۆجیای مانگی دەستکردەوە:** وەك (کەناڵە ئاسمانییەکان)، کە دابەشبوون بۆ کەناڵی ئاسمانی گشتیو تایبەتمەند لەلایەك کراوەو لەلایەکی دیکەشەوە کۆددار.(تاڵەبانیو ڕێشاوی،33:2020)

**جۆری سێیەم / میدیای نوێ بەتەکنۆلۆجیای نوێ:** ئەم ئاستە دۆخی ئێستا میدیا دەگرێتەوەو ئاماژەیە بۆ ئەو ئامرازانەی کە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت رۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕن، وەك تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، فەیسبووك، تویتەر، یوتیوب، بلۆگەکان، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، ئاژانسەکانی هەواڵی ئەلیکترۆنی، مەڵتیمیدیا.(الدعمي،68:2017)

**جۆری چوارەم / میدیای نوێ بەتەکنۆلۆجیای تێکەڵاو:** لێرەدا دامەزراوەکانی میدیای نەریتی (ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆو تەلەفزیۆنەکان) سود لەتەکنۆلۆجیای نوێ وەردەگرن، بەڵام بەهێشتنەوەی شێوازەکەی پێشویان، بەواتایەکی دیکە سود لەدەرفەتە نوێیەکان دەبینن و لەگەڵیدا دەژین.(صادق،40:2019)

**جۆری پێنجەم/ میدیای نوێ لەڕێگەی ئامێری مۆبایلی زیرەکەوە:** وەك مۆجۆ (مۆبایل جۆرنالیزم)، میدیاکاران سود لەم تەکنۆلۆجیا نوێیە وەردەگرنو لەکاری میدیاییدا بەکاریدەهێنن.(تاڵەبانیو ڕێشاوی،34:2020) سەرباری ئەوەش ئەپەکانی ناو مۆبایل لەبوارەکانی دیکەشدا بەتایبەت بواری پەروەردەو خوێندن سودی لێوەردەگیرێتو مامۆستایان لەناوەندەکانی خوێندندا بەکاریدەهێنن.

### 2.2.2 ئامرازو خزمەتگوزارییەکانی میدیای نوێ

ئامرازو خزمەتگوزارییەکانی میدیای نوێ زۆرنو بەتێپەڕبوونی کاتیش هەمەجۆرتر دەبنو گەشە دەکەن، لێرەدا دیارترینیان دەخەینەڕوو:

1- **ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی (Electronic press):** ئەو ئامرازو بڵاوکراوانەن، کە دەتوانرێت لەڕێگەیانەوە هەواڵو خزمەتگوزاری ڕۆژنامەوانی، بەسەرجەم ئەو فۆرمانەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەردەستە؛ پێشکەش بکرێ، ئەویش بەبەکارهێنانی دەقو گرافیكو ئەنیمەیشنو هەندێك تایبەتمەندی کارلێکردن.(صبطي،53:2018)

2- **سەکۆکانی گفتوگۆ (Discussion forums):** بریتین لەو پانتاییانەی کە لەسەر ئینتەرنێت دەستبەرکراون و تێیاندا ئاڵوگۆڕی بیروڕاو و گفتوگۆ سەبارەت بەکۆمەڵێك لەو دۆزانە دەکرێت، کە خراونەتە بەرباس و زانیاری و باری سەرنج لەبارەیانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت".(الغفيلي،39:2017)

3- **بلۆگەرەکان (Blogs):** گوزارشت لەماڵپەرێك دەکەن لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لەلایەن سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرو کەسانی دیارەوە بەکاردەهێنرێن بۆ خستنەڕووی دیدوبۆچوون و سەرنجەکانیان لەسەر بابەتی دیاریکراو.(صادق،196:2019)

4- **ماڵپەڕی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئەلیکترۆنی (Radio and television website):** ئەو کەناڵە بیستراو و بینراوانەن، کە پشتبەستوو بە تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت و بەکوالیتییەکی بەرز، پەیامی میدیایی بیستراو و بینراو ئاڕاستەی گوێگران و بینەران دەکەن.(صبطي،53:2018)

5- **ڕادیۆو کەناڵە ئاسمانییەکان (Radio and satellite channels):** ئەو میدیا بیستراو و بینراوە نوێیانەن، کە لەڕێگەی تەکنۆلۆجیای مانگی دەستکردەوە بەشێوەی سیستمی دیجیتاڵی، پەخشی میدیایی خۆیان ئاڕاستەی گوێگران و بینەرانیان دەکەن.(تاڵەبانی و ڕێشاوی،37:2020)

6- **تێکەڵکردن (Mashups):** ماڵپەڕێکە داتای زیاتر لەسەرچاوەیەکەوە بۆ یەك ئامرازی یەکگرتوو کۆدەکاتەوە. سەرچاوەی داتاکانیش، زۆرجار نەخشەی ئەلیکترۆنی لەخۆدەگرێت، وەك نەخشەی گۆگڵ، هەروەها داتا بەیس وەك ماڵپەرە بازرگانییەکان.(شفيق،67:2015)

7- **ڕیکلامی ئەلیکترۆنی (Electronic advertising):** بەکارهێنانی ماڵپەرە جیاوازەکانە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام، بەئامانجی بانگەشەکردن بۆ کاڵایەك یان بەرهەمێك و گەیاندنی بەزۆرترین توێژ لەناو کۆمەڵگەدا.(صبطي،53:2018)

8- **ماڵپەڕە کەسی و دامەزراوەیی و تایبەتییەکان (Personal, institutional and private websites):** نمایشی- تێکڕای ئەو میدیا نوێیانە دەکات، کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی خزمەتگوزاری میدیایی بڵاودەکەنەوە.(تاڵەبانی و ڕێشاوی،36:2020)

9- **تۆڕەکانی ئینتەرنێت (Internet networks):** بریتین لەکۆکراوەی ملیۆنان وێبسایت و پۆرتاڵ، کە هەندێکیان دەگەنە ملیۆنان لاپەڕەو هەندێکی دیکەشیان لەیەك لاپەڕە پێکهاتوون. ئامانجی ئەم تۆڕانە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، پەیامی پەروەردەیی، پشوبەخشی و ئەرکەکانی میدیایە بەشێوەیەکی گشتی، کە لەچوارچێوەی تۆڕەکەدا وەك ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ئەپڵیکەیشنەکانی دیکە پەرەیپێدراوە.(صادق،91:2019-99)

10- **شێرینی ڤیدیۆو وێنەکان (Videos and Photos Sharing):** بریتین لەو پێگانەی میدیای نوێ، کە ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدەن ڤیدیۆو وێنەکانیان لەگەڵ هاوڕێیانیان لەسەر وێب شێر بکەن،

لەدیارترینیان یوتیوب، هەروەها (Flickr) کە یەکێکە لەبەناوبانگترین ماڵپەرە وێنەییەکان لەسەر ئینتەرنێت.(شفیق،67:2015)

11- **کتێبخانەی ئەلیکترۆنی (Electronic library):** کتێبی ئەلیکترۆنی؛ بریتییەلە کۆمەڵێك لاپەڕەی نوسراو بەسەرجەم شێوەکانی نوسین‌و وێنەی هەڵگیراو بەشێوەیەکی دیجیتاڵی‌و کۆکردنەوەی لەیەك فایلدا.

12- **ئینسکلۆپیدیای کراوە (Free Encyclopedia):** ئینسکلۆپیدیایەکە کە هەر بەکارهێنەرێك دەتوانێت دەستکاری زانیارییەکانی بکات‌و هەمواری بکاتەوەو بابەتی نوێ تێدا دابنێت. سایتی ویکیپیدیا کە ساڵی 2001 لەلایەن جیمی ویڵزو لاری سانجێرەوە دامەزرێنرا، بەزیاتر لە (283) زمانی جۆراوجۆری زانیاری‌و بابەت‌و وتاری جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە" (لیفنسون،130:2015)، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت دەتوانێت دەستکاری زانیارییەکان بکات، بۆیە لەڕووی ئەکادیمییەوە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتی پێنابەسترێت.

13- **فۆرسکوێر (Foursquare)و ئامێرەکان:** هەرچەندە بەکارهێنەری زۆر نییە، بەڵام ئەمجۆرە لەچوونە ناوەوە هیچ جۆرە تایبەتمەندییەك ناهێڵێتەوە، چونکە شوێنی کەسی بەکارهێنەر ئاشکرا دەکات کە لەوساتەوەختەدا چی دەکات‌و لەکوێیە؟ ئەمەش تایبەتمەندی ناهێڵێت.(لیفنسون،228:2015)

14- **پۆدکاست (Podcast):** تێکەڵەیەکە لەزاراوەی ئای پۆد "iPod"و پەخشکردن "broadcast"، بریتین لەفایلە دەنگی یان ڤیدیۆییەکان کە بەکارهێنەر دەتوانێت لەسەر کۆمپیوتەر یان لەسەر چەندین ئامێری میدیایی جۆراوجۆری دیکە گوێیان لێبگرێت یان تەماشایان بکات.(شفیق،68:2015)

15- **مۆجۆ (Mobile Journalism):** شێوازێکی نوێی کاری میدیاییە، میدیاکاران بۆکاری میدیایی رۆژانە، گەر بەشێوەی تۆمار کراو بێت یان راستەوخۆ، بەکاریدەهێنن.(تاڵەبانی‌و رێشاوی،39:2020) هەروەها پراکتیزەکردنی گەیاندن لەڕێگەی تەلەفۆنەوە؛ وەك (وەتسئەپ، ڤایبەر، تلیگرام، ..هتد).

16- **پوختە (RSS Feeds)[1]:** تەکنۆلۆجیای (RSS) رێگە بەسایتەکان دەدات کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پوختەیەك لەناوەڕۆکەکانیان بۆ بەکارهێنەرانیان بخەنەڕوو، بۆئەوەی بەکارهێنەر بتوانێت نوێترین پێشهاتەکانی ماڵپەرەکە ببینێت بەبێئەوەی پێویست بکات سەردانی بکات.(شفیق،68:2015)

---

[1] (RSS) کورتکراوەی (Really Simple Syndication)ە، بەواتای پوختەیەکی کورتکراوەی سایتەکە دێت، سەرباری ئەوەش دەرفەت بەماڵپەرە جیاوازەکان دەدات، پوختەیەك لەهەواڵ‌و زانیاری سایتەکانی دیکەش بڵاوبکەنەوە، بۆئەوەی خوێنەران بتوانن ئاگاداری دواین زانیارییەکان بن، بەبێئەوەی بەجیا سەردانی هەر سایتێك بکەن.

**17- نامە ناردن (Texting):** نامە ناردن ڕێگایەکە بۆ ناردنی زانیاری بۆ مۆبایلەکانو هەندێك ئامرازی دیجیتاڵی کەسی (PSA)[2] پشتبەستوو بەخزمەتگوزاری تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت.(شفيق،69:2015)

**18- کەرەستەکانی کارلێکردنی گەیاندنی ئەلیکترۆنی ( Electronic interactive communication tools):** بریتین لەکۆمەڵێك کەرەستەی دیجیتاڵی کە ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدەن بەشێوەی نوسینو دەنگ، بەردەوامی بەپرۆسەی گەیاندنو پەیوەندیکردن بدەن، وەك ئیمەیڵ، ژوورەکانی چاتکردن، کۆنگرەکانی کارلێکردن، بۆردی گفتوگۆو بڵاوکردنەوە لەگەڵ سمارت بۆردی فێرکاری.(صبطي ومتولي،123:2018)

**19- ڤیدیۆ تێکست (Videotext):** سیستمێکی گەیاندنی زانیاریی کارلێکردنە، پشت بەگۆڕینی تەلەفزیۆن بۆ ئامرازێکی گواستنەوەی زانیاری دەبەستێت، ئەویش بەبەستنەوەی ئامێری تەلەفزیۆن بەکۆمپیوتەرو تۆڕی هێڵەکانی تەلەفۆنەوە.(الساعي،83:2021)

**20- سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social networking sites):** بریتین لەکۆمەڵێك تۆڕی گریمانەیی لەسەر ئینتەرنێت کە لەڕێگەیانەوە دەتوانرێت پرۆسەی بەکۆگەیاندن ئەنجامبدرێت، واتە گەیاندنی زانیاریو ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بەبابەتە سیاسیو ئابووریو ڕۆشنبیرییەکان، بەجۆرێك کە لەتۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ تۆڕێکی دیکە جیاوازە. گرنگترینیان (فەیسبوك، تویتەر، یوتیوب، ئینستاگرام، لینکدین، sms، مای سپەیس).(شفيق،68:2015)

## 2.3 وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵاندا

وانەوتنەوە کردەیەکی ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراوە،و ئامانجی پەروەردەیی خۆیی هەیە، کە لەڕێگەی ئەنجامدانی چەندین کردەی بنەڕەتی وەك: پلاندانان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن، فیدباكو پەرەپێدانەوە، هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.(السفياني،29:2020) ڕێگای وانەوتنەوە کۆمەڵێك هەنگاو و ڕێکارو پەیڕەو و کارامەیی ئامانجدارە، کە مامۆستا لەگەڵ منداڵەکاندا پەیڕەوی دەکات،و پلانی داناوە بۆئەوەی لەکاتی وانەوتنەوەدا بەکاریبهێنێت، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە پەروەردەییە دیاریکراوەکان بەئاسانترین شێوەو کەمترین کاتو خەرجیو زۆرترین کاریگەری، کە چەندین شێوازو دەروازەو چالاکی هەملایەن لەخۆدەگرێت.(سعداوي،18:2015) بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ڕێگای وانەوتنەوە هەیە:

**یەکەم / ڕێگای نەریتییەکانی وانەوتنەوە:** لەسەر کۆمەڵێك ستراتیجی سادە دارێژراون، کە وەك پێویست ئامانجە سەرەکییەکانی فێربوون بەدیناهێنن، گرنگترین ئامانج کە دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە بەدەستبهێنرێت ئەوەیە کە خوێندکار تا چ ڕادەیەك زانیارییەکان وەردەگرێتو لای خۆی دەیانهێڵێتەوەو

---

[2] یاریدەدەری دیجیتاڵی کەسی (Personal digital assistant): بریتییە لەخزمەتگوزارییەکی بەرنامەکراو، کورتکراوەکەی (PDA)، سیستمێکی کۆمپیوتەری بچوکە، کە دەتوانرێت وەك مۆبایلو وێبسایت کاری لەسەر بکرێت، بۆ دروستکردنی ڕاپۆرتو خشتەی ئەلیکترۆنی.

لەبیریان ناکات، لێرەدا جیاوازی تاکەکەسی نێوان خوێندکار یان منداڵ لەبەرچاو ناگیرێت، چونکە زیاتر پشت بەتاقیکردنەوە دەبەسترێت و لەسەر ئەو بنەمایەش بڕیاردەدرێت.(علی وياسين،152:2022) سێ جۆری هەیە، بریتین لە:

1- **وتاردان:** یەکێکە لەکۆنترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەهەوڵی مامۆستا یان وانەبێژ دەبەسترێت بۆ شیکردنەوەو وردەکاری زانیارییەکانی ئەو بابەتەی کە فێری خوێندکار یان منداڵ دەکرێت، پسپۆڕانی پەروەردەو ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەڕێگایەکی هەواڵی وەسفی دەکەن.(السفياني،33:2020) ئەم ڕێگەیە بەسوود بۆ ئەو وتارانەی کە پەیوەندیدارن بەبەرزکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی، تەندروستیو خۆپارێزی لەکارەسات، هۆشیاری ئاینیو ڕۆشنبیریو هەموو ئەو بابەتانەی کە پێویست دەکات بگەیەنرێت بەژمارەیەکی زۆر لەوەرگر. لێرەدا مامۆستا پشت بەهەندێك لەو ڕێکارانە دەبەست، کە مامۆستایانی دیکە پەیڕەوی دەکەنو هیچ جیاوازییەك لەشێوازەکاندا نییە، ئەوانیش ئەمانەن:(علی وياسين،152:2022)

أ. مامۆستا لەڕێگەی بەکارهێنانی تەختەڕەشەوە وانەکە دەڵێتەوە.

ب. مامۆستا بیرۆکەکان ڕێکدەخاتو یەك لەدوای یەك ڕوونی دەکاتەوە.

ج. خوێندکار تەنیا گوێگرەو ئەوەی پێی دەوترێت بەباشی دووبارەی دەکاتەوەو هیچی تر.

2- **دیالۆگ:** جۆرێکە لەگفتوگۆی زارەکی لەنێوان مامۆستاو خوێندکار یان منداڵدا، بەشێوەی پرسیارو وەڵام، بەمەرجێك کە ببێتەهۆی گەیشتن بەزانیاریو چەمکە سەرەکییەکانی بابەتی گفتوگۆ لەسەرکراو، هەندێکجار گفتوگۆی بەرهەمدار بۆ کاراکردنی ڕێگای وتاردان بەکاردەهێنرێت.(القيسي،111:2018) ئەم ڕێگەیە جۆرێك لەداهێنانی تێدایەو جیاوازە لەڕێگەی وتاردان، بەوپێیەی کە دەرفەت دەردێت بەمنداڵ یان خوێندکار تاوەکو قسە بکات، بەمشێوەیە گفتوگۆیەکی زارەکی لەنێوان مامۆستاو منداڵ دروست دەبێت، هەلی ئەوە بۆ منداڵەکە دەرەخسێت پرسیار بکات، لێرەدا منداڵ یان خوێندکار تەنیا ئامێرێك نییە، بەڵکو وەردەگرێتو وەڵامیش دەداتەوەو هەندێکجار کاردانەوەشی دەبێت.

- **کرداریو نواندن:** ڕێگای کرداری بەرکاردەهێنرێت بۆئەوەی خوێندکار یان منداڵ ڕاهێنان بکات لەسەر ئامێرو کەرەستەکانو بەکارهێنانو دروستکردنو کارپێکردنیان یان ئەنجامدانی هەندێك تاقیکردنەوە، وەك: بەراوردکردنی سەرئاوکەوتنو ژێرئاوکەوتنی تەنە سوكو قورسەکان.(جمعة،83:2011) لەتوێژینەوەکانی تایبەت بەڕێگاکانی وانەوتنەوە، نواندن زۆرترین ناوبانگی هەیە، بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی بابەتە مێژوویيو ئەدەبییەکان کە پێویستیان بەنواندن هەیە، لێرەدا مامۆستا جوڵەکانی نواندن دەکاتو منداڵەکانیش بەدوای ئەودا دووبارەی دەکەنەوە.

بەڵام بابەتی زانست پێویستی بەکرداریو چونەدەرەوە هەیە. هەرچەندە ئەم رێگایە یەکێکە لەرێگا نەریتییەکان، بەڵام سەرکەوتووترە، چونکە وادەکات زانیارییەکان لەمێشکدا چەسپاو بن.(علی ویاسین،153:2022)

**دووەم / رێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە:** بەپێی تیۆری نوێی وانەوتنەوە، گواستنەوەی زانیاری تاکە ئەرکی وانەوتنەوە نییە، بەڵکو ئامانجی چالاکییە پلان بۆ دارێژراوەکان، بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانە بۆ فێرخوازانو منداڵان، بۆیە کاری مامۆستا تەنیا لەگەیاندنی زانیارییەکاندا سنوردار نابێت، رۆڵی فێرخوازانو منداڵانیش تەنیا لەبەرکردنی ئەو زانیارییانە نییە کە دەیبیستن، بەپێی تیۆری نوێ خوێندکار یان منداڵ چەقی کردەی وانەوتنەوەیە، لێرەشەوە ئەرکی مامۆستا کەم دەبێتەوەو رۆڵی خوێندکار یان منداڵ زیاد دەبێت.(شعلان وناجی،31:2011) گرنگترین رێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە ئەمانەن: گفتوگۆ، چارەسەری کێشەکان، فێربوونی دۆزینەوە، پرۆژەو بنیاتنان، یاری، فێربوونی ئەلیکترۆنی، فێربوونی بەبەرنامەو رێکخراو.(السفياني،2020:41-65) هەروەها رێگای کارکردنی بەکۆمەڵ، پاکێجی زانستو زانیاری، رێگای بازنە، فێربوون بەهاندان، خود فێربوون.( علی ویاسین،2022:153-155) جیاوازی لەنێوان رێگای وانەوتنەوەو شێوازی وانەوتنەوەدا هەیە، "مەبەست لەرێگای وانەوتنەوە، هەنگاوی ئامادەکراوی پێشوەختە کە لەلایەن مامۆستاوە پەیرەو دەکرێت بۆ چۆنیەتی وانەوتنەوە، بەشێکی دانەبڕاوە لەپرۆگرام و بەمانا فراوانەکەشی گوزارشتە لەپایەی چوارەکی وانەوتنەوە: مامۆستا-خوێندکار یان منداڵ-بابەت-رێگای وانەوتنەوە.(القيسي،107:2018) بەڵام شێوازی وانەوتنەوە "بریتییە لەو جۆرو تەکنییە تایبەتیانەی کە مامۆستا پەسەندی دەکات بۆئەوەی ئەزموونو شارەزاییەکانی بۆ منداڵ لەکاتی وانەوتنەوەدا بگوازێتەوە، هەروەها بۆ جیاکردنەوە لەمامۆستاکانی دیکە سەرباری ئەوەی رێگای وانەوتنەوەکەیان وەك یەکە.(سعداوي،19:2015) هەربۆیە دەکرێت رێگاکانی وانەوتنەوە لەنێوان مامۆستایاندا لێکچوو بن، بەڵام شێوازەکان لەمامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی دیکە جیاوازە.

### 2.3.1 رێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە لەباخچەدا

لەم سەردەمەدا رێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە هەمەلایەن بوون، گرنگترینیان ئەمانەن:

1. **فێربوونی بیرکردنەوە:** ئەم رێگەیە مافی بیرکردنەوەی ئازاد بۆ خوێندکار یان منداڵ دەستەبەردەکات، ئەویش لەرێگەی رەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆئەوەی بەبێ فشارو هاندان بیر لەبیرۆکەی نوێ بکاتەوەو بگاتە داهێنان، ئەمەش دەرفەت بەخوێندکار یان منداڵ دەبەخشێت بۆ گەیشتن بەتوانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان.(علی ویاسین،153:2022)
2. **فێربوونی ئەلیکترۆنی:** بریتییەلە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێو ئینتەرنێت بۆ پەرەپێدانی کوالیتی پەروەردەو دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوەو خزمەتگوزارییەکان.(السفياني،61:2020) بەواتایەکی دیکە

ڕێگەیەکی فێرکردنە بەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن کە کۆمپیوتەر، تۆڕی ئینتەرنێت، مەڵتیمیدیا (دەنگ، وێنە، گرافیك)، کتێبی ئەلیکترۆنی، پۆرتاڵی ئینتەرنێت لەخۆدەگرێت جا لەدوورەوە بێت یان لەناو پۆلدا، گرنگ ئەوەیە هەموو جۆرە ئامرازێکی تەکنۆلۆجیا بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی زانیاری بەمنداڵ بەکەمترین کاتو زۆرترین سود.

3. **فێربوونی هاوبەش:** یەکێکە لەستراتیجە فێرکارییەکان، کە خوێندکاران یان منداڵان لەناو گروپی بچوك بچوکی جیاوازدا کاردەکەن بۆ گەیشتن بەئامانجێکی پەروەردەیی هاوبەش.(شعلان وناجی،194:2011)
4. **گفتوگۆ:** لەسەر بنەمای گفتوگۆی هاوبەشی نێوان مامۆستاو خوێندکار یان منداڵ دەوترێتەوە، دەکرێت لەشێوەی پرسیارو وەڵامدا ئەنجامبدرێت، جا لەمامۆستاوە بێت یان منداڵ، تێیدا بۆچوونی هەردوولا دەخرێتەڕوو.(متولي،34:2012)
5. **دۆزینەوە:** ئەم شێوازە گرنگی بەپرۆسە فکریو عەقڵییەکانی منداڵ دەدات، بۆیە منداڵ پێویستی بەڕێکخستنەوەی زانیارییەکانی پێشووی هەیە، تاوەکو بتوانێت کردەی دۆزینەوەکە جێبەجێ بکات، بیرۆکەی فێربوون لەڕێگەی گەڕانو لێکۆڵینەوەو پشکنین، دەرفەت بەمنداڵ دەدات کە زانیاریو چەمکەکان پێکەوە ببەستێتەوە بۆئەوەی دۆزینەوەیەکی باش ئەنجامبدات.(جمعة،95:2011) بۆنموونە: دۆرزینەوەی پیتێك لەناو کۆمەڵێك پیتی دیکەدا یان دۆزینەوەی جیاوازییەکان لەنێوان دوو شتی لێکچوودا.
6. **چارەسەرکردنی کێشەکان:** ئەم ستراتیجە نزیکە لەفێربوون بەدۆزینەوە، لەسەر بنەمای هاندانی منداڵ بۆ چارەسەرکردنی زانستیانەی ئەوکێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بنیاتنراوە، ئەویش لەڕێگەی بەگەڕخستنی عەقڵو هاوکاری هاوڕێیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دروست، ئەم شێوازە وادەکات منداڵ زیاتر متمانە بەخۆی بکاتو فێربوون بەکارکردنو بەکارهێنانەوە دەبەستێتەوە.(القيسي،127:2018)
7. **یەکەکان:** وەك بیرۆکەیەك بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی پرۆگرامە نەریتییەکان هاتەکایەوە، کە تێیدا مادەکە دابەشدەکرێت بەسەر یەکەکاندا، هەریەك لەیەکەکانیش چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، کە هەموویان پەیوەندیدارن بەمادەکەوەو وا لەمنداڵ دەکەن بەئەزموونی جۆراوجۆردا تێپەڕ ببێت.(فرج،136:2005)
8. **بازنە:** یەکێکە لەو ڕێگا سەرکەوتووانەی کە لەقۆناغە نوێیەکانی فێربووندا پەیڕەو دەکرێت، ژمارەیەك کورسی دیاریکراو بەشێوەی بازنەیەکی بچوك دادەنرێن، پاشان کورسی دیکە بەبازنەی فراوانتر

بەدەوری بازنەی یەکەمدا ریزدەکرێن، هەمووان بەشداریدەکەن لەوەڵامدانەوە یان چارەسەرکردنی کێشەیەك کە یەکێك لەمنداڵەکان یان مامۆستا دەیخاتەڕوو.(علی وياسين،2022:154)

9. **وەسفکردن:** بریتییەلە وەسفکردنی بابەتی وانەوتنەوە، ساڵنامە یان سروشتی ئاژەڵان یاخود وەسفکردنی ناوچەکان، بەشێوەی زارەکی، کاتێك کە ئامرازەکانی دیکە بەردەست نەبێت وەك ئامرازەکانی گەیاندنی پەروەردەیی، بابەتەکە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش وەسف دەکرێت، بۆئەوەی منداڵ لەمێشکیدا بمێنێتەوەو لەبیری نەکات.(فرج،2005:148)

10. **ڕێگەی نواندن:** یەکێکە لەڕێگە نوێییەکانی وانەوتنەوە، بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێك کارامەیی ژیان، لێرەدا منداڵ خۆی دەبێتە کارەکتەرو لەمیانەی شانۆیەکدا هەندێك رۆڵ دەگێڕێت، بەمەبەستی هاوشێوەکردنی واقیعو گەیشتن بەهەندێك ئامانج لەچوارچێوەی پێوەرە دیاریکراوەکاندا، ئەم ڕێگەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەندێك کێشەی دەروونی لای ئەو منداڵانەی کە گۆشەگیرو شەرمنن، یارمەتیان دەدات بۆئەوەی تێکەڵ بەتیمی هاوڕێیان ببن.(متولي،2012:40)

11. **تاقیکردنەوە:** بەڕێگای پرسیارکردن ناودەبرێت، ئەگەرچی ڕێگایەکی کۆنە، بەڵام تائێستاش یەکێکە لەباوترین ڕێگاکانی فێرکردن،کە بەهۆیەوە رەفتاری منداڵ چاودێری دەکرێت، بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕادەی گەیشتن بەئامانجەکان، ئەویش بەدانانی کۆمەڵێك پرسیار کە پێویستە خوێندکار یان منداڵ وەڵامیان بداتەوە، پاشان وەسفکردنی وەڵامەکان بەپێوەری ژمارەکان (دانانی نمرە).(القيسي،2018:114)

12. **فێربوون بەیاریکردن:** بریتییەلە بەکارهێنانی چالاکیو یاری هەمەلایەن بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەو نزیکردنەوەی بنەما زانستییەکان لەمنداڵانو فراوانکردنی ئاسۆی مەعریفییان، کۆمەڵێك یاری کاریگەرییان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانو پەرەپێدانی داهێنانو دەرخستنی جیاوازی تاکایەتی هەیە لای منداڵ، لەم ڕێگەیەوە ناوێکی گونجاو بۆ یارییەکە هەڵدەبژێردرێت، بەجۆرێك کە منداڵ هەر بەبیستنی ناوی یارییەکە، ئەو ڕێکارانە دەناسێتەوە کە لەکاتی یارییەکەدا ئەنجامدەدرێت، جا بازدان بێت یان راکردن یاخود زیادکردنو ژماردن بێت.(شعلان وناجی،2011:74)

13. **چیرۆکەکان:** بەبیرۆکەو ململانێی کارەکتەرەکانو ئاڵۆزی ڕووداوەکانو وێناکردنی هەستو سۆزی مرۆڤەکانو کاتو شوێنی ڕووداوەکان، سەرنجی خوێنەرانو بیسەران رادەکێشنو هانیان دەدەن گرنگی بەچارەنووسی پاڵەوانەکان بدەن. منداڵ لەڕێگەی کارلێکردن لەگەڵ کارەکتەرو ڕووداوەکان، چێژ لەچیرۆك وەردەگرێت، گەشەی زمانەوانی دەوڵەمەند دەکات، هەروەها بەدابو نەریتو بەها

کۆمەڵایەتییەکان ئاشنای دەکات‌و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ بەرامبەرەکەی بەهێز دەکات.(جابر،2014:253-254)

**14.پاداشت‌و هاندان:** بیرۆکەی بەخشینی خەڵات‌و دیاری، یەکێکە لەو شتە تایبەتانەی کە لای منداڵان پەسەندەو گرنگە بەلایانەوە، بۆئەوەی منداڵ لەسەر فێربوون بەردەوام بێت، پێویستە بەردەوام خەڵات بکرێت‌و هانبدرێت، چونکە بێگومان ئەمە کاریگەری ئەرێنی لەسەر توانا هەنووکەییەکانی منداڵ‌و تەندروستی دەروونی دەبێت.(مریم،2019)

**15.فێربوونی تێکەڵاو:** یەکێکە لەستراتیجەکانی فێربوون‌و سوود لەسەرجەم توانا‌و ئامڕازە تەکنۆلۆجییەکانی بەردەست وەردەگرێت، ئەویش بەتێکەڵکردنی زیاتر لەشێوازو ئامرازێکی فێربوون، چ نەریتی بێت یان ئەلیکترۆنی، بەمەبەستی پێشکەشکردنی جۆرێکی نوێ لەفێربوون کە لەلایەك لەگەڵ تایبەتمەندی‌و پێداویستییەکانی منداڵداو لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ سروشتی پرۆگرام‌و ئەو ئامانجە پەروەردەییانەدا بگونجێت، کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین.(سعداوي،2015:81)

**16.مۆدێل:** منداڵ ئەو نموونەیە هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت هاوشێوەی بێت، دیارترین لایەنە ئەرێنییەکانی ئەو کارەکتەرە دەخاتەڕوو کە سەرسامە پێی، لەگەڵ ئەو شتانەی کە دەیەوێت لێیەوە فێر بێت.(مریم،2020)

**17.سەردانی مەیدانی:** یەکێکە لەڕێگا سەرکەوتووەکان دادەنرێت، کە لەوانەوتنەوەدا بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی منداڵ جیهانی دەوروبەری خۆی دەدۆزێتەوەو دەزانێت لەدەرەوە چی ڕوودەدات.(سعدواي،2015:52) لێرەدا مامۆستا یاوەری منداڵەکان دەکات بۆئەوەی سەردانی شوێنێکی گشتی یان پارکێك یاخود شوێنێکی مێژوویی بکەن، ئەم ڕێگەیە یارمەتیدەرە بۆئەوەی منداڵ ئەو زانیارییانەی لەبارەی مێژوو و شوێنەکانەوە وەریدەگرێت، لەبیریان نەکات.

### 2.3.2 ڕۆڵی مامۆستای باخچە لەپراکتیزەکردنی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاوە بەسەر ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوەدا هات، ڕۆڵی مامۆستاش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێی گەیاندن، مانای ئەوە نییە کە ئیتر ڕۆڵی مامۆستا نەماوە، بەپێچەوانەوە ڕۆڵەکەی گرنگترو قورستر بووە، چونکە کەسێکی داهێنەرو خاوەن لێهاتوویی بەرزەو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەلێهاتووییەوە بەڕێوەدەبات‌و کار بۆ گەیشتن بەخواستەکانی پێشکەوتن‌و تەکنۆلۆجیا دەکات. بۆیە لەم سەردەمەدا مامۆستا نەك تەنیا پێویستی بەڕاهێنان هەیە، بەڵکو پێویستی بەوەش هەیە بەردەوام زانیارییەکانی نوێ بکاتەوەو هاوکاری لەشارەزایان وەربگرێت، بۆئەوەی باشترین ڕێگاکان بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لەوانەوتنەوەدا پەیڕەوبکات.(حمد،2015:279) بەتایبەت مامۆستایانی باخچەی منداڵان، چونکە منداڵ

زیاتر لەهەموو کەس بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیاو میدیای نوێ هەیەو بەنەوەی سمارت وەسفدەکرێن.

ئەو ئامرازانەی تەکنۆلۆجیاو میدیای نوێ کە دەکرێت مامۆستایانی باخچە لەکاتی پێشکەشکردنی وانەدا بەکاربهێنن:(حمد،282:2015)

1- کەرەستەی چاپکراو وەك: (پرۆگرامی پەروەردە، رێنمایی، خول).
2- تەکنۆلۆجیای دەنگی وەك: (کاسێت، پەخشی رادیۆیی، تەلەفۆن).
3- وێنەی ئەلیکترۆنی وەك: (بۆردی ئەلیکترۆنی - سمارت بۆرد، فاکس).
4- تەکنۆلۆجیای ڤیدیۆیی وەك: (تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و کەناڵی منداڵان، ڤیدیۆی کارلێکەر، شریتی ڤیدیۆیی، سیدی ڤیدیۆیی).
5- کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، وەك: (کۆمپیوتەری فێرکاری، گەیاندنی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی ئیمەیلەوە، ئینتەرنێت، چاتی ڤیدیۆیی).
6- داتاشۆ، ئەپڵیکەیشنەپەروەردەییەکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

### 2.3.3 گرنگی هۆشیاری تەکنۆلۆجی بۆ مامۆستای باخچە

بەهۆی رۆڵی هەمەلایەنەی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندنەوە، تا دێت ئارەزووی بەکارهێنانیان لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا پەرەدەسێنێت، چونکە چەندین لێکۆڵینەوە ئەوەیان سەلماندووە کە تەکنۆلۆجیای پەروەردەیی بەتایبەتی لەباخچەی منداڵاندا کاریگەری ئەرێنی لەسەر باشترکردنی پرۆسەی فێربوون هەیە، "ئەمەش وایکردووە پێویستی ئامادەکردنی مامۆستای باخچە بایەخی زۆری پێبدرێت، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا گونجاو بێت، هەروەك چۆن مامۆستای باخچە رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لەپەروەردەکردن، ئاڕاستەکردن، پەیڕەوکردنی تەندروستیانەی سیستمی خواردن لەژیانی رۆژانەدا، هەروەها رۆڵی هەیە لەگەشەکردنی عەقڵیو جەستەییو کۆنترۆڵکردنی رەفتارەکان، بەهەمانشێوە هۆشیاری تەکنۆلۆجی مامۆستای باخچە رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەئەنجامی ژینگەی تەکنۆلۆجییەوە سەرهەڵدەدەنو پەیوەندی بەو دۆخەی ژیانی ئێستاوە هەیە کە منداڵ لەگەڵ ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیادا بەرکەوتنی دەبێت، کە لەدەرئەنجامدا کاریگەری نەرێنی هەم لەسەر تەندروستی منداڵ و هەم لەسەر پەیوەندییەکانی لەناو کۆمەڵگەدا دەبێت، لێرەدا هۆشیاری تەکنۆلۆجی مامۆستا یارمەتیدەر دەبێت بۆ راستکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکان".(عثمان وآخرون،74:2012) هەروەها "لەسیستمی نوێی پەروەردەدا خوێندکار چەقی پرۆسەی فێربوونو فێرکردنە، بۆئەمەش سود لەتواناو رێگای هەمەلایەن وەردەگیرێت بۆ ئامادەکردنی لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا، جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەئەزموونو شارەزاییو هۆشیاری مامۆستای باخچە هەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەکنۆلۆجیا

مۆدێرنانەدا، ئەمە سەرباری ڕەهەندە دەروونیو تەندروستییەکان".(الحسنات،14:2014) لێرەدا مەبەست لەتوانای منداڵە بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتەکانی، پابەندبوون بەخوێندن بەبێ فشاری دەرەکی، ڕێزگرتن لەبەها ئاکارییەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێدا، هەروەها بەرزی کورسی، قەبارەی شاشەی کۆمپیوتەر، مانەوەی زۆر لەبەردەم شاشەو ڕاهێنانی پەنجەکان لەسەر نووسین.

### 2.3.4 ڕۆڵی باخچەی منداڵان لەسەردەمی تەکنۆلۆجیای نوێدا

باخچەی منداڵان بەقۆناغی ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی بنەڕەتی دادەنرێت، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە ئەو منداڵانەی باخچەیان بینیوە باشتر خۆیان لەگەڵ قۆناغی بنەڕەتی گونجاندووە، بەراورد بەوانەی کە باخچەیان نەبینیوە.(العمراني،24:2014) چونکە باخچەی منداڵان ئەزموونی بەردەوام لەڕووی زانیاریو کارامەیی زانستییەوە پێشکەش دەکەن، کە سود بەگەشەی عەقڵیو جەستەییو تەندروستی منداڵ دەگەیەنێت، ئەویش لەڕێگەی بەخشینی ئازادی تەواوی جوڵەو یاریکردن بەمنداڵ تا ئەوکاتەی خۆی لەناو هاوەڵەکانیدا دەدۆزێتەوە.(شعلان،5:2011) گرنگی باخچە لەوەدایە، کە بەبەکارهێنانی چەندین ڕێگاو شێوازی وانەوتنەوە، منداڵ فێری پیتەکان، ژمارەکانو هەندێك وشەی گرنگ دەکات، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەژینگەی دەوربەریدا بەکاردەهێنرێت، ڕۆڵو کاریگەریی باخچەکان لەپەروەردەکردنی منداڵ بەجۆرێك گەشەیکردووە، کە کۆمەڵگەکان چاوەڕوانییەکی زیاتریان لەباخچەکان هەیە، بەوپێیەی کە پرۆسەی فێربوون لەقۆناغەکانی دیکەدا ئاسانتر دەکات. بەڵام ئەم ڕۆڵەی باخچەکان کاتێك بەرجەستە دەبێت، کە ئامرازو کەرەستە پێویستەکانی تەکنۆلۆجیاو میدیای نوێ لەباخچەکاندا هەبن، بۆئەوەی مامۆستایان بتوانن بەڕێگەو شێوازی هەمەلایەن وانە بڵێنەوە.

## 2.4 ئامرازە سەرەکییەکانی میدیای نوێ لەبواری پەروەردەو فێرکردندا

گرنگترین ئەو ئامرازانەی میدیای نوێ، کە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا بەکاردەهێنرێن، بریتین لە:

**یەکەم / کۆمپیوتەر:** لەسەردەمی ئێستادا کۆمپیوتەر یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی پەروەردەو فێرکردن، بەوپێیەی کە توانای هەڵگرتنی بڕێکی زۆر زانیاریو پیشاندانەوەی هەمان زانیاری بەهەمان ڕیزبەندی هەیە، خێرایە لەگواستنەوەی زانیاری، کاتو هەوڵەکان بۆ مامۆستایانو خوێندکاران پاشەکەوت دەکات، یارمەتیدەرە لەپیشاندانی فیلمو سلایدی پەروەردەییو لەپێشکەشکردنی ئەزموون بۆ منداڵان بەسوودە.(محمود،120:2021)

**دەتوانرێت سێ بوار لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەستنیشان بکرێت:**(صبطي ومتولي،94:2018)

1. پەروەردەو فێربـــوونی تـــاکەکەسی: لـــێرەدا کۆمپیـــوتەر تەواوی پرۆســـەی پەروەردەو راهێنـــانو هەڵسەنگاندن دەگرێتەئەستۆ، بەواتایەکی دیکە جێگەی مامۆستا دەگرێتەوە.
2. پەرورەدەو فێرکردنی بەیارمەتی کۆمپیوتەر: لێرەدا کۆمپیوتەر وەك یارمەتیدەرێکی پەروەردەو فێرکردن لەلایەن مامۆستاوە بەکاردەهێنرێت.
3. وەك سەرچاوەی زانیاری: لێرەدا زانیارییەکان لەکۆمپیوتەردا هەڵدەگیرێنو دواتر لەکاتی پێویستیدا بەکاردەهێنرێن.

**دووەم / تـۆڕی ئینتەرنێت:** یەکێکە لەو ئامرازە تەکنەلۆجییە مۆدێرنانەی، کە دەتوانرێت لەپەروەردەدا بەکاربهێنرێت، هەروەها بەتۆڕێکی زەبەلاح ناسراوە، بەو پێیەی کتێبخانەیەکی گەورەیە کە کۆمەڵێک کتێبی تێدایە، جا ئاسان بێت یان قورس، لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی (یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی چەندین پۆل بـۆ فێرخـوازان بەشـێوەیەکی چـێژبەخش، رۆڵـێکی سـەرەکی لەگـۆڕینی شـێوازی پەروەردەییـدا دەگێڕێـت، یارمەتیـدەرە لەفێربـوونی بەکـۆمەڵ بەهـۆی زۆری ژمـارەی زانیـارییە بەردەسـتەکانەوە، یارمەتیـدەرە بـۆ پەیوەنـدیکردن لەگەڵ جیهـان بەخـێراییو بەکەمـترین تێچـوون، یارمەتیـدەرە بـۆ دەسـتەبەرکردنی زیـاتر لەڕێگەیەکی وانەوتنەوە).(محمود،120:2021)

**گرنگی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لەوانەوتنەوەدا**

بـــەکارهێنانی ئـــەم دوو ئـــامرازە لەوانەوتنـــەوەدا چەنـــدین لایـــەنی گرنگیـــان هـــەیـــە، کـــە بـــریتین لە:(أبوالمجد،8:2015)

1- یارمـەتی مامۆسـتا دەدات جیـاوازی تاکایـەتی لەبـەرچاوبگرێت، چونکـە خزمـەت بەئامانجـەکانی بەهێزکردنی فێربوونی تاکەکەسی دەکات، ئەمەش دەبێتەهۆی باشتربوونی کوالیتی فێربوونو فێرکردن.
2- توانای بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانی تایبەت بەکارامەرییەکان، وەك کارامەیی فێربوون، کارامەیی کۆمپیوتەر، چارەسەرکردنی کێشەکان.
3- سـەرنجی خوێنـدکاران رادەکێشـێت؛ رێگەیەکی سەرنجڕاکێشـە کە خوێنـدکار لەڕۆتیـنی لەبـەرکردنو تەلقـین دەهێنێـتە دەرەوە بـۆ کـارکردن، لەسـەر بنەمـای ئەو پەنـدە چینیـەی کە دەڵێـت، ئەوەی دەیبیسـتم بـیرم دەچێـتەوە، ئەوەی دەیبینـم بـیرم دەکەوێـتەوە، ئەوەی بەدەسـتەکانم دەیکەم فـێری دەبم.
4- کـاتی زیـاتر بـۆ مامۆسـتا دەرەخسـێنێت؛ ئەمەش یـارمەتی مامۆسـتا دەدات هەوڵەکـانی بـۆ پلانـدانو شـارەزاییەکانی فێربـوون بخـاتەگەڕ، کـە هاوکـارن بـۆ گەشـەی کەسـێتی خوێنـدکار لەلایەنـە فیکـریو کۆمەڵایەتییەکاندا.
5- دابینکردنی ژینگەیەکی فێرکاری کارلێکی.

**سوودەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لەپرۆسەی فێرکردنو فێربووندا**

گرنگترین سودەکانی بەکارهێنانی ئەم دوو ئامرازە لەوانەوتنەوەدا بریتین لە:(أبوالمجد،9:2015)

1- دروستکردنی تەکنۆلۆجیای زانیاری کە نەوەی داهاتوو ئامادە دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی سەدەی داهاتوو و هاوسەنگی لەگەڵ پێشهاتە یەك لەدوای یەکەکانیدا.

2- سودوەرگرتن لەپاڵنەرەکانی خوێندکاران بۆ فێرکردنی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری مۆدێرن بەشێوەیەکی کاریگەر، ئەمەش پرۆسەی خوێندن بەرز دەکاتەوە.

3- نەهێشتنی جیاوازی نێوان خوێندنی نەریتیو خوێندنی دوورو درێژەدان بەخوێندنو فێربوونی تاکەکەسی.

4- دەستگەیشتن بەسەرچاوەی زانیاریو بەدەستهێنانی توێژینەوەو ئامارو وێنەو دەنگو ڤیدیۆ کلیپەکانو بەکارهێنانیان لەپرۆسەی خوێندندا.

5- بەگرنگترین سەرچاوەی زانیاری لەسەر ئاستی جیهانی دادەنرێت، سەرباری دەستبەرکردنی ملیۆنان سایتی سەرەکیو لاوەکی.

6- یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی.

7- پاراستنی کاتو هەوڵو ماندبوونەکان، لەبەدەستهێنانی زانیاری بەگشتیو زانیاری مۆدێرن بەتایبەتی.

8- بەرەوپێشبردنی توانا تەکنۆلۆجییەکان بۆ گەڕان بەدوای زانیاریو پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر لەبوارە جیاجیاکاندا.

9- گۆڕینی شێوازو سیستمی فێرکردنی نەریتیو رۆتینی.

10- پابەندنەبوون بەدەوامی خوێندن؛ لەو شوێنەی کە دەتوانرێت ماددە زانستییەکان لەسەر ئینتەرنێت دابنرێنو فێرخوازان لەهەر شوێنێک یان لەهەر کاتێکدا بێت دەستیان پێ بگات.

**سێیەم / مەڵتیمیدیا:** بریتییەلە کۆمەڵێك پرۆگرام بۆ پیشاندانی وێنە، دەنگ، دەق، فیلم، ئەنیمەیشن، گرافیكو ئەوانی دیکە، کە لەڕێگەی کۆمپیوتەرو بەرنامەکانییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە پەروەردەییە تایبەتییەکان، بەجۆرێك هەر میدیایەك بەپێی توانای خۆی بەکاردەهێنرێت لەپێناوی گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکە.(کلاب وآخرون،163:2020) مەڵتیمیدیا لەخوێندنگەو پەروەردەی پێش خوێندنگە (باخچەی مندالان) بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانرێت زانیاری بەشێوەی راستەوخۆتر لەکتێبە نەریتییەکان پێشکەشبکرێت، بۆ نموونە: بەکارهێنانی گرتەکانی فیلم، تۆمارە رەسەنەکانی بەرنامە رادیۆییەکان، کە دەتوانرێت لەگەڵ دەقدا بەکاربهێنرێت.(أحمد،36:2018)

**شێوازەکانی بەکارهێنانی مەڵتیمیدیا لەبواری پەروەردەو فێرکردندا:**(میزالو،2017:5)

1. نمایش یان پیشاندان: مامۆستا دەتوانێت سود لەمەڵتیمیدیا وەربگرێت بۆ پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکەی بەشێوەیەکی بینراو و بیستراو.
2. فێربوونی هاوبەش: کاتێك خوێندکاران بەشێوەی گروپ کاردەکەن، بەکارهێنانی مەڵتیمیدیا پرۆسەی گەیاندنو پەیوەندی نێوان ئەندامانی گروپەکە ئاسان دەکات.
3. فێربوونی تاکەکەسی: لەم حاڵەتەدا فێرخوازان دەتوانن بەتاكو سەربەخۆ فێربن، ئەمەش لەڕێگەی کارلێکی نێوان بەکارهێنەرو بەرنامەکە، کە ڕێنمایی فێرخواز دەکاتو وایلێدەکات فێربێت.

**ئامێری پیشاندانی مەڵتیمیدیا (Multimedia projector):** یەکێکە لەگرنگترینو بەربڵاوترین شێوازو تەکنۆلۆجیاکانی گەیاندنی بینراو، سودێکی زۆری هەیە بۆ کەسانی پسپۆڕو سەرپەرشتیاران بەتایبەتی مامۆستایان لەبواری ڕاهێنان بەگشتی، ئەویش بەپێشکەشکردنی بابەتەکانیان بەدەنگو وێنەی کوالیتی بەرز، بەبێئەوەی پێویست بەوە بکات شوێنی پیشاندانەکە تاریك بکرێت، ئەم ئامێرە چەند ناوێکی هەیە، لەوانە:(کلاب وآخرون،2020:166-169)

أ. داتاشۆ (Data Show).

ب. ئامێری پیشاندانی داتاو ڤیدیۆ(Data / Video Projector).

ج. ئامێری پیشاندان بەکریستاڵی شل (LCD Projector).

**تایبەتمەندییەکانی ئامێری داتاشۆ**

ئەم ئامێرە چەندین سوودی هەیە، گرنگترینیان بریتین لە:(کلاب وآخرون،2020:168-169)

1- لەگەڵ کۆمەڵێک توخمی میدیایی وەک: دەنگ، ڤیدیۆی جیاواز، داتای کۆمپیوتەر، کامێرای دیجیتاڵیو جێگیرو ئەوانی تر دەگونجێت.

2- بەهۆی کامێرای ستانداردی ئامێرەکەوە، وێنەی گەورەی کوالیتی بەرز پیشاندەدات بەبێئەوەی پێویست بێت پابەند بێت بەشوێنی نمایشەکەوە.

3- بەکارهێنەر دەتوانێت کۆنترۆڵی زیاتری شوێنەکە بکات لەڕێگەی عەدەسەی تایبەت (ZOOM) کە دەتوانێت وێنەی (60-300) ئینج لەدوورەوە پیشان بدات.

4- ئاسانکاری لەهەڵگرتنی هەندێک جۆری ئەم ئامێرانەو گواستنەوەیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە کێشیان سووکە، لە (1 کیلۆگرام) تێناپەڕێت،و قەبارەشیان بچووکە.

5- ئاسانکاری لەکارکردنو بەکارهێنان، لەڕێگەی پانێڵی کۆنترۆڵەوە لەسەر ڕووی ئامێرەکە، یان لەڕێگەی کۆنترۆڵی دەستییەوە.

6- یارمەتی مامۆستا دەدات لەنمایشکردنی مادەکانی بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەکو سەرنجڕاکێش.

7- بڵاوکـردنەوەی رۆحی هاوکاریو کێبڕکێ لەنێـوان گروپەکانی خوێنـدکاران، ئەگەر مامۆسـتا داوای ئەو بەرنامانە بکات کە خزمەت بەئامانجێکی دیاریکراو دەکەن.

8- دەتوانرێت لەچەنـد بوارێکـدا بەکاربهێنرێـتو جـێگەی زۆرێـک لەئامێرەکانی تەکنۆلۆجیـای گەیانـدن بگرێتەوە.

**چوارەم / بۆردی زیرەك (سمارت بۆرد Board Smart):** چەند ناوێکی هەیە، لەوانە: بۆردی ئەلیکترۆنی (Electronic Board)، بۆردی سپی کارلێککەر (Interactive whiteboard)، بۆردی دیجیتاڵی (Digital Board). شاشـەیەکی کارلێککەرە رێگە بەپرۆسـەی گەیانـدنو پەیوەنـدیکردن لەگەڵ کۆمپیـوتەر دەدات، بەجۆرێـك ئەوەی لەکۆمپیـوتەردا هەیە لەڕێـگەی فیلمـێکی تـایبەتەوە نمایشـدەکرێت، هەروەهـا رێـگە بەهەڵگرتنو وەرگرتنەوەی هەموو ئەو زانیارییانەش دەدات کە لەسەر شاشەکە دەردەکەونو بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە رەوانە دەکرێت.(القلاف وجوهر،1089:2017)

هەرچەنـدە لێکـۆڵینەوەیەکی کەم هەیە لەسـەر کـاریگەری بەکارهێنـانی سـمارت بـۆرد لەپۆلـدا، بەڵام دەتوانرێـت لەپرۆسـەی فێرکـردنی منـداڵانی قۆنـاغی بـاخچە بەکاربهێنرێـت، بەتـایبەت وەك میـدیایەك بـۆ پێشکەشـکردنی مـاددە زانسـتییەکان. بۆنمـوونە/ لەباسـکردنی وانەی هەسـارەکان، وانەی ژینگەپـارێزیو ریسایکلینو ..هتد.

**گرنگترین سوودەکانی سمارت بۆرد:**

ئەم ئـــامرازە چەنـــدین ســـودی لەبـــواری وانەوتـــنەوەدا هەیە گرنگترینیـــان بـــریتین لـــە:(القـــلاف وجوهر،1090:2017)

1. رێـگە بەبەکـارهێنەر دەدات چـالاکییە پێشکەشـکراوەکانو بەرنـامە پەروەردەییەکـانو ئەوانی دیـکە، هەڵیبگرێـتو چـاپی بکـات یـان لەڕێگەی ئـیمەیڵەوە رەوانەی بکات، بەمەش هەر فێرخـوازێکی ئامـادە نەبوو، هیچ بەشێك لەناوەڕۆکی وانەکە لەدەست نادات.
2. هەموو خوێندکارەکان دەتوانن بەشداری چالاکییە جیاوازەکان بکەن، لێرەشەوە پرۆسەی کارلێکردن لەنێوانیاندا روودەداتو دەرفەت بۆ هەندێك فێرخواز دەرەخسێنێت بەشداری لەبەکارهێنانی میدیای پەروەردەیی بکات.
3. خوێنـدکارەکان دەتـوانن هەمـوو چـالاکییەکی نووسـینو وێنەکێشـان بەشـێوەیەکی دیجیتـاڵی لەسـەر بۆردەکە ئەنجامبدەن.
4. دەتوانرێـت بەئینتەرنێـتەوە ببەسـترێتەوەو پرۆسـەی گەڕان ئەنجامبـدرێت، هاوکـات ببەسـترێتەوە بەگروپێکی دیکەی فێرخوازانەوە.
5. سەرنجڕاکێشە بۆ پەوەردەو راهێنان، بەوپێیەی گونجاوە بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن.

6. کاتو هەوڵدانی زیاتر بۆ مامۆستایانو خوێندکاران دەگەڕێنێتەوەو ڕێگە بەمامۆستا دەدات بەشێوەیەکی ئاسانو خێرا دەستی بەناوەڕۆکی پەروەردەیی یان ڕاهێنان بگات.

### 2.4.1 گرنگی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لەباخچەدا

بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لەباخچەی منداڵان چەندین لایەنی گرنگی هەیە، گرنگترینیان دەگەڕێتەوە بۆ:(علی وصبيرة،20:2015)

1. توانای خستنەڕووی زانیارییەکان؛ منداڵ نزیکدەکاتەوە لەو واقیعەی کە تێیدا دەژی، بەتایبەتی ئەگەر نەتوانرێت ئەزموونی راستەوخۆی پێشکەش بکرێت.
2. گونجاوی ئامڕازەکان؛ ئامرازەکانی میدیای نوێ بەتایبەتیش مەڵتیمیدیا لەگەڵ سروشتی منداڵدا دەگونجێت.
3. ئاستی متمانە بەخۆبوونی منداڵ زیاتر دەبێت؛ ئەوکاتەی کە بەشێوەیەکی بەهێزو دوور لەترسو دڵەڕاوکێ، وەڵامی پرسیارەکانی دەدرێتەوە.
4. یارمەتیدەرە لەگواستنەوەی زانستو روونکردنەوەی لایەنە ناڕوونەکانو جێگیرکردنی پرۆسەی مەعریفی.
5. پرۆسەی لەبیرچوونەوەی منداڵ کەمدەکاتەوەو زانیارییەکان دەچەسپێنێتو تێگەیشتنی دوو هێندە دەکات.
6. یارمەتی راهێنانو چالاککردنی هەستەکان دەداتو پرۆسەی فێربوون ئاسان دەکات.
7. یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان فێرخوازاندا.
8. یارمەتیدەرە بۆ چاککردنی رەفتارو پێکهێنانی هەڵوێستە خوازراوەکان لەنێو فێرخوازاندا.
9. یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی عەقڵییە باڵاکان لای فێرخوازانو هانیان دەدات بۆ داهێنانو داهێنەر بوون.

**هەندێك لایەنی دیکەی گرنگی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لەبواری پەروەردەو فێرکردندا:**(حسيني وساحالي،2015:57-58)

1. دەرفەت بۆ مامۆستا دەرخسێنێت تاوەکو سوود لەهەموو کاتەکانی بەردەستی وەربگرێت.
2. خۆشەویستی گەڕانو ئارەزووی فێربوون لای منداڵ پەرەپێدەدات.
3. پەیوەندی نێوان خوێندکارو مامۆستا لەلایەكو خوێندکارو خوێندکار لەلایەکی دیکەوە بەهێز دەکات، ئەگەر مامۆستا ئامڕازەکان وەك پێویست بەکاربهێنێت.
4. فراوانکردنی مەودای ئەو ئەزموونانەی کە خوێندکار پێیدا تێپەڕدەبێت، لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بەزانیارییەکانو ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنیان.

5. فەرهەنگی زمانەوانی خوێندکار دەوڵەمەند دەکاتو هانی دەدات بۆ بەشداریکردنو کارلێککردن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان لەناو پۆلدا.
6. یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی زانیارییەکان لەمێشکدا.

### 2.4.2 سوودەکانی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەباخچەدا

بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەپرۆسەی وانەوتنەوە لەباخچەی منداڵان چەندین سودی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:(Liu,2018:839)

1. دەتوانن هەستی بینینو بیستنی خوێندکاران کۆبکەنەوەو ئارەزووی فێربوونیان زیاد بکەن.
2. شێوازی فێرکردنی نەریتی "مامۆستا + کتێبی دەرس + تەختەڕەش" تێدەپەڕێنێت، هەروەها کێشەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە چارەسەر دەکات.
3. کارایی فێربوونی خوێندکاران باشتر دەکات.
4. لەپرۆسەی فێرکردنی ڕاستەقینەدا، دەتوانن زۆرێک لەو چەمکانە ڕوون بکەنەوە، کە تەنیا بەزمان دەربڕدراونو لۆژیکی تێگەیشتنیان قورس بووە.
5. خەسڵەتی کارلێکردنیان هەیەو دەتوانن سەرنجی خوێندکاران ڕابکێشن.
6. هۆگری خوێندکاران بۆ فێربوون زیاد دەکەنو هەستو سۆزی دەروونیو بیرکردنەوەی مێشك وریا دەکەنەوەو وادەکەن کە فێرخوازان بتوانن بەشێوەیەکی کاریگەرتر فێربن.
7. یارمەتیدەر دەبن بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی سەربەخۆی خوێندکاران، تواناکانی خۆگەڕان، بۆئەوەی بتوانن یاری باخچەی منداڵانو ئامرازی فێرکاری پراکتیکی بەرهەمبهێنن.
8. مەودای فێربوونی خوێندکارانو کەناڵەکانی گەیاندن فراوانتر دەکەن.
9. ڕێگاکانی فێربوون ئاسانتر دەکەنو کاتو سوڕی بڵاوکردنەوەی زانین کورت دەکەنەوە.
10. لەوانەوتنەوەی ناو پۆلدا، خوێندکاران دەتوانن کۆمپیوتەر یان مۆبایل بۆ گەڕان بەکاربهێنن، بەوهۆیەشەوە باشتر لەیارییەکانی باخچەی منداڵانو ئامڕازەکانی فێربوون تێدەگەن.
11. مامۆستایان دەتوانن خۆێندکاران ئاڕاستە بکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتەکان لەڕێگە ئامڕازەکانەوە، ئەمەش یارمەتی منداڵان دەدات بۆئەوەی فێری زانیاری زیاتر ببن.
12. یارمەتی خوێندکاران دەدەن پەیوەندی لەگەڵ خوێندکارانی دیکە لەناوچەو کەلتورە جیاوازەکاندا بکەن. سەرباری ئەوەش دەتوانن لەگەڵ پسپۆڕانی پەروەردە لەقۆناغی باخچە پەیوەندی بکەنو زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن.
13. بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەباخچەدا، وا لەخوێندکاران دەکەن لەپاسیڤەوە بگۆڕێن بۆ چالاك.

## 2.5 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو پراکتیزەکردنیان لەباخچەدا

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە سایتێکی دیجیتاڵی لەسەر ئینتەرنێت، کە ڕێگە بەبەشداربوون دەدەن چەندین جۆری دەقو دەنگو ڤیدیۆ لەگەڵ کەسانی دیکە هاوبەشی بکەن. یەکەم دەرکەوتنی سایتە کۆمەڵایەتییەکان لەساڵی 1995 بوو، دوای چەند ساڵێك؛ چەندین ماڵپەر دروستکران، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەجیهاندا بڵاوبوونەوەو ملیۆنان بەکارهێنەریان لەدەوری خۆیان کۆکردەوە.(العلي وآخرون،203:2016)

لەگرنگترین تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەمانەن: فەیسبووك (Facebook)، تویتەر (Twitter)، یوتیوب (YouTube)، لینکدین (Linked in)، پینتەریست (Pinterest)، گۆگڵ پڵەس (Google Plus)، تومبلەر (Tumbler)، ئینستاگرام (Instagram)، فلیکەر (Flickr)، مای سپەیس (My space)، ئۆرکوت (Orkut)، سەرباری ئەپڵیکەیشنەکانی تایبەت بەگەیاندنو پەیوەندیکردن لەمۆبایلو ئامرازە دیجیتاڵییەکان، وەك: ڤایبەر (Viber)، تیلیگرام (Telegram)، واتسئەپ (whatsapp)، سناپ چات (Snapchat)، کیك، بروسکوبو زۆرێکی تر لەو ئەپانە. بەڵام فەیسبووك (Facebook)و تویتەر (Twitter)و یوتیوب (YouTube) لەدیارترینی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن لەجیهانداو زۆرترین مشتومڕیان لەسەر دەکرێت.(الغفيلي،32:2018)

### 2.5.1 دیارترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەباخچەی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن

**یەکەم / فەیسبووك:**

بەیەکێك لەبەناوبانگترین سایتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، بەکارهێنەران دەتوانن بەشداری تێدا بکەنو بچنە ناو ئەو پەیجانەوە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان دروستیان کردووە، وەك: لایەنی کار، خوێندن، زانکۆ، خوێندنگە، ڕێکخراو، هاوڕێیان، لێرەوە بەشداربووان دەتوانن پەیوەندیو کارلێك بکەن، هەروەها دەتوانن هاوڕێ نوێ زیاد بکەنو نامەیان بۆ بنێرنو هاوڕێیان نوێ بکەنەوە. ئەم تۆڕە لەمانگی شوباتی (2004)ەوە لەلایەن (مارك زوکەر بێرگ)و هاوڕێیانی (داستینو سکوفیترو کریس هیوز)ەوە دامەزرێنرا. تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك چەندین لایەنی بەسوودی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:(حسيني وساحالي،43:2018)

1. ڕەخساندنی دەرفەتێك بۆ هاوڕێیەتیو پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی بەشداربوو لەسایتەکەدا.
2. باخچەکانی منداڵان؛ فەیسبووك بۆ ناساندنی کاروچالاکییەکانیان بەکاردەهێنن.
3. کۆمپانیاو خاوەنکارەکان، فەیسبووك بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەمەلایەن بەکاردەهێنن، بەتایبەت لەڕووی بەبازاڕکردنو ریکلامی بەرهەمی دامەزراوەو کۆمپانیاکان.

4. دەرفەتی دابەزاندنی ئەلبوومی وێنە بۆ بەشداربوون دەڕەخسێنێت، بەوپێیەی مانگانە زیاتر لەملیارێك وێنە لەفەیسبووك باردەکرێت.
5. گەیاندنو پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە گریمانەییەکان، کە تایبەتمەندن بەبابەتگەلی جۆراوجۆرو سوود بەئەندامانی بەشداربوو دەگەیەنن.

**دووەم / یوتیوب:**

پسپۆڕان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر یوتیوب هەیە، هەندێکیان بەپرۆگرامێکی ڤیدیۆیی دەزانن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئامڕازێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بەوپێیەی کە جۆرێك لەکارلێکردنی تێدایەو بەکارهێنەران دەتوانن لەڕێگەیەوە گفتوگۆ بکەنو کۆمێنت بنوسن.(العتيي،2019:392)

ئەم سایتە تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆیانەی کە بەشداربووان ئەبلۆدی دەکەن، بەکارهێنەرانیش دەتوانن سود لەڤیدیۆکان وەربگرن، جا چ لەڕێگەی ئامرازە نەریتییەکانەوە بێت، یان لەڕێگەی شێرکردنو ئەبلۆکردنی بێت لەفەیسبووكو ئامڕازەکانی دیکە. بۆیە هەندێکی دیکە لەپسپۆڕان یوتیوب وەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ناڕاستەوخۆ دەبینین.(الساعي،2021:162)

دامەزراندنی چەناڵی یوتیوب؛ بۆتە شتێکی باو لەناو کەسێتییە ناودارەکانو ئەو کەسانەی ئارەزووی گەیاندنی دەنگو رای خۆیان دەکەن، ئەوەی ئەم ئامرازە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دەرفەتی بەبینەران بەخشیوە لەکاتی گونجاودا بتوانن تەماشای پرۆگرامەکانی کەناڵەکە بکەن، ئەمەش نیشانەی باڵادەستبوونی یوتیوبە بەراورد بەئامرازەکانی دیکە، هەرچەندە لەئێستادا تەلەفزیۆنە سمارتەکان هەندێك تەکنۆلۆجیای نوێیان بۆ زیادکراوە، کە دەتوانرێت پرۆگرامەکان تۆمار بکرێن، بەڵام هێشتا ناتوانێت بەراورد بکرێت بەو خزمەتگوزارییانەی کە لەڕێگەی یوتیوبەوە دەستەبەر کراون.(الدعمي،2017:85)

ئەم سایتە لەمانگی شوباتی 2005 لەلایەن (ستیڤن چێن)و (چاد هیرلی)و (جاوید کریم) دامەزرا، کە هەرسێکیان کارمەندی کۆمپانیای پای پاڵ (PayPal) بوون، دوای ساڵێك لەدامەزراندنی لەساڵی 2006 کۆمپانیای گۆگڵ بەپێی رێککەوتنێکی بازرگانیو بەبڕی یەك ملیارو 65 ملیۆن دۆلار سایتی یوتیوب-ی کڕییەوە، ئەم سایتە لەلایەن زانکۆو خوێندنگەو دامەزراوەکانەوە پەرەی پێدراوەو بۆ بەرنامەی هۆشیاری لەهەموو بوارەکاندا بەکارهێنراوە، وەك بواری پەروەردەیی، تەندروستی، ئاسایش، ئابووری رۆشنبیری.

**یوتیوب چەندین تایبەتمەندی هەیە، گرنگترینیان بریتین لە:**(العتيي،2019:393)

1. بەکارهێنانی ئاسانە، بێبەرامبەرەو پراکتیزەکردنێکی گشتگیر هەیە بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەجۆرێك کە نەك تەنها کەسانی گەورە دەتوانن بەکاریبهێنن، بەکارهێنانی بۆ منداڵانیش دەستبەرکراوەو ئەوانیش دەتوانن ببنە یوتوبەر.

2. ڕێگە بەدابەزاندنو گۆڕینو چارەسەرکردنی فایلەکان دەدات.
3. پەخشی ڕاستەوخۆی هەیەو گەڕان تێیدا ئاسانە.
4. لەتوانایدایە بینین تەنیا بۆ گروپێکی دیاریکراوی بەشداربوون سنوردار بکرێت.

### سودەکانی بەکارهێنانی یوتیوب لەبواری پەروەردەدا

ئەم ئامڕازە چەندین سودی لەبواری پەروەردەدا هەیە لەوانە:(القلاف وجوهر،2017:1087)

1. دەرفەت بەبەکارهێنەرانی دەدات، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەماشای ڤیدیۆکان بکەن یان ڤیدیۆکان رابگرنو لەکاتی گونجاودا تەماشای بکەنەوە، سەرباری ئەوەش هانی بەکارهێنەرانی دەدات بەشێوەیەکی ئەرێنی کارلێك لەگەڵ بابەتی نمایشکراودا بکەن.
2. یوتیوبو سایتەکانی تری هاوبەشکردنی فایلەکان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە وەک ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ یەکتر بەکاردەهێنرێن.
3. هانی بەکارهێنەران دەدات بۆئەوەی پرسیاری خۆیان بکەنو لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەدواداچوونی زانستی بۆ پرسە جیاوازەکان بکەن.
4. ڕێگایەکە یان ئامرازێکە بۆ گەشەپێدانی پیشەیی یان بۆ وانەوتنەوە لەلایەن مامۆستایانەوە، بەو پێیەی دەتوانن سوود لەو کلیپانە وەربگرن کە لەیوتیوب پێشکەش دەکرێن.
5. گەورەترین سایتی ڤیدیۆییە لەڕووی سەردانکەرو بەکارهێنەرەوە.
6. یەکێکە لەدەروازەکانی نەوەی دووەمی وێب، کە پشتگیری لەشێوازی فێربوونی ئەلیکترۆنی دەکات، بەوپێیەی زەمینەیەکی سەرنجڕاکێشو کاریگەر بۆ خوێندکاران دەرەخسێنێت.
7. کارلێكو پاڵنەرەکانی مامۆستایانو خوێندکاران لەناو پۆلدا زیاد دەکات.
8. دەتوانرێت یوتیوب وەك کتێبخانەیەکی گریمانەیی بەکاربهێنرێت بۆ پشتیوانیکردن لەوانەکان.
9. جۆرێك لەکۆتو بەند لەلایەن یوتیوبەوە بەسەر ناوەڕۆکێکی نەشیاودا دەسەپێنرێت، تاوەکو ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێربوون برەخسێنرێت.
10. یوتیوب سایتێك بۆ پەروەردەکاران دەستەبەردەکات بەناوی (YouTube EDU). ئەم پۆرتاڵە ڕێگە بەبەکارهێنەرانو مامۆستایان دەدات، دەستیان بەکۆمەڵێك ڤیدیۆی پەروەردەیی بەرفراوان لەوتارو وانە بگات.

### سێیەم / ئینستاگرام:

یەکێکە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکان، ئەپلیکەیشنێکە بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە بگرێتو بەپێی ئارەزووی خۆی ڕێکخستنی دیجیتاڵیو فلتەری لەسەر بکات، پاشان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بڵاوی بکاتەوە. ئەم ئامڕازە لەساڵی 2010ەوە پەرەی پێدراوە

بەتایبەت بۆ ئامێرەکانی ئەپڵ (iPad, iPhone, iPod)، بەئامانجی دستەبەرکردنی ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هاوبەشـیکردنی وێنەکان لەسـەر ئامێرەکان لەگەڵ لیسـتی هاوڕێیـان لەتـۆڕە کـۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. ئەوەی ئەم تـۆڕە جیادەکـاتەوە ئەوەیە کە ڕێـگە بەبەکـارهێنەرانی دەدات، تایبەتمەنـدی هاشـتاگ (#)ی هەبێـت، بۆنمـوونە/ # جیهـانی هـاککردنی کۆمپیـوتەر، هەروەهـا هاشـتاگێکی تـایبەت بەبۆنەکـانو بڵاوکردنەوەی لەواڵەکەتو بینینی لەلایەن کەسە خۆشەویستەکانتەوە یان ئەوانەی ئارەزووی هەمان پسپۆڕی دەکەن. سەرباری توانای دروستکردنی وێنەکانو زیادکردنی کاریگەری بۆیان لەڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانەوە.(علي والسويط،556:2017)

**چوارەم / ئەپڵیکەیشنەکان** (Applications):

بریتیین لەکۆمەڵێك بەرنامەی دیجیتاڵی کە گەیاندنی ئەلیکترۆنی لەنێوان تاکەکاندا دابین دەکەن، تەنیا پێویستییان بەمۆبایلی زیرەك یان تابلێت یاخود کۆمپیوتەرێك هەیە کە بەئینتەرنێتەوە بەسترابێتەوە.

## 2.5.2 **دیارترین ئەو ئەپانەی کە لەباخچەی منداڵاندا بەکاردەهێنرێن**

**یەکەم / ڤایبەر:**

بەیەکێـك لەبەرنـامە بەناوبانگەکـانی پەیوەنـدیکردن بەخـۆڕایی نـاسراوە، کە ملیۆنـان کەس لەجیهانـدا بەکاریدەهێنن، لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە بەکارهێنەران دەتوانن دەقو نامەی دەنگیو ڤیدیۆیی و ستیکەر لەنێوان خۆیانـدا ئـاڵوگۆڕ بـکەن، ئەم بەرنـامەیە بـۆ سیسـتمەکانی ئەندرۆیـدو بلاکبێریو ئـای ئـۆ ئـێس لەمۆبایلی زیرەكو لاپتۆپو کۆمپیوتەری سەرمێز بەردەستە.(Fitzgibbons,2018)

ڤایبەر لەساڵی 2014 لەلایەن تالمون مارکو سەرمایەداری (ئەمریکی - ئیسرائیلی) لەقوبرص دامەزرێنراوەو بەمدواییانە لەلایەن کۆمپانیای راکوتن-وە کڕدرا، کە کۆمپانیایەکی ئینتەرنێتی فرەنەتەوەیەو بارەگاکەی لەشاری (سێتاگایا-کو)ە لەتۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن.(المرسال،2015)

**تایبەتمەندییەکان:** خزمەتگوزاریی ڤایبەر کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە لەوانە:(Sutikno,2016:910)

1. لەکاتی ناردنی نامەی خێرادا، بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە، (GIF)و ستیکەرو ڤیدیۆو ئیمۆجین لەگەڵ نامەکەیدا بنێرێت.
2. نـامەی دەنـگیو گفتوگـۆی گشـتی (گروپەکـانی چـات)و پەیوەنـدی لەمۆبـایلەوە بـۆ دیسـکتۆپ لەو خزمەتگوزارییانەن کە لەم بەرنامەیەدا بەردەستە.
3. ڤـایبەر پـێش واتسـئەپو تیلیگـرام خزمەتگـوزاری دەنـگیو ڤیـدیۆی بەشـێوەی ئاسـاییو (HD) پێشکەشکردووە.

4. ناوازەترین تایبەتمەندی ڤایبەر (Viber Out)ە کە وادەکات بەکارهێنەر بتوانێت لەپەیوەندیدا بێت لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کە لەخزمەتگوزارییەکەدا نین.
5. زۆربەی تایبەتمەنــدییەکانی ڤــایبەر بەخــۆڕاییە، جــگە لەپەیوەنــدیکردن بەهــێڵە زەمینییەکــان، نێودەوڵەتییەکانو پەیوەنـدیکردن بەو مۆبـایلانەی کە ئەپی ڤایبەریـان نیـیە، (ئەم حاڵەتـانە پێویسـتی بەپارە هەیە).

## دووەم / تیلیگرام:

ئەپڵیکەیشنێکی خـۆڕاییە بـۆ هاوبەشـیکردنی وێـنە یان ڤیـدیۆ، کە ڕێگە بەبەکارهێنەرانی دەدات وێنەیەك بگرنو فلتەرێکی دیجیتاڵی بۆ زیاد بکەنو پاشان تەماشای بکەنەوەو دواتر بڵاوی بکەنەوە. بەواتەیەکی دیکە ڕێگەیەکی خێراو بێبەرامبەرە بۆ گەیاندنو پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێو خێزان بەناردنی نامە یان ڤیــدیۆو ئارەزوومەنــدانی گــرتنی وێــنەی فۆتــۆگرافی جــوانو بڵاوکــردنەوەی لەڕێــگەی پەیجەکــانی سایتەکەوە.(عصرـ2020:307) بەوپێـیەی کە ئەم بەرنـامەیە لەڕووی کـوالیتی وێـنەو پانتـای ڤیـدیۆوە لەئەپەکانی دیکە باشترە.

تیلیگـرام لەمـانگی ئـابی 2013 لەلایەن پاڤێـل دورۆڤ خاوەنکاری روسـییەوە دامەزرێـنراوە، ئەم ئەپە لەزیـاتر لە (40) وڵاتـدا بەکارهێنەری هەیە، بەتـایبەتی لەئەڵمانیـاو ئەمریکا، بەمەش بـۆتە بەناوبـانگترین تـۆڕی کـۆمەڵایەتی بەراورد بەئەپەکانی تـری تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسـبووك، واتسـئەپ، ویچـاد (WeChat)و کیك(KiK).(Sutikno,2016:910)

**تایبەتمەندییەکان:** ئەپی تیلیگرام چەندین تایبەتمەندی هەیە، کە ئەمانەن: (Sutikno,2016:910)

1. تیلیگـرام خزمەتگـوزارییەکی نامەنـاردنی بەناوبـانگی تەواو خـۆڕاییە، ژینگەیەکی بێ ریکلام لەگەڵ روکارێکی پاكو خێرا پێشکەش دەکات، ئەمەش تایبەتمەندییەکی جیاوازە بەراورد بەئەپەکانی دیکە بەتایبەت ڤایبەر کە بەبێ ویستی خۆت، ریکلام دێتە ناو واڵەکەتەوە.
2. خۆتۆمــارکردن لەتیلیگــرام ئاســانەو خــاڵی لێکچــوونی زۆری هەیە لەگەڵ واتســئەپ لەڕووی مـامەڵەکردن لەگەڵ ناسـنامەی بەکارهێنەرو پەیوەنـدی، ژمـارەی تەلەفـۆنیش بـۆ ناسـینەوەی سەرەکی کەسی بەکارهێنەر بەکاردێت.
3. تیلیگــرام بەشــێوەیەکی ئۆتۆمــاتیکی ژمــارەی تەلەفــۆنی لیســتی پەیوەنــدییەکان ئاشــکرا ناکــات، وەکــئەوەی لەڤــایبەردا هەیە، ئەم تایبەتمەنــدییەش ڕێــگەیەکی زۆرباشــە لەڕووی پاراســتنی نێهێنییەوە.
4. ئەرشیفی پەیوەندییەکان لەناو (cloud)دا هەڵدەگیرێت، بەمەش بەکارهێنەران ناچار نین لەوەی دوای گۆڕینی مۆبایلەکانیان نیگەران بن لەبارەی لەدەستدانی چاتەکانیان.

5. لەناو تیلیگرامدا فرۆشتنی ستیکەر هەیە، کە کۆمەڵێك وێنەی کۆمیدی لەخۆدەگرێتو جگە لەدەق دەتوانرێت لەچاتکردندا بەکاربهێنرێت.
6. ناردنی وێنەو ڤیدیۆ بەبێ سنوردارکردنی قەبارەی فایلەکە.
7. تیلیگرام ئەپێکی فرە پلاتفۆرمە کە دەتوانێت لەسەر سیستمەکانی ئەندرۆید، ئای ئۆ ئێس، ویندۆز فۆن، ماكو ویندۆز ئۆ ئێس کار بکات.
8. دەتوانرێت لەچەند ئامێرێکەوە دەستت بەئەکاونتی تیلیگرام بگات، تەنانەت لەکاتێکی دیاریکراودا، بەجۆرێك کە نامەکان لەهەمانکاتدا لەسەر هەموو ئامێرەکان دەردەکەون.

**سێیەم / واتسئەپ:**

بریتییە لەئەپێك یان پرۆگرامێك کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ناردنی نامەی کورتو وێنەو نامەی دەنگیو ڤیدیۆ دروستکراوە، دەتوانرێت بەدابەزاندنی بۆ ئامێرە تایبەتەکان بەکاربهێنرێت، جا چ مۆبایلە زیرەکەکان بێت یان کۆمپیوتەر. هەروەها دەکرێت وەک بەرنامەیەکی مۆبایلە زیرەکەکان پێناسە بکرێت کە رێگە بەپەیوەندیکردن بەخۆڕایی دەدات، سەرباری ئاڵوگۆڕی نامەو گفتوگۆو وێنەو ڤیدیۆ لەگەڵ هاوڕێیانو کەسانی دیاریکراو. بەکارهێنانی ئەمجۆرە ئامرازانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە. واتسئەپ گەورەترین ئەپڵیکەیشنی نامە ناردنە لەسەر ئینتەرنێت، لەساڵی (2009) لەلایەن کارمەندانی یاهووەوە دامەزراوە،و وەک کۆمپانیایەکی بچووکی تازە پێگەیشتوو دەستیپێکرد، پاشان لەماوەی چەند مانگێکدا پەرەی پێداو خزمەتی بە 205 هەزار بەکارهێنەر کرد، لەساڵی 2014 کۆمپانیای فەیسبووک، واتسئەپی کڕییەوەو بەردەوامبوو لەگەشەکردن، بەهۆی ئەوەی لەساڵی 2017 ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە یەك ملیار بەکارهێنەر. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری واتسئەپ دەڵێت: ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتوەتە 200 ملیۆن لەمانگێکدا، سەرباری ئەوەش رۆژانە 18 ملیار نامەی خێرا لەنێوان بەکارهێنەرانیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت.(Sutikno,2016:909)

واتسئەپ وەك یەکێك لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بەکاردەهێنرێت، لەکاتی بەکارهێناندا، پێویستە مامۆستا گروپی پەروەردەیی لەناو ئامرازەکەدا رێکبخات بۆئەوەی لەژینگەی پۆل بچێت، بەجۆرێك ئەوەی کە بڵاوی دەکاتەوە بگاتە هەموو خوێندکاران لەهەمانکاتداو ئەو ئەرکە پەروەردەییانەی کە پێیان سپێردراوە جێبەجێیان کردبێت. ئەمەش کاتێك روودەدات کە مامۆستا بتوانێت کۆنترۆڵی گروپی پەروەردەیی لەناو واتسئەپدا بکات، بۆیە پێویستە مامۆستا پێش دەستپێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوەو لەکاتی پرۆسەکەداو دوای پێدانی ئەرك بەخوێندکارانو کۆتاییهێنان بەچالاکی خوێندکاران، رۆڵی خۆی بەباشی جێبەجێ بکات، بەتایبەت ئەو ئەرکانەی پەیوەندی بەلایەنی تەکنیکی بەکارهێنانی ئامرازەکەوە هەیە.(الهجان،2021:33-35)

**چوارەم / سناپ چات:**

یەکێکە لەئەپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەلایەن (ئیڤان شپیگڵو رۆبەرت مێرفی)ەوە پەرەی پێدراوە، بەکارهێنەر دەتوانێت لەڕێگەیەوە وێنە بگرێت یان تۆماری واڵێك یان ڤیدیۆ کلیپێک بکات، هەروەها دەتوانێت هێما زیاد بکاتو دەق بنووسێت. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم ئامرازە ئەوەیە کە ماوەی پەخشکردنی لەیەک بۆ دە چرکە دەخایەنێت، دواتریش بەتەواوی لەئامێرەکەدا نامێنێتو دەسڕێتەوە، ئەمەش وەك لایەنێکی نەرێنی ئامرازەکە تەماشا دەکرێت، بەڵام بەهۆی بەرنامەی دیکەوە ئەم ئەپە پەرەی پێدراوە بۆئەوەی وێنەو ڤیدیۆی تێدا هەڵبگیرێت. چەند کۆمپانیایەک هەوڵیانداوە سناپ چات بکڕنەوەو بەدەستی بهێنن، بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوون، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بەرنامەیە لەلایەن بەکارهێنەرانەوە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێناوە.

ئیڤان شپیگل، خاوەنی بەرنامەی سناپ چات، ئەو ئۆڤەرانەی رەتکردەوە کە کۆمپانیاکان لەساڵی 2013 پێشکەشیان کردبوو، لەوانەش: ئۆڤەری کۆمپانیای گوگڵ بەبەهای چوار ملیار دۆلاری ئەمریکی، ئۆفەری فەیسبووک بەبەهای سێ ملیار دۆلار، شپیگڵ پێیوابوو ئەم بەرنامەیە بازاڕێکی زۆری هەیەو زۆر شت بەدەستدەهێنێت، ئەویش لەئەنجامی ئەو گەشەکردنو سەرکەوتنەی بەهۆی زۆری خواستی بەکارهێنەرانییەوە تۆماریکردووە.

بەرنامەی سناپ چات جیاوازە لەبەرنامەکانی تری وەک سکایپو ڤایبەرو واتسئەپ بەئەگەری ئەنجامدانی پەیوەندی ڤیدیۆیی لەئەندامێکدا بۆ ماوەیەکی کورت، بەو پێیەی زەنگ لێنادات‌و هیچ قبوڵکردنێکی بانگهێشتنامەی تێدا نییە، بەمدواییانە چەند نوێکارییەکی بۆ گفتوگۆ و وێنەو پەیوەندییەکان تێدا کراوە بەمەبەستی ئەوەی لە پێشووتر باشترو وروژێنەرتر بێت. (العتيبي،392:2019)

## 2.6 توێژینەوەکانی پێشوو

### (1) توێژینەوەی (ناصیف، 2021):

بەناونیشانی (ئاستی پراکتیزەکردنی رۆڵی سەرکردایەتی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای گەیاندنو زانیاری). ئامانجی توێژینەوەکە؛ زانینی ئاستی پراکتیزەکردنی رۆڵی سەرکردایەتی مامۆستایانی باخچەی منداڵانە لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای گەیاندنو زانیاریو دیاریکردنی جیاوازی نێوان تێکڕای ئاستەکان بەپێی گۆڕاوەکانی (جۆری باخچە، بڕوانامە، ساڵانی خزمەتو خولەکانی راهێنان). بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش؛ توێژەر پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستووەو پێوەرەکەی بەسەر (300) بەڕێوەبەری باخچە لەشاری دیمەشق جێبەجێکردووە، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراون، هەروا فۆرمی راپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوەو گەیشتووە بەو

ئەنجامەی کە ئاستی پراکتیزەکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای گەیاندنو زانیاریو بەرزبووەو جیاوازی ئامارژەی ئاماریش لەنێوان تێکڕای نمرەکانی پێوەرەکەدا هەبووە.(ناصف،272:2021)

**(2) توێژینەوەی (محمود، 2021):**

بەناونیشانی (دۆخی بەکارهێنانی مەڵتی تەکنۆلۆجیا[3] بۆ پەرەپێدانی چەمکە بیرکارییەکان لای منداڵانی باخچە). ئامانجی توێژینەوەکە؛ دیاریکردنی کاریگەریو کۆسپەکانی بەکارهێنانی مەڵتی تەکنۆلۆجیایە لەپەرەپێدانی چەمکەکانی بیرکاری لای منداڵی باخچە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش؛ توێژەر میتۆدی وەسفیو فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوەو بەسەر (100) مامۆستای باخچە لەپارێزگای قاهیرە دابەشیکردووەو گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی مەڵتیمیدیا لەپرۆسەی پەروەردەدا بۆ مامۆستایانی باخچە گرنگەو توانای تەکنیکیان پەرەپێدەداتو ئاستی بیرکردنەوەی منداڵیش بەرزدەکاتەوە، زۆرینەی ئەندامانی توێژینەوەکە بەکارهێنانی مەڵتی تەکنۆلۆجیایان لەوانەوتنەوەدا لاپەسەند بووە، بەڵام پشتیان پێنەبەستووەو هەر بەرێگە نەریتییەکە وانەیان وتۆتەوە، لەگەڵئەوەشدا زۆرینە ئاستەنگیان نەبووە لەبەکارهێنانی ئامرازەکانی مەڵتی تەکنۆلۆجیاو زۆرترین ئامراز کە بەکارهێنراوە کۆمپیوتەر بووەو کەمترینیش ئایپاد بووە.(محمود،115:2021)

**(3) توێژینەوەی (Konca and Paul, 2021):**

بەناونیشانی (تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵی مامۆستایان بۆ دایكو باوکان: بەشداریکردن لەچوارچێوەی تورکیادا)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بووە لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەتورکیا بۆ ئەپەکانی بەشداریکردنی دایكو باوکی منداڵەکان. توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووەو لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە کە بەسەر (100) مامۆستای باخچەی منداڵاندا دابەشکراوە؛ زانیارییەکانی توێژینەوەکە کۆکراوەتەوە، بەجۆرێك کە (65) مامۆستا فۆرمەکەیان بەدەستیو (35) مامۆستاش بەئۆنلاین پڕیانکردۆتەوە، سەرباری ئەوەش توێژەران بەشێوەی ڕووبەڕوو زانیاریان کۆکردۆتەوە. لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە، خاوەنی چەندین ئامێری ئەلیکترۆنی بوونو ئەو ئامێرانەیان بۆ هەردوو مەبەستی کەسیو پەروەردەیی بەکارهێناوە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستایانی باخچە بەراورد بەبەکارهێنانی کەسیو چالاکییەکانی دیکەی ناو ژینگەی پەروەردەیی، کەمتر

[3] مەڵتی تەکنۆلۆجیا؛ ئەو کەرەستەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە کە بەپشتبەستن بەکۆمپیوتەر یان سیستمی کۆمپیوتەری، دەنگو وێنەو ڤیدیۆو دەقەکان تێکەڵ دەکەن.

ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵیان بۆ پراکتیکەکانی بەشداریکردنی دایكو باوك بەکارهێناوە. هۆکارەکەشیان بۆ باری دارایی و ئاستی هۆشیاری و کەمی زانیاری دایكو باوکەکان گەڕاندۆتەوە.(Hakyemez-Paul and Konaca,2021:239-254)

**(4) توێژینەوەی (الدسوقي وأحمد، 2021):**

بەناونیشانی (کاریگەری هۆشیاری مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەبارەی ئەپەکانی زیرەکی دیجیتاڵی[4] لەسەر گەشەی مەعریفی لای منداڵ). ئامانجی توێژینەوەکە؛ زانینی کاریگەری هۆشیاری مامۆستایانی باخچەی منداڵانە لەبارەی ئەپەکانی زیرەکی دیجیتاڵی لەسەر گەشەی مەعریفی لای منداڵ، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە؛ توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری و فۆرمی راپرسی و پێوەری گەشەی مەعریفی بەکارهێناوەو بەسەر (50) مامۆستاو (30) منداڵی باخچە جێبەجێیکردووە، لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی و رۆڵی هۆشیاری مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەبارەی ئەپەکانی زیرەکی دیجیتاڵی و کاریگەری لەسەر گەشەی مەعریفی لای منداڵ، هەروا کارایی مامۆستایانی باخچە لەبەکارهێنانی زیرەکی دیجیتاڵی کاریگەری لەسەر منداڵان هەیە، کە لەڕێگەی ئەزموونی پەروەردەییەوە پێشکەشی منداڵانی دەکەن و فێریان دەکەن.(الدسوقي وأحمد،2021:262)

**(5) توێژینەوەی (Dore and Dynia, 2020):**

بەناونیشانی (بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاو میدیا لەپۆلەکانی پێش چوونە قوتابخانە: بڵاوبوونەوە، مەبەستو چوارچێوەکان)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی وێنەیەکی ورد بووە لەبارەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاو میدیا لەپۆلەکانی پێش قۆناغی قوتابخانە (باخچەی منداڵان)، بەتایبەت رادەی پشتگیرکردن یان نەکردنی بەشداربووانی توێژینەوەکە لەبارەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاو میدیا لەباخچەی منداڵان بۆ مەبەستی فێرکاری (فێرکردنی مادەی نوێ یان مادەی مەشقکردن)، یان بۆ مەبەستی نافێرکاری (کاتبەسەربردن یان وەك پاداشتێك). توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستووەو لەڕێگەی فۆرمی راپرسیەوە زانیارییەکان کۆکراونەتەوە، کە توێژەران لەڕێگەی ئیمەیڵو لینکێکەوە بەسەر (317) مامۆستادا دابەشیان کردووە. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، تابلێتو کۆمپیوتەر زۆرترین بەکارهێنانیان هەبووە لەلایەن مامۆستایانەوە، لەکاتێکدا مۆبایلە زیرەکەکانو تەلەفزیۆن کەمتر بووە، مامۆستایان زۆرترین جار تابلێتو کۆمپیوتەرو مۆبایلی زیرەکیان بۆ مەبەستی فێرکاری بەکارهێناوە، بەڵام زۆرترین جار تەلەفزیۆن بۆ کاتبەسەربردن بەکارهێنراوە.

[4] ئەپەکانی زیرەکی دیجیتاڵی؛ بەرنامەی پەروەردەیی ئەلیکترۆنین کە منداڵانی باخچە لەڕێگەی تابلێتو کۆمپیوتەرو ئامێرە دیجیتاڵییەکانەوە بەکاریدەهێنن، بەمەبەستی زیادکردنی گەشەی مەعریفیان.

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیاو میدیا پاڵپشتی فێربوونی منداڵ دەکەن.(Dore and Dynia,2020:1-14)

**(6) توێژینەوەی (وزیریان ونعمان اف، 2018):**

بەناونیشانی (کاریگەری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەفێرکردنو ئاستەنگەکانی بەردەمی)، ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی کوالیتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئاستی کاریگەریو هەروا ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانێتی لەپرۆسەی فێرکردنو فێربوون لەڕوانگەی مامۆستایانەوە، توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەش بریتیبووە لەسەرجەم مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی لەناوچەی سێی ناوەندی شاری تاران، نموونەی توێژینەوەکە (80) مامۆستابووە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون. لەڕێگەی پرسیارنامەیەکیشەوە کە توێژەر بەپێوەری لیکرت (Likert Scale)و بەڕاستگۆیی (98%) ئامادەیکردووە، داتاو زانیارییەکانی کۆکردۆتەوەو بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئامارییەکانیش بەرنامەی (SPSS)ی بەکارهێناوە. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، هیچ زەمینەیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەخوێندنگەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا نەبووە، هەروا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بۆچوونی مامۆستایانی (نێرو مێ) سەبارەت بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی پەروەردەو ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی نەبووە، ئەو مامۆستایانەی ئەزموونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان لەوانەوتنەوەدا هەبووە، لەو مامۆستایانەی کە ئەزموونیان کەمتر بووە، باشتر ئاستەنگەکانیان دیاریکردووە، بەپێی گۆڕاوی ئاستی بڕوانامەش، جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەنێوان مامۆستایاندا هەبووە.(وارث ونعمان اف،2018:114-124)

**(7) توێژینەوەی (القلاف وجوهر، 2017):**

بەناونیشانی (کارامەیی تەکنۆلۆجیای پێویست بۆ پەرەپێدانی پیشەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان). ئامانجی توێژینەوەکە؛ دروستکردنی لیستێکە لەپێداویستییە تەکنۆلۆجییەکان کە دەبێت بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەردەست بێت، لەگەڵ دروستکردنی لیستێك لەکارامەییە تەکنۆلۆجییەکان کە پێویستە بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش؛ توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە لەگەڵ ئامادەکردنی لیستێك لەکارامەیی بەکارهێنانی گەڕان لەگۆگڵو لیستێك لەکارامەیی بەکارهێنانی فەیسبوكو لیستێك لەکارامەیی بەکارهێنانی سمارت بۆرد لەلایەن توێژەرەوەو جێبەجێکردنی بەسەر (95) مامۆستای باخچەی منداڵان کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەشەش ناوچەی پەروەردەیی لەکوەیت هەڵبژێردراون. بەپێی ئەنجامەکان لیستێك لەکارامەیی بەکارهێنانی گەڕانی گۆگڵو فەیسبوكو سمارت بۆرد ئامادەکراوە، کە دەکرێت لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە پیادە بکرێت لەپێناوی گەشەپێدانی کارامەیی تەکنەلۆجیایان

لەسەردەمی دیجیتاڵیدا. دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی ئامرازە نوێنەکانی ڕاگەیاندن لای ئەندامانی توێژینەوەکە لەئاستێکی باشدا بووەو لەبەکارهێنانی فەیسبووکدا کارامەبوون، بەڵام کەمترین کارامەیی لەبەکارهێنانی سمارت بۆرددا بووە.(القلاف وجوهر، 2017: 1070)

**(8) توێژینەوەی (علي، 2016):**

بەناونیشانی (ئاڕاستە دەروونییەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر). ئامانجی توێژینەوەکە؛ زانینی ئاڕاستەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵانە بەرامبەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك کەرەستەیەکی پەروەردەیی، هەروا زانینی ئاڕاستەکانیان بەپێی گۆڕاوەکانی ساڵانی خزمەتو بڕوانامەی ئەکادیمی. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش؛ توێژەر میتۆدی وەسفی ڕوپێوی بەکارهێناوەو (160) مامۆستای باخچەی منداڵانی لەهەردوو ناوچەی (ڕەسافەو کەرخ) لەشاری بەغدا بەشێوەیەکی هەڕەمی بۆ نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، لەبەررۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو؛ پێوەرێکی بۆ ئاڕاستەکانی مامۆستایانی باخچە بەرامبەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ئامادەکردووەو دوای دەرکردنی ڕاستیو جێگری پێوەرەکەو جێبەجێکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە. توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئاڕاستەی مامۆستایانی باخچە بەرامبەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ئەرێنی بووەو هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئاستەکانی ساڵانی خزمەتی مامۆستایانو ئاڕاستەکانیان بەرامبەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر نەبووە، بەڵام بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە جیاوازی لەنێوان ئاڕاستەکانیاندا هەبووە.(علي،2016: 36)

**(9) توێژینەوەی (Helen Knauf, 2016):**

بەناونیشانی (جیهانە کۆمەڵایەتییە تێکەڵاوەکان: بەدواداچوون بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەباخچەدا)، ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە بووە لەبارەی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە باخچەی منداڵانو کارەکتەرە سەرەکییەکانی (منداڵ، مامۆستا، خێزان) جیهانێکی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی ئامرازو فۆرمە جیاجیاکانی میدیای دیجیتاڵییەوە پێکدەهێنن، ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی کە چۆن میدیای دیجیتاڵی لەژینگەیەکی سەرەتایی باخچەی منداڵاندا بەکاردەهێنرێتو گۆڕانکاری لەپەیوەندی نێوان کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات، توێژەر پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستووەو لەڕێگەی ئامرازەکانی (فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن، بەڵگەنامەو تێبینی)ەوە داتاکانی کۆکردۆتەوە. نموونەی توێژینەوەکە پۆلێکی باخچەی منداڵان بووە لەشارۆچکەیەکی بچووك لەویلایەتی ڤێرمۆن لەئەمریکا، کە (17) خوێندکار (12 کورو 5 کچ) لەپۆلەکەدا بوون، توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ مامۆستای پۆلەکەو دوو دایكو باوكو (4) خوێندکار ئەنجامداوە، دیاریکردنی منداڵەکانیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بووەو سەرجەم چاوپێکەوتنەکان تۆمارکراونو نووسراونەتەوەو

پاشان لەلایەن توێژەرەوە شیکاری ناوەڕۆك بۆ داتاکانو ئەو وێنەو چالاکییانە کراوە کە منداڵەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویان کردۆتەوە. توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە؛ بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری پەیوەندییەکان هەبووە، هەم کوالیتیو هەم چەندایەتی پەیوەندییەکانی ناو باخچەیان گۆڕیوەو قەبارەی پەیوەندییەکان زیادیانکردووەو منداڵەکانیش رۆژانە لەپلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە پۆستیان کردووە، سەرباری ئەوەش ئەگەر پێشتر مامۆستا لەرێگەی پۆستەوە پەیوەندی لەگەڵ دایكو باوك کردبێت، ئێستا لەسایەی ئەم ئامرازانەوە هەفتەی جارێك پەیوەندی دەکەنو پەیوەندییەکانیش یەکلایەنە نییە، بەڵکو دوولایەنەیەو دایكو باوکەکانیش دەتوانن وەڵامبدنەوە.(Knauf,2016:254-270)

**(10) توێژینەوەی (الشعيي، 2015):**

بەناونیشانی (دۆخی بەکارهێنانی ئەپە پەروەدەییەکان لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە). ئامانجی توێژینەوەکە؛ زانینی دۆخی بەکارهێنانی ئەپە پەروەردەییەکانی ئامێرە زیرەکەکان لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵانو زانینی رادەی بەکارهێنانو سود وەرگرتن لەو ئامێرانەیە لەکردەی فێرکردنو ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانیان. توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووەو توێژەر فۆرمی راپرسی ئامادەکردووە بۆ زانینی دۆخی مامۆستایان لەبەکارهێنانی ئەپە پەروەردەییەکانی ئامێرە زیرەکەکانو بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکردووە کە لە(50) مامۆستای باخچە پێکهاتووەو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەکۆی باخچە حکومیو تایبەتەکانی شاری مەککە هەڵبژاردووە. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە؛ دۆخی مامۆستایانی باخچە لەبەکارهێنانی ئەپە پەروەردەییەکانی ئامێرە زیرەکەکانو سود وەرگرتنی مامۆستایان لەو ئامێرانەو ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانیان لەکردەی فێرکردندا لەئاستی ناوەندا بووە، هەربۆیە خواستی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە لاواز بووە.(الشعيي،65:2015)

**(11) توێژینەوی (زاد، 2014):**

بەناونیشانی (پشکنینی تێکڕای بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندنی پەروەردەییو دیزاینکردنی کێشەو ئاستەنگەکانی لەدیدگای مامۆستایانو بەرپرسانی کارگێڕی پەروەردەو فێرکردنەوە). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە بووە لەبەکارهێنانی میدیای نوێی پەروەردەییو دیاریکردنی کێشەو ئاستەنگەکانیان لەڕوانگەی لێپرسراوانو مامۆستایانی بەشی پەروەردەو فێرکردن لەشاری قائمیەی باشووری ئێران، توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووەو فۆرمی راپرسی وەك ئامڕازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە لە (455) کەس لەلێپرسراو و مامۆستایانی بەشی پەروەردەو فێرکردن لەشارەکە پێکهاتووەو لەکۆی ئەو ژمارەیەش، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی

(188) کەس وەك نموونەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە. پرسیارنامەی توێژینەوەکە (30) پرسیاری لەخۆگرتووەو لەڕێگەی وەرگرتنی بۆچوونی پسپۆڕانو شیکردنەوەی بابەتەکانەوە، ڕەوایەتی پرسیارنامەکە سەلمێنراوە. لەکۆتایدا توێژەر کۆمەڵێك لەو فاکتەرانەی دەستنیشانکردووە کە ڕێگرو بەربەستبوون لەبەردەم بەکارهێنانی میدیای نوێ پەروەردەیی لەوانە (گرانی کەرەستەکان، لاوازی دارایی خوێندکاران، نەبوونی هۆشیاری مامۆستایان لەبارەی ڕۆڵو کاریگەری ئەرێنی بەکارهێنانی میدیای نوێ پەروەردەیی، نەشیاوی ژینگەی پۆل، زۆری ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندنو قورسی دیزاینکردنیان) هەموو ئەو فاکتەرانەش لێکچوو بوون لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو. سەرباری ئەوەش، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دۆخی بەکارهێنای میدیای نوێ پەروەردەیی لەڕوانگەی بەڕێوەبەرانو مامۆستایانی شاری قائمیەوە تاڕادەیەك لەبارەو کاریگەری میدیای نوێ پەروەردەیی لەپرۆسەی فێرکردنو فێربوون لەئاستێکی بەرزدایە.(زاد،2014:145-164)

**گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو**

- **لەڕووی ئامانجەوە؛** هەندێك لەو توێژینەوانەی کە خراونەتەڕوو ئامانجیان دۆخ و کۆسپەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامڕازەکانی میدیای نوێ بووە، لەوانە توێژینەوەکانی؛ (الشعيبى، 2015)، (زاد، 2014)، (Dore and Dynia، 2022)، (Helen Knauf، 2016)، هەندێکی دیکەیان ئامانجیان کاریگەریو هۆشیاری بەکارهێنانی میدیای نوێ بووە لەوانە توێژینەوەکانی (وزیریان ونعمان اف، 2018)، (الدسوقي وأحمد، 2021)، هەریەك لەتوێژینەوەکانی (Konca and Paul، 2021) ئامانجی ڕادەی بەکارهێنانو (ناصيف، 2021) ئامانجی پراکتیزەکردنو (القلاف وجوهر، 2017) ئامانجی کارامەیی تەکنۆلۆجیاو (على، 2016) ئامانجی ئاڕاستە دەروونییەکانی مامۆستایان هەبووە بەرامبەر بەکارهێنانی میدیای نوێ، توێژینەوەی ئێستا سودی لەسەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووەو ئامانجی توێژینەوەکە لەگەڵ بەشێکی زۆر لەئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو هاوتایە.
- **لەڕووی میتۆدەوە؛** توێژینەوەی ئێستا سودی لەسەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە، هەربۆیە لەگەڵیاندا هاوتایەو هەموویان پشتیان بەمیتۆدی (وەسفی) بەستووە.
- **لەڕووی کۆمەڵگەو نموونەوە؛** توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ زۆرینەی هەرە زۆری توێژینەوەکانی پێشوو هاوتایەو ئەمەش خاڵێکی ئیجابی بووە بۆئەوەی توێژەر سودیان لێوەربگرێت، بەوپێیەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکان (مامۆستایانی باخچەی منداڵان) بوون، جگەلە توێژینەوەکانی (وزیریان ونعمان اف، 2018) کە مامۆستایانی بنەڕەتیو توێژینەوەی (زاد، 2014) کە مامۆستاو لێپرساوانی پەروەردە بووە.

- **لەڕووی ئامرازەوە؛** زۆرینەی توێژینەوەکانی پێشوو، بەتایبەت توێژینەوەکانی (الشعيي، 2015)، (ناصیف، 2021)، (زاد، 2014)و (وزيريان ونعمان اف، 2018) فۆرمی ڕاپرسیان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە، بۆیە توێژەر سودی لەزۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ ئامادەکردنی پرسیارنامەی توێژینەوەکە. جیاواز لەوان توێژینەوەکانی (الدسوقي وأحمد، 2021)و (على، 2016) فۆرمی ڕاپێوی بەراییو فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە، تەنیا توێژینەوەی (Helen Knauf, 2016) نەبێت، کە فۆرمی ڕاپرسیو چاوپێکەوتنو تێبینی بەکارهێناوە، ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا هاوتایە.
- **لەڕووی کەرەستەی ئامارییەوە؛** توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوودا هاوتایە، بەتایبەت توێژینەوەی (ناصیف، 2021) کە چەندبارە، ڕێژەی سەدی، هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن، هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی و (T-Test)ی بەکارهێناوە، هەربۆیە توێژینەوەی ئێستا لەڕووی بەکارهێنانی ڕێگای گونجاوی ئاماری سودی لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.
- بەگشتی توێژەر سودی لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە لەڕووی تیۆری و دەستکەوتنی سەرچاوەی هەمەلایەن بۆ توێژینەوەکەی.

# بەشی سێیەم

# میتۆدو ڕێکارەکانی توێژینەوە

3.1 میتۆدی توێژینەوە

3.2 کۆمەڵگەی توێژینەوە

3.3 نموونەی توێژینەوە

3.4 ئامڕازی توێژینەوە

3.5 ئامڕازی ئاماری

# بەشی سێیەم

# میتۆدو ڕێكارەكانی توێژینەوە

ئەم بەشە باس لەوەسفكردنی كۆمەڵگەی توێژینەوەو شێوازی هەڵبژاردنی نموونە، ئامڕازی كۆكردنەوەی زانیاری، ڕاستیی‌و جێگیری ئامڕازی توێژینەوەكە دەكات، سەربارى وەسفكردنی گۆڕاوەكانی توێژینەوەكەو چارەسەری ئاماری، كە بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەكە بەكارهاتوون.

## 3.1 میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەكە، میتۆدی وەسفی ڕوپێوی بەكارهێنرا، كە گونجاوە لەگەڵ سروشت‌و ئامانجی توێژینەوەكە، ئەویش لەسەر بنەمای دیاریكردنی ئاستی بەكارهێنانی ئامڕازەكانی میدیای نوێ لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا.

## 3.2 كۆمەڵگەی توێژینەوە

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتییەلە مامۆستایانی باخچەی منداڵان (نێر، مێ) لەباخچە (حكومی‌و ناحكومییەكان) لەشاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023)، كە بەپێی ئاماری بەشی پلاندانانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023)، ژمارەیان (1187) مامۆستایەو بەسەر هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات (384) مامۆستاو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا (803) مامۆستا دابەشكراوە. هەروەك لەخشتەی (1)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1)**

**دابەشبوونی كۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | حكومی | | | | ناحكومی | | | | كۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| نێر | 28 | 8 | 84 | 12.7 | 0 | 0 | 8 | 5.7 | 120 | 10.1 |
| مێ | 324 | 92 | 579 | 87.3 | 32 | 100 | 132 | 94.3 | 1067 | 89.9 |
| كۆ | 352 | 100 | 663 | 100 | 32 | 100 | 140 | 100 | 1187 | 100 |

لەخشتەی (1)دا ئەوە ڕوونكراوەتەوە كە ڕێژەی ڕەگەزی مێ بەراورد بەڕەگەزی نێر زیاترە،و (89.9%)ی كۆمەڵگەی توێژینەوەی پێكهێناوە، كە دەكاتە زیاتر لە سێ لەسەر چواری مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەهەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا (حكومی‌و ناحكومی). ئەمەش ڕەنگە ئەو ڕاستییە ڕوون بكاتەوە كە مامۆستایانی ڕەگەزی نێر كەمتر لەباخچەكاندا وانە دەڵێنەوە، هەروەك لەخشتەكەشدا دەركەوتووە

ڕێژەی (10.1%)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای کردنەوەی باخچەوەکانەوە بڕیاردراوە مامۆستایانی ڕەگەزی مێ وانە بڵێنەوەو بەیاساش[5] جێگیرکراوە، وە بۆتە جۆرێك لەکەلتورو تێڕوانینی باوکە مامۆستای باخچە هەر دەبێت لەڕەگەزی مێ بێت، ئەو مامۆستایانەش کە ڕەگەزی نێرنو لەباخچەکاندان، بەشێکی زۆریان بەڕێوەبەرن یاخود کارە هونەریو کارگێڕییەکان جێبەجێدەکەنو ژمارەیەکی زۆر کەمیان وانەدەڵێنەوە. سەرباری ئەوەش ژمارەی مامۆستایان (نێر، مێ) لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات کەمترە لەپەروەردەی ڕۆژئاوا، بەهۆی فراوانی سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتو زۆری ژمارەی مامۆستایانەوە. لەخشتەکەدا دەرکەوتووە، کە جیاوازی هەیە لەنێوان ڕێژەی مامۆستایان بەپێی جۆری خوێندن، لەخوێندنی حکومی ڕێژەی ڕەگەزی نێر زیاترە لەخوێندنی ناحکومی، بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ لەحکومی کەمترە لەناحکومی.

### 3.3 نموونەی توێژینەوە

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەو لەبەر گەورەیی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە، توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی نموونەیەکی بەڕێژەی (15%) لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەی وەرگرت، کە دەکاتە (179) مامۆستا بەنزیککراوەیی.

**خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوە**

**یەکەم / ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە:**

سەبارەت بەڕەگەزی مامۆستایان (نێر، مێ) بەشدار لەتوێژینەوەکە لەهەردوو پەروەردەی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا (حکومی، ناحکومی)، ژمارەو ڕێژەی مامۆستایان لەخشتەی (2) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (2)**

**وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | حکومی | | | | ناحکومی | | | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| نێر | 4 | 7.5 | 13 | 13 | 0 | 0 | 1 | 4.8 | 18 | 10.1 |
| مێ | 49 | 92.5 | 87 | 87 | 5 | 100 | 20 | 95.2 | 161 | 89.9 |
| کۆ | 53 | 100 | 100 | 100 | 5 | 100 | 21 | 100 | 179 | 100 |

[5] بەپێی برگەی یەك لەمادەی (5)ی یاسای ژمارە 11ی ساڵی 1978ی عێراق، تەنیا هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ لەڕەگەزی مێ لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەو دەروونناسیو باخچەی منداڵانو دەرچووانی پەیمانگەی مامۆستایانو هاوشێوەکانی، لەباخچەی منداڵان دادەمەزرێن.

لەخشــتەی (2)دا ئەوە روونکــراوەتەوە، کە ڕێــژەی مامۆســتایان لەڕەگەزی نێــر لەهەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئـاوا (حکـومیو نـاحکومی) بەراورد بەڕێـژەی مامۆســتایان لەڕەگەزی مێ کەمـترەو (10.1)ی پێکهێنـاوە، کە دەکاتە کەمـتر لەیەك لەسـەر چـواری ژمـارەی مامۆسـتایانی بـاخچە لەهەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا (حکومیو ناحکومی). هۆکاری جیاوازییەکەش بۆ خواستی مامۆستایانو دۆخی باخچەی منداڵان دەگەڕێتەوە، کە زیاتر مامۆستایان لەڕەگەزی مێ ئارەزوو دەکەن لەباخچەی منداڵاندا وانە بڵێنەوە. هــەر لەخشــتەکەدا دەردەکــەوێت، کە ڕێــژەی مامۆســتایان لەڕەگەزی (نــێرو مێ) لەخوێنــدنی حکــومی پەروەردەی ڕۆژهەڵات زیـاترە بەراورد بەخوێنـدنی نـاحکومی ڕۆژهەڵات، هۆکـارەکەی ئەوەیە کە ژمـارەی بـاخچەی نـاحکومی لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات کەمەو ئەوەش جیـاوازییەکەی دروسـتکردووە، بەڵام ژمـارەی مامۆســتایان لەڕەگەزی (نــێرو مێ) لەخوێنــدنی حکــومی ڕۆژئــاوا بەراورد بەخوێنــدنی نــاحکومی ڕۆژئــاوا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هۆکارەکەی بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر لەباخچەی ناحکومی لەسنووری پەروەردەی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە.

**دووەم / تەمەنی نموونەی توێژینەوە:**

توێــژەر لەنێــو سێ گروپــدا تەمــەنی مامۆســتایانی بــەشدار لەتوێــژینەوەکەی لەهــەردوو پــەروەردەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا (حکومی، ناحکومی) لەخشتەی (3)دا خستۆتەڕوو.

**خشتەی (3)**

**وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی تەمەن**

| تەمەن | حکومی | | | | ناحکومی | | | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| 29-20 | 1 | 1.9 | 0 | 0 | 3 | 60 | 17 | 81 | 21 | 11.7 |
| 39-30 | 24 | 45.3 | 46 | 46 | 2 | 40 | 4 | 19 | 76 | 42.5 |
| 49-40 | 28 | 52.8 | 54 | 54 | 0 | 0 | 0 | 0 | 82 | 45.8 |
| کۆ | 53 | 100 | 100 | 100 | 5 | 100 | 21 | 100 | 179 | 100 |

لەخشتەی (3)دا دەردەکەوێت، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 40-49 ساڵدایە زۆرینەن لەنێو مامۆستایانی باخچە حکومییەکان لەهەردوو پەروەردەی (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا)و ڕێژەی (45.8%) پێکدەهێنن، بەدوایدا ئەوانە دێن کە تەمەنیان لەنێوان 30-39 ساڵدایەو ڕێژەی (42.5%) پێکدەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە زۆریـنەی ئەو مامۆسـتایانەی لەبـاخچە حکومییەکـانی هەردوو پەروەردەی (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئـاوا) وانە

دەڵێنەوە بەتەمەنترن بەراورد بەوانی دیکە، بەواتایەکی دیکە ئەزموونی کاری مامۆستایەتیان زیاترە، لەکاتێکدا ئەوانەی ئەوانەی تەمـەنیان لـەنێوان 20-29 سـاڵدایە رێـژەی (11.7%) پێکـدەهێنن، کە زۆریـنەی هەرە زۆریـان لەبـاخچە ناحکومییەکـانی (رۆژهەڵاتو رۆژئـاوا)دان، واتــە زۆریـنەی مامۆســتایانی بـاخچە ناحکومییەکانی (رۆژهەڵاتو رۆژئاوا) گەنجترن بەراورد بەوانی دیکە.

### سێیەم / ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە:

پەیوەندیدار بەبڕوانامەی ئەنـدامانی نمـوونەی تـوێژینەوە، ژمارەو رێژەی مامۆسـتایان لەخشـتەی (4)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (4)**

**وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندن**

| بڕوانامە | حکومی | | | | ناحکومی | | | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | رۆژهەڵات | | رۆژئاوا | | رۆژهەڵات | | رۆژئاوا | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| دبلۆم | 35 | 66 | 72 | 72 | 0 | 0 | 1 | 4.8 | 108 | 60.3 |
| بەکالۆریۆس | 18 | 34 | 28 | 28 | 5 | 100 | 20 | 95.2 | 71 | 39.7 |
| کۆ | 53 | 100 | 100 | 100 | 5 | 100 | 21 | 100 | 179 | 100 |

لەخشـــتەی (4)دا ئەوە روونکـــراوەتەوە، کە لەهەردوو پەروەردەی رۆژهەڵاتو رۆژئـــاوا (حکـــومیو نـاحکومی) رێـژەی (60.3%)ی مامۆســتایانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە، واتە زیـاتر لەنیـوەی مامۆسـتایان لەهەردوو پەروەردەکە، بڕوانـامەی دبلۆمیـان هەیە. لەبەرامبەریشـدا رێـژەی (39.7%)ی مامۆســتایانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە، بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـیان هەیە. هەر لەخشـتەکەدا دەرکەوتـووە، کە هەڵگـرانی بڕوانـامەی دبلـۆم لەخوێنـدنی حکـومی زیـاترن لەخوێنـدنی نـاحکومی، لەبەرامبەریشـدا هەڵگرانی بڕوانـامەی بەکالۆریۆس لەخوێندنی حکومی کەمترن لەخوێندنی ناحکومی.

### چوارەم / ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوە:

لەبارەی ساڵانی خزمەتی مامۆستایانی بەشدار لەتوێژینەوەکە، توێژەر لەنێو پێنج گروپدا ساڵانی خزمەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەی لەخشتەی (5)دا خستۆتەڕوو.

**خشتەی (5)**

**وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە بەپێی ساڵانی خزمەت**

| خزمەت بەساڵ | حکومی | | | | ناحکومی | | | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| 5-1 | 1 | 1.9 | 1 | 1 | 2 | 40 | 14 | 63.6 | 18 | 10 |
| 10-6 | 6 | 11.3 | 4 | 4.1 | 3 | 60 | 7 | 31.8 | 20 | 11.2 |
| 15-11 | 9 | 17 | 22 | 22.2 | 0 | 0 | 0 | 0 | 31 | 17.3 |
| 20-16 | 16 | 30.2 | 32 | 32.3 | 0 | 0 | 1 | 4.6 | 49 | 27.4 |
| 25-21 | 21 | 39.6 | 40 | 40.4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 61 | 34.1 |
| کـۆ | 53 | 100 | 99 | 100 | 5 | 100 | 22 | 100 | 179 | 100 |

لەخشتەی (5)دا ئەوە روونکراوەتەوە، کە زۆرینەی مامۆستایانی حکومی (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا)، ساڵانی خزمەتیان لەنێوان 21-25 ساڵیدایەو ڕێژەی (34.1%) پێکدەهێنن. لەبەرامبەریشدا زۆرینەی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکانی (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا) ساڵانی خزمەتیان لەنێوان 1-5 ساڵو 6-10 ساڵیدایە، کە ڕێژەی (63.6%)و (31.8%) پێکدەهێنن. هەر لەخشتەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو مامۆستایانەی خزمەتیان لەنێوان 1-5 ساڵیدایە ڕێژەیان لەخوێندنی ناحکومی زیاترە، بەڵام ئەو مامۆستایانەی خزمەتیان لەنێوان 21-25 ساڵیدایە، ڕێژەیان لەخوێندنی حکومی زیاترە لەخوێندنی ناحکومی بەپێچەوانەشەوە.

## 3.4 ئامڕازی توێژینەوە

بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی کێشەو پرسیارەکانو لەپێناوی گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە؛ توێژەر دوو ئامڕازی توێژینەوەی بەکارهێنا:

**یەکەم/ تێبینیکردن:** توێژەر دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی سەردانی مەیدانی بۆ (68) باخچەی (حکومیو ناحکومی) لەهەردوو پەروەردەی (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا)ی شاری سلێمانی ئەنجامدا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتی توێژینەوەکە. (پاشکۆی ژمارەی 1، 2، 3، 4)

**کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری باخچەکان لەسەر دوو ئاست:**

1- توێژەر زانیاری دەربارەی بەکارهێنانی ئەو ئامڕازانە کۆکردەوە، کە لەکاتی وانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە بەکاردەهێنرێن، هەروەك لەخشتەی (6)دا بەڕیزبەندی ئەو ئامڕازانە خراونەتەڕوو، کە لەباخچەکاندا بەکاردەهێنرێن.

### خشتەی (6)

### بەکارهێنانی ئامڕازو تەکنۆلۆجیای میدیای نوێ لەباخچەکاندا

| ژ | ئامڕاز | چەندبارە | ڕێژەی سەدی (%) | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | داتاشۆ | 65 | 13.51 | 2 |
| 2 | لاپتۆپ | 57 | 11.85 | 4 |
| 3 | رادیۆی ناوەندی | 56 | 11.64 | 5 |
| 4 | یوتیوب | 66 | 13.72 | 1 |
| 5 | ئینتەرنێت | 29 | 6.03 | 7 |
| 6 | فلاش | 59 | 12.27 | 3 |
| 7 | سپیکەر | 66 | 13.72 | 1 |
| 8 | سمارت بۆرد | 4 | 0.83 | 9 |
| 9 | مۆبایل | 53 | 11.02 | 6 |
| 10 | تەلەفزیۆن | 26 | 5.41 | 8 |
| | کـــۆ | 481 | 100 | |

لەخشــتەی (6)دا ئەوە دەردەکەوێــت، کە (یوتیــوب، ســپیکەر) زۆرتــرین بەکارهێنانیــان هەبــووە لەباخچەکانداو لەپلەی یەکەمدان، (داتاشۆو فلاش) لەپلەی دووەمو سێیەمدان، لەبەرامبەریشدا سمارت بۆرد کەمترین بەکارهێنانی هەبووەو لەپلەی نۆیەمدا بووە. هۆکەرەکەی ئەوەیە ئەو ئامڕازانەی بەکارهێنانیان زۆر بـووە، ئاسـانتر بەردەسـتبوون لەلایەن باخچەکانەوەو تێچـوویەکی زۆریان پێویسـت نەبـووە، بەڵام ئەو ئامڕازانەی بەکارهێنانیان کەم بووە، بەشێك لەباخچەکان هۆکارەکەیان بۆ نا پێویستی بەکارهێنانی ئامڕازەکە لەکاتی وانەوتنەوەداو هەندێکی دیکەشیان هۆکارەکەیان بۆ دابین نەکردنی ئامڕازەکە گەڕاندۆتەوە.

2- توێژەر زانیاری دەربارەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی سۆشیال میدیا کۆکردەوە، کە باخچەکان بۆ پەیوەندیکردنو گەیاندنی پەروەردەیی بەکاریدەهێنن. وەك لەخشتەی (7)دا بەڕیزبەندی خراوەتەڕوو.

### خشتەی (7)

### ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەباخچەکاندا

| ژ | ئامڕاز | چەندبارە | ڕێژەی سەدی (%) | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فەیسبوك | 67 | 40.1 | 1 |
| 2 | ڤایبەر | 57 | 34.1 | 2 |
| 3 | تیلیگرام | 20 | 12 | 3 |
| 4 | ئینیستاگرام | 10 | 6 | 4 |
| 5 | سناپ چات | 4 | 2.4 | 6 |
| 6 | واتسئەپ | 9 | 5.4 | 5 |
| | کـــۆ | 167 | 100 | |

لەخشتەی (7)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە رێژەی بەکارهێنانی ئامرازی فەیسبووك لەناو باخچەکاندا لەئاستێکی بەرزدایەو پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەهەمانشێوە ڤایبەر لەئاستێکی زۆرباشدایەو بەپلەی دووەم هاتووە، بەکارهێنانی ئامرازی تیلیگرامیش لەئاستێکی ناوەندایەو پلەی سێ وەرگرتووە، بەڵام بەکارهێنانی ئامرازەکانی (ئینستاگرام، سناپ چاتو واتسئەپ) لەئاستێکی نزمدانو پلەکەیان لەنێوان (4 بۆ 6)دایە.

**دووەم: فۆرمی راپرسی:** توێژەر فۆرمێکی بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سەبارەت بەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا ئامادەکرد.

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆرمی راپرسی**

**یەکەم / چاوخشاندنەوە بەتوێژینەوەکانی پێشوو:** بەمەبەستی دیاریکردنی تەوەرەکانی فۆرمەکە، توێژەر چەند توێژینەوەیەکی دەستکەوت، کە بریتیبوون لەتوێژینەوەکانی: (محروس، 2018)، (أحمد، 2019)، (الغامدي، 2019)، (الدسوقي، 2021)، (حسن، 2012)، (سالم، 2019)، (الراشد، 2017)، (السنيد، 2020)، (أبو رباع، 2021)، (العتيبي، 2019)، (سالم، 2021)، (الشعيبي، 2015)، (رضوان، 2021)، (أحمد، 2021). لەو توێژینەوانەوە (85) برگەی ئامادەکرد، کە بەسەر تەوەرەکانی (بەکارهێنان، هۆشیاری، فێرکردنو پراکتیزەکردن)دا دابەشکرابوو، هەروەك لەپاشکۆی (5)دا خراوەتەڕوو.

**دووەم / راستیی ئامرازی توێژینەوە:** راستیی بریتییەلە دووەم خەسڵەتی ئامرازی پێوانەکردن، کە دروستیو توانای ئامرازەکە بۆ پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندی لەپێناویدا دارێژراوە دەردەخات.(محاسنة،149:2013) بەو مانایەی کە تاقیکردنەوەی راستگۆیانە ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە تەنیا ئەو شتە دەپێوێت کە بۆی دارێژراوە بەدەر لەوە هیچ شتێکی دیکە ناپێوێت.(ملحم،270:2012)

بەسەرنجدان لەجۆرەکانی راستی کە لەلایەن پسپۆڕانی دەروونزانیو پەروەردەییەوە ئاماژەیان پێدراوە، توێژەر چەند رێگایەکی گرتۆتەبەر بۆ دەرهێنانی راستیی ئامرازی توێژینەوەکە، کە بریتیبوون لەڕاستی وەرگێڕانو راستی رواڵەتیو راستی بنیاتنان.

1- **راستیی وەرگێڕان (Translation validity):** بەمەبەستی دیاریکردنی راستیی وەرگێڕان، توێژەر فۆرمەکەی پیشانی شارەزایەکی زمانی عەرەبی داکە کوردی بەباشی دەزانێت، بۆئەوەی فۆرمەکە وەربگێڕدێتەسەر زمانی کوردی، وەك لەپاشکۆی (6)دا خراوەتەڕوو. پاشان فۆرمەکە پیشانی شارەزاییەکی زمانی کوردی درا بۆئەوەی  وەربگێڕدرێتەسەر زمانی عەرەبی، دواتر فۆرمە رەسەنەکە لەگەڵ وەرگێڕدراوەکە پیشانی پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی درا تاوەکو بەراوردیان بکات، وەك لەپاشکۆی (7، 8)دا ئاماژەی پێدراوە. لەئەنجامدا دەرکەوت کە فۆرمە وەرگێڕدراوەکان هاوتای یەکترن.

2- **راستیی رواڵەتی (Face Validity):** توێژەر بەمەبەستی دەرهێنانی راستی ئامرازی توێژینەوە، فۆرمە بەرایەکەی پێشکەش بەچەند پسپۆرو شارەزاییەك لەبوارەکانی (دەروونناسی پەروەردەیی،

فەلسەفەی پەروەردەیی، راگەیاندنو میدیای پەروەردەیی) کرد، کە ژمارەیان (17) شارەزا بوو، هەروەك لەپاشکۆی (9)دا خراوەتەڕوو. ئەوانیش چەندین سەرنجو تێبینیان بەلابردنو هەموارکردنی هەندێك لەبڕگەکانی فۆرمەکە خستەڕوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەمتر لە(75%)ی شارەزایان کۆکبوون لەسەر لابردنو هەموارکردنەوەی هەندێك لەبڕگەکانو رێککەوتن رووینەدا، بۆیە سەرجەم بڕگەکان کە ژمارەیان (85) بڕگە بوو وەك خۆیان مانەوە. پاشان رێژەی سەدی بۆچوونی هەر شارەزایەك لەسەر بڕگەکانی فۆرمەکەو دواتر راستی بڕگەکانی فۆرمەکە دۆزرانەوەو لەئەنجامدا راستیی گشتی فۆرمەکە نمرەی (97.02%)ی بەدەستهێنا، هەروەك لەپاشکۆی (10)دا خراوەتەڕوو.

3- **راستیی بنیاتنان (Construct Validity):** ئەمجۆرە لەڕاستی لەڕێگەی هەژمارکردنی پەیوەندی نێوان نمرەی گشتی بڕگەکان لەگەڵ رەهەندەکانی تاقیکردنەوەکە دەردەکەوێت.(محاسنة،161:2013)

**فۆرمەکە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، کە بریتین لە:**

أ. تەوەری بەکارهێنان، کە (11) بڕگەی لەخۆگرتووە، لەبڕگەی (1 بۆ 11).

ب. تەوەری هۆشیاری، کە (29) بڕگەی لەخۆگرتووە، لەبڕگەی (12 بۆ 40).

ج. تەوەری فێرکردن، کە (25) بڕگەی لەخۆگرتووە، لەبڕگەی (41 بۆ 65).

د. تەوەری پراکتیزەکردن، کە (20) بڕگەی لەخۆگرتووە، لەبڕگەی (66 بۆ 85).

بەمەبەستی زیاتر دڵنیابوون لەڕادەی گونجاوی فۆرمەکە، توێژەر راستیی بڕگەکانی دەرهێنا، ئەویش بەپشتبەستن بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن لەنێوان کۆی نمری هەر تەوەرێك لەگەڵ نمرەی گشتی فۆرمەکە. لەڕێگەی بەرنامەی (SPSS-26)، ئەنجامەکەی لەخشتەی (8)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (8)**

**پەیوەندی هەر تەوەرێک بەنمرەی گشتییەوە**

| تەوەرەکان | ژ.بڕگە | هاوکۆلکەی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری | بەهای هاوکۆلکەی پێرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| **بەکارهێنان** | 11 | 0.589** | 0.00 | **ناوەند**[6] |
| **هۆشیاری** | 29 | 0.828** | 0.00 | **بەرز** |
| **فێرکردن** | 25 | 0.888** | 0.00 | **بەرز** |
| **پراکتیزەکردن** | 20 | 0.784** | 0.00 | **بەرز** |

[6] بەپێی پۆلێنی (Hinkle and Others, 1979) ئەگەر هاوکۆلکەی پێرسیۆن لەنێوان (0.00 بۆ کەمتر لە 0.30)دا بێت، بەهاکەی زۆر نزمە، ئەگەر لەنێوان (0.30 بۆ کەمتر لە 0.50)دا بێت، ئەوا بەهاکەی نزمە، ئەگەر لەنێوان (0.50 بۆ کەمتر لە 0.70)دا بێت، ئەوا بەهاکەی ناوەند-ە، ئەگەر لەنێوان (0.70 بۆ کەمتر لە 0.90)دا بێت، ئەوا بەهاکەی بەرزە، گەر لەنێوان (0.90 بۆ کەمتر لە 1.00)دا بێت، ئەوا بەهاکەی زۆر بەرزە.(النجار،203:2015)

لەخشتەی (8)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن لەنێوان هەر تەوەرێكو نمرەی گشتی لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.01)؛ لەنێوان (0.589-0.888)دایە،و گەورەترە لەبەهای خشتەیی هاوکۆلکەی پێرسۆن کە (0.208)ە، کە ئاماژەیە بۆ گونجانی تەوەرەکانی فۆرمەکەو نمرەی گشتی، هەروەها رەنگدانەوەی نمرەیەکی بەرزی راستییە لەنێوان برگەکانی فۆرمەکەدا.

**سێیەم / جێگیری ئامرازی توێژینەوە (Reliabilty):** توێژەر جێگیری ئامرازی توێژینەوەکەی بەچەند رێگایەك دەرهێناوە کە بریتین لە:

1- **رێگەی بەنیوەکردن** (Split – Half Method):

ئەم شێوازە دوای یەکجار لەجێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوە لەسەر ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بەکاردەهێنرێتو پشت بەدابەشکردنی نیوەیی دەبەستێت. بەپێی ئەم رێگەیە توێژەر ئەو نمرانەی لەئەنجامی تاقیکردنەوەکەیەوە بەدەستیدەهێنێت بەسەر دوو نیوەی هاوتادا (نیوەی یەکەم ژمارە تاکەکان)و (نیوەی دووەم ژمارە جوتەکان) دابەشی دەکات، پاشان لەرێگەی هاوکۆلکەی (سپێرمان - براون)ەوە پەیوەندی نێوان هەردوو گروپەکە دەدۆزرێتەوەو بەپێی ئەنجامەکەی بریاری لەسەر دەدرێت.(عبدالرحن،2008:181) بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری بەم رێگەیە، توێژەر فۆرمەکەی بەسەر (179) لێتوێژەردا جێبەجێکرد، پاشان لەرێگەی بەرنامەی (SPSS-26)ەوە وەڵامی لێتوێژەرانی بەسەر برگە تاكو جوتەکاندا دابەشکرد، دواتر لەرێگەی (هاوکۆلکەی سپێرمان - براون)ەوە جێگیری فۆرمەکەی دەرهێنا. هەروەك لەخشتەی (9) خراوەتەروو.

**خشتەی** (9)

**هاوکۆلکەی جێگیری لەرێگەی بەنیوەکردنەوە**

| هاوکۆلکەی پێرسۆن (پێش راستکردنەوە) | راستکردنەوەی پەیوەندی بەهاوکۆلکەی (سپێرمان – براون) | نموونە |
|---|---|---|
| 0.89 | 0.94 | 179 |

وەك لەخشتەی (9)دا دەردەکەوێت، بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لەنێوان نمرە تاكو جوتەکانی فۆرمەکەدا گەیشتۆتە (0.89)، بەڵام ئەم بەهایە گوزارشت لەجێگیری نیوەی تاقیکردنەوەکە دەکات، لەرێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (سپێرمان - براون)ەوە راستکرایەوەو دوای ئەوە بەهای جێگیری فۆرمەکە یەکسان بوو بە (0.94)، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە جێگیری فۆرمەکە لەئاستێکی زۆر بەرزدایە.

2- **رێگای شیکردنەوەی جیاوازی (Analysis Of Variance Method):**

ئەم شێوازە یەکێکە لەرێگاکانی شیکردنەوەی ئاماری کە کورتکراوەکەی (ANOVA)ەو بەتاقیکردنەوەی (F) ناسراوە، لەبنەرەتدا پشت بەشیکردنەوەی جیاوازییەکان دەبەستێت، کە دەتوانرێت لەرێگەی چەند جۆرێك هاوکۆلکەی بیرکارییەوە بۆ دەرهێنانی جێگیری بەکاربهێنرێت.(النجار،2015:242)

أ. **ئەلفا كرۆنباخ (Cronbach's alpha):** یەکێکە لەڕێگا باوەکانی دەرهێنانی جێگیری، کاتێك بەکاردەهێنرێت کە بژاردەکانی فۆرمەکە لەدوو دانە (0،1) زیاتر بێت، واتە بژاردەکان (1,2,3,...) بێت. ئەم هاوکۆلکەیە نوێنەرایەتی هەموو ئەو ڕێژانە دەکات کە لەئەنجامی دابەشکردنی فۆرمەکەدا دروست دەبن.(عبدالرحمن، 2008:186) بۆ زانینی بەهای جێگیری سەرجەم بڕگەکان کە ژمارەیان (85) بڕگەبوو، توێژەر لەڕێگەی بەرنامەی (SPSS-26)ەوەو بەهای (ئەلفاکرۆنباخ)ی دۆزییەوە، بەهای جێگیری بۆ فۆرمی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە (0.92)ە، ئەم بەهایەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە فۆرمەکە پلەیەکی بەرزی جێگیری هەیە.

ب. **هاوکۆلکەی هۆیت (Hoyt):** بۆ دڵنیابوونی زیاتر لەجێگیری فۆرمەکەو دیاریکردنی قەبارەی جیاوازی نێوان ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەو جیاوازی هەڵە، توێژەر ڕێگەی شیکردنەوەی دووانەیی بۆ نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهێنا کە ژمارەیان (179) مامۆستا بوو لەگەڵ بڕگەکانی فۆڕمەکە کە (85) بڕگە بوو، ئەویش بەبەکارهێنانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS-26)، ئەنجامەکەی لەخشتەی (10) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (10)**

**ئەنجامی شیکردنەوەی دوانەیی بۆ ئەژمارکردنی جێگیری**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی خشتەیی (SS) | نمرەی ئازاد (DF) | ناوەندی خشتەیی - جیاوازی (M.S) | بەهای (F)ی ئەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| **لەنێوان نموونەکاندا** | 367.575 | 178 | 2.065 | 107.403 | 0.00 |
| **لەنێوان بڕگەکاندا** | 1428.552 | 84 | 17.007 | | |
| **جیاوازی کارلێك (هەڵەی ماوە) (سامپڵ*بڕگە)** | 2367.542 | 14925 | 0.158 | | |
| **کۆی گشتی** | 4163.669 | 15214 | 0.274 | | |

لەخشتەی (10)دا دەردەکەوێت، بەهای (F)ی ئەژمارکراو (107.403)ەو گەورەترە لەبەهای (F)ی خشتەیی کە (3.9)یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەفۆرمەکەدا. پاشان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی شیکردنەوەی دوانەیی بۆ فۆرمەکە، توێژەر بەهای جێگیری بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی (Hoyt) دەرهێنا، بەپێی ئەم ڕێگەیە بەهای هاوکۆلکەی جێگیری یەکسانە بە (0.92) کە ئاماژەیە بۆئەوەی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە لەئاستێکی زۆر بەرزدایەو دەکرێت پشتی پێبەسترێت.

**چوارەم / دابەشکردنی نمرەکانی فۆرمەکە:** بەشێوەیەك کە بژاردەی (بەڵێ) ژمارە (3)، بژاردەی (نەخێر) ژمارەیە (1)و بژاردەی (هەندێکجار) ژمارە (2)ی بۆ دانرا.

**پێنجەم / جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوە:** دوای تەوابوونی هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆرمەکە، توێژەر لەرێکەوتی (2022/10/3) لەرێگەی گۆگڵ فۆرم (Google Form)ەوە فۆرمە ئامادەکراوەکەی کە لەپاشکۆی (11)دا خراوەتەڕوو، بەسەر ئەندامانی توێژینەوەکەدا دابەشکرد کە ژمارەیان (179) مامۆستا بوو لە(39) باخچەی حکومیو ناحکومی سەر بەهەردوو پەروەردەی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای سلێمانی، پاشان لەماوەی سێ رۆژدا توێژەر فۆرمەکانی بەدەست گەیشتەوەو لەئەنجامدا لێتوێژەران بەرێژەی (100%) وەڵامی فۆرمەکەیان دایەوە.

## 3.5 ئامرازە ئامارییەکان

توێژەر بۆ چارەسەرکردنی داتاو زانیارییەکان،و بەسوود وەرگرتن لەپرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS-version 26)، ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێنا:

1- بەکارهێنانی ئامارە وەسفییەکانی وەك (چەندبارە، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری) بۆ وەسفکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەو دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا.

2- هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن (Pearson correlation coefficient) بۆ دۆزینەوەی راستی بونیاتنانو پەیوەندی نێوان تەوەرەکانو نمرەی گشتی فۆرمەکە بەکارهات.

3- بۆ ئەژمارکردنی جێگیری؛ یاساکانی هاوکۆلکەی سپێرمان - براون (Spearman's rank correlation coefficient)، ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's alpha)و هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوە (Test Reliability Coefficient) بەکارهێنرا.

4- بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی یەك نموونە (One Sample T-Test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەناو یەك گۆڕاودا.

5- تاقیکردنەوەی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی دوو گۆڕاو، یەك رێگا ئەنۆڤا (One way ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سێ گۆڕاودا بەکارهات.

6- تاقیکردنەوەی بەراوردکاری فرەیی (Least Significant Difference - LSD) بۆ بەراوردکردنی فرەیی لەنێوان تەوەرەکانی فۆرمی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەپێی گۆڕاوی تەمەن.

**هاوکێشە ئامارییەکان:**

1- **ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری** (Arithmetic Mean and standard deviation).

$$\bar{X} = \frac{\sum_{i=1}^{n} x_i}{n} \qquad \sigma = \sqrt{\frac{\sum (x_i - \bar{x})^2}{N-1}}$$

2- **هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن** (Person Correlation Coefficient).

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right] * \left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]}}$$

3- **هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی سپێرمان - براون** (Spearman's rank correlation coefficient).

$$r_{SB} = \frac{2 \times r}{1+r}$$

4- **تاقیکردنەوەی**(T) **بۆ یەك نموونە** (One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{X}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

5- **تاقیکردنەوەی** (T) **بۆ دوو نموونەی سەربەست** (Independent Sample T-Test).

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

6- **هاوکێشەی ئەنۆڤا** (One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^-)^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

7- **ئەلفا-کرۆنباخ** (Cranach's Alpha).

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_{i=1}^{k} s_i^2}{S_t^2}\right)$$

8- **هاوکۆلکەی جیاوازی دوانەیی** (Test Reliability Coefficient).

$$\mathcal{R}_1 = \frac{(Variation\ Between\ People - Variation\ Residual)}{Variation\ Between\ People}$$

(**علام**،289:2007)، (**عبدالرحمن**،187:2008)، (**ملحم**،263:2012)، (**محاسنة**،134:2013)

# بەشی چوارەم

# خستنەڕووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان

4.1 ئەنجامەکان

4.2 دەرئەنجامەکان

4.3 راسپاردەکان

4.4 پێشنیازەکان

# بەشی چوارەم
# خستنەڕووی ئەنجامەکانو تاوتوێکردنیان

## 4.1 ئەنجامەکان

لەم بەشەدا توێژەر ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە دەخاتەڕوو، پاشان تاوتوێیان دەکات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: سەبارەت بەئامانجی یەکەم کە بریتییە لە(زانینی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا).**

دوای جێبەجێکردنی فۆرمەکە لەسەر ئەندامانی نموونەی توێژنەوەکە، کە ژمارەیان (179) مامۆستای باخچە بوو لەشاری سلێمانی، توێژەر داتاکانی کۆکردەوەو لەڕێگەی پرۆگرامی (SPSS)ەوە نمرەی گشتی بڕگەکانی فۆرمەکەی دەرهێنا، کە ژمارەیان (85) بڕگە بوو، لەدوای شیکردنەوەی داتاکانو چارەسەری ئاماری بەکەرەستەی گونجاو، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی پێوەرەکە (199.56) نمرەی بەدەستهێناوە بەلادانی پێوەری (13.23) نمرە، کە ئەمەش گەورەترە لەناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی فۆرمەکە کە بریتییە لە (170) نمرە. بۆ زانینی جیاوازی ئامارەی ئاماری لەنێوان ئەو دوو ناوەندە ژمێرەییەدا، توێژەر تاقیکردنەوەی (T)ی یەك نموونەی بەکارهێنا، لەئەنجامدا بەهای (T) ئەژمارکراو نمرەی (29.88)ی بەدەستهێنا، کە گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی کە یەکسانە بە(1.96) لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.05)و بەنمرەی ئازادی (178)، هەروەك لەخشتەی (11) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (11)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد (DF) | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| 179 | 199.56 | 13.23 | 170 | 178 | 29.88 | 1.96 | 0.00 بەڵگەدارە |

لەخشتەی (11)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی زۆرباشدایە، ئەمەش لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزیو زۆری ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەم ئامڕازانە هەیانەو بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ بەکارهێنانی ئەم تەکنۆلۆجیانە، هەروەها ڕێوشوێنەکانی ئیدارەی کارگێڕی باخچەکان کە ڕێگر نەبوون لەوەی مامۆستایان

لەکاتی وانەوتنەوەدا سود لەئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن وەربگرن، لەلایەکی دیکەوەشەوە پەیوەندی بەگرنگیدانی خودی مامۆستای باخچەوە هەیە بەگرتنەبەری زیاد لەڕێگەیەك بۆ وانەوتنەوە، بەتایبەت کە منداڵ توانای تێگەیشتنی جیاوازە، سەرباری سود وەرگرتنو تواناو شارەزایی مامۆستایانی باخچە لەبەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان بەشێوەیەك کە لەگەڵ سەردەمی ئێستای تەکنۆلۆجیادا گونجاو بێت. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (الشعیبی، 2015)، (ناصف، 2021)، (القلاف وجوهر، 2017)، (علی، 2016)و (زاد، 2014)دا یەکدەگرێتەوەو لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی(محمود، 2021)، (Konca and Paul, 2021)و (وزیریان ونعمان اف، 2016) جیاوازە.

**دووەم / زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەبەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.**

**1- جۆری خوێندن (حکومی - ناحکومی):**

توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن (حکومی، ناحکومی) دەرهێنا کە ژمارەیان (153) باخچەی حکومیو (26) باخچەی ناحکومی بوو، ناوەندی ژمێرەیی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەخوێندنی حکومی گەیشتە (195.92) نمرە بەلادانی پێوەری (7.05) نمرە، لەکاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەخوێندنی ناحکومی بریتییە لە(221.03) نمرە بەلادانی پێوەری (19.60) نمرە. بۆ زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان ناوەندی ژمێریی نمرەکانی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن، توێژەر تاقیکردنەوەی (T) دوو نموونەی بەکارهێنا، لەئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەئاستی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن، چونکە بەهای (T) ئەژمارکراو یەکسانە بە(12.02) نمرەو گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی کە بریتییە لە (1.96) لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (177). هەروەك لەخشتەی (12)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (12)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (جۆری خوێندن)**

| جۆری خوێندن | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد (DF) | بەهای (T) ئەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **حکومی** | 153 | 195.92 | 7.05 | 177 | 12.02 | 1.96 | 0.00 **بەڵگەدارە** |
| **ناحکومی** | 26 | 221.03 | 19.60 | | | | |

لەخشتەی (12)دا دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندنو لەبەرژەوەندی ناحکومیدایە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ناحکومی گەورەترە لەناوەندی ژمێرەیی حکومی، واتە ئاستی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە لەباخچە ناحکومییەکان باشترە لەحکومییەکان. توێژەر ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی وانەوتنەوەی مامۆستایان لەناو باخچەکاندا، کە لەلایەك ڕێگای جیاواز بۆ وانەوتنەوە دەگرنەبەر، لەلایەکی دیکەشەوە ژینگەی تەکنۆلۆجی لەناو باخچە ناحکومییەکاندا باشتر دەستبەرکراوە، ئەمەش پەیوەندی بەنەبوونی بودجەوە هەیە، تەنانەت هەندێك لەباخچە حکومییەکان خۆیان کەرەستەکانیان دابینکردووە. سەرباری ئەوەش تواناو ئارەزووی مامۆستایان هۆکارێکی دیکەیە بۆ جیاوازی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەنێوان باخچە حکومیو ناحکومییەکاندا. لەکاتی بەراوردکردنی ئەم ئەنجامە؛ بەئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو کە دەست توێژەر کەوتوون، دەرکەوت پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن (حکومی- ناحکومی) لای مامۆستایانی باخچە پێشتر نەکراوە.

**2- رەگەز (نێر - مێ):**

توێژەر بۆ زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی رەگەز، ناوەندی ژمێرەییو لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی رەگەز (نێر، مێ) دەرهێنا، کە ژمارەیان (18) نێرو (161) مێ بوو، ناوەندی ژمێرەیی رەگەزی نێر (198.50) نمرەی بەدەستهێنا، بەلادانی پێوەری (11.79) نمرە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی رەگەزی مێ گەیشتە (199.68) نمرە بەلادانی پێوەری (13.41) نمرە. بەمەبەستی زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان ئەو دوو ناوەندە ژمێرەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی (T) دوو نموونەی بەکارهێنا، دەرکەوت هیچ جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری نییە لەبەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەپێی گۆڕاوی رەگەز (نێر - مێ)، چونکە بەهای (T) ئەژمارکراو یەکسانە بە(0.36) نمرەو کەمترە لەبەهای (T) خشتەیی کە بریتییەلە (1.96) لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (177)، هەروەك لەخشتەی (13)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (13)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی راپرسی ئاستی بەکارهینانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (رەگەز)**

| رەگەز | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد (DF) | بەهای (T) ئەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 18 | 198.50 | 11.79 | 177 | 0.36 | 1.96 | 0.71 بەڵگەدار نییە |
| مێ | 161 | 199.68 | 13.41 | | | | |

لەخشتەی (13)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری نییە لەئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی رەگەز، واتە تاڕادەیەکی زۆر گونجان لەنێوان مامۆستایانی (نێر، مێ)دا هەیە لەڕووی ئاستی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە لەباخچەکاندا، توێژەر هۆکارەکەی بۆ هۆشیاری مامۆستایانی هەردوو رەگەز بەرامبەر پێویستی بەکارهێنانی ئامرازەکان لەکاتی وانەوتنەوەو سوود وەرگرتنی باخچەکان لەئەزموونی یەکترو ئاسانی بەکارهێنانی ئامرازەکان دەگەڕێنێتەوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (الدسوقي وأحمد، 2021) یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەی (وزیریان ونعمان اف، 2018)دا جیاوازە.

**3- ئاستی خوێندن (دبلۆم - بەکالۆریۆس):**

بەمەبەستی زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن، توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن (دبلۆم - بەکالۆریۆس) دەرهێنا، کە ژمارەیان (108) دبلۆم و (71) بەکالۆریۆس بوو، ناوەندی ژمێرەیی بڕوانامەی دبلۆم گەیشتە (196.00) نمرە بەلادانی پێوەری (8.17) نمرە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی بڕوانامەی بەکالۆریۆس (204.98) نمرەی بەلادانی پێوەری (17.15) بەدەستهێنا. بۆ زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن (دبلۆم - بەکالۆریۆس)، توێژەر تاقیکردنەوەی (T) دوو نموونەی بەکارهێنا، لەئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن، چونکە بەهای (T) ئەژمارکراو یەکسانە بە(4.69) نمرەو گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی کە بریتییە لە(1.96) لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (177). هەروەك لەخشتەی (14)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (14)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی راپرسی بەرکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ئاستی خوێندن)**

| جۆری خوێندن | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد (DF) | بەهای (T) ئەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دبلۆم** | 108 | 196.00 | 8.17 | 177 | 4.69 | 1.96 | 0.00 بەڵگەدارە |
| **بەکالۆریۆس** | 71 | 204.98 | 17.15 | | | | |

لەخشـتەی (14)دا دەردەکەوێـت، کە جیـاوازی ئامـاژەی ئامـاری هەیە لەئاسـتی بەکارهێنـانی ئـامڕازە نوێیەکانی راگەیانـدن بەپێی گـۆڕاوی جـۆری خوێنـدن،و لەبەرژەوەنـدی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)دا بـووە، مانای وایە ئاستی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە لای مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەنموونەی تـوێژینەوەکە باشـتربووە لەمامۆسـتایانی هەڵگـری بڕوانـامەی دبلـۆم، هۆکارەکـەشی ئەوەیـە کـە مامۆسـتایانی خـاوەن بڕوانامـەی بـەکالۆریۆس زانیارییـان دەربـارەی گـرنگی پـەروەردەکردنی منـداڵو ڕێگاکانی وانەوتنـەوە لەزانکۆدا بەدەستهێناوە یان خولی راهێنانیان بینیوە، بۆیە بەرامبەر بەمامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی دبلـۆم، باشـتر درکیـان بەگـرنگی بەکارهێنـانی ئـامڕازە نوێیـەکانی راگەیانـدن لەباخچەدا کـردووەو هەڵوێسـتی ئەرێنیان هەبووە لەبەرانبەر پراکتیزەکردنی ئەو ئامڕازانە لەوانەوتنەوەدا. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (ناصف، 2021)و (علی، 2016)و (وزيريان ونعمان اف، 2018)دا یەکدەگرێتەوە.

**4- تەمەن:**

بەمەبەستی زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەئاستی بەکارهێنانی ئـامڕازە نوێیـەکانی راگـەیاندن بەپێی گۆڕاوی تەمەن، تـوێژەر ناوەنـدی ژمێرەیی‌و لادانی پێـوەری بـۆ نمـرەی گشـتی نمـوونەی تـوێژینەوەکە بەپێـی گۆڕاوی تەمەن دەرهێنا، هەروەك لەخشتەی (15)دا روونکراوەتەوە.

**خشتەی (15)**

**ناوەندی ژمێرەیی‌و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئـــاســـت |
|---|---|---|---|---|
| 29-20 | 21 | 220.66 | 18.97 | **یەکەم** |
| 39-30 | 76 | 197.48 | 10.70 | **دووەم** |
| 49-40 | 82 | 196.09 | 7.64 | **سێیەم** |
| **کۆ** | 179 | 199.56 | 13.23 | |

لەخشـتەی (15)دا ئەوە دەردەکەوێـت، کە ناوەنـدی ژمـێرەیی ئەوانـەی تەمـەنیان لـەنێوان 20-29 سـاڵدایە بـەراورد بەتەمەنـەکانی دیکـە گەورەتـرە، مانـای وایە بەکارهێنـانی ئـامڕازە نوێیـەکانی راگەیانـدن لەئاسـتی یەکەمـدایە، پاشـان ئەوانـەی تەمـەنیان لـەنێوان 30-39 سـاڵدایە بەپلەی دووەمو ئەوانـەشی تەمـەنیان لـەنێوان 40-49 سـاڵدایە بەپلەی سێیەم دێت، بەمەبەسـتی زانیـنی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی هەرسێ تەمەنەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی یەك ڕێگا (One Way ANOVA)ی بەکارهێنا، هەروەك لەخشتەی (16)دا خراوەتەڕوو.

## خشتەی (16)

## ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) بۆ فۆرمی راپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (تەمەن)

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی خشتەیی (SS) | نمرەی ئازاد (DF) | ناوەندی خشتەیی (M.S) | بەهای (F) | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 10665.004 | 2 | 5332.502 | 45.713 | 2.995 | 0.00 بەڵگەدارە |
| لەناو کۆمەڵەکاندا | 20530.873 | 174 | 116.653 | | | |
| کۆی گشتی | 31195.877 | 176 | | | | |

لەخشتەی (16)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەهای (F) ئەژمارکراو گەیشتۆتە (45.713)و گەورەترە لەبەهای (F) خشتەیی (2.995) لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.05)و بەنمرەی ئازادی (2-174)، کە مانای ئەوە دەگەیەنێت جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئامڕازەکانی میدیای نوێ بەپێی گۆڕاوی تەمەن، بۆ زانینی ئەوەی ئایا جیاوازییەکە لەنێوان تەمەنەکان لەبەرژەوەندی کامیاندایە، توێژەر تاقیکردنەوەی شیفیە (Scheffe)ی بەکارهێنا، ئەنجامەکەی لەخشتەی (17)دا خراوەتەڕوو.

## خشتەی (17)

## ئەنجامی ئاڕاستەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە فۆرمی راپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی (تەمەن)

| تەمەن | جیاوازی لەناوەندە ژمێرەییەکان (0.05) | هەڵەی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|
| 20-29 – 30-39 | *23.17 | 2.66 | 0.00 |
| 20-29 – 40-49 | *24.56 | 2.64 | 0.00 |
| 30-39 – 40-49 | 1.38 | 1.71 | 0.72 |

لەخشتەی (17)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن؛ لەنێوان 20-29 ساڵو 30-39 ساڵ لەبەرژەوەندی 20-29 ساڵدایە، هەروەها لەنێوان 20-29 ساڵو 40-49 ساڵ؛ لەبەرژەوەندی 20-29 ساڵدایە، واتە ئاستی بەکارهێنانی ئەم ئامڕازانە لای مامۆستایانی تەمەن 20-29 ساڵ لەنموونەی توێژینەوەکە باشتربووە لەمامۆستایانی تەمەن 30-39 ساڵو 40-49 ساڵ، توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ توانا و کارامەیی و ئارەزووی مامۆستایانی تەمەن 20-29 ساڵ لەبەکارهێنانی ئامڕازەکان لەگەڵ بەدەستهێنانی شارەزایی لەبواری تەکنۆلۆجی و سودوەرگرتن لێی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو

فێرکردن، کە وایکردووە ئاستێکی باشتر لەبەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بەراورد بەمامۆستایانی هەردوو تەمەنی 30-39 ساڵو تەمەنی 40-49 ساڵ پێشکەش بکەن.

هەر لەخشتەکە ئەوەش دەردەکەوێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری نییە بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 30-39 ساڵو ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 40-49 ساڵدایە، چونکە بەهای ئاماژەی ئاماری (0.72)ەو گەورەترە لەبەهای ئاماژەی ئاماری (0.05)، واتە گونجان لەنێوان هەردوو تەمەنەکەدا هەیە لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن، توێژەر هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زۆرینەی مامۆستایانی ئەو دوو تەمەنە لەباخچە حکومییەکانداو هەمان ژینگەی خوێندنیان هەبووە، ئەمەش وایکردووە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری لەنێوانیاندا دەرنەکەوێت. لەکاتی بەراوردکردنی ئەم ئەنجامە بەتوێژینەوەکانی پێشوو کە دەست توێژەر کەوتوون، دەرکەوت پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گۆڕاوی تەمەن لای مامۆستایانی باخچە پێشتر نەکراوە.

**5- ساڵانی خزمەت:**

بۆ زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی گشتی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت دەرهێنا، هەروەك لەخشتەی (18)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (18)**

**ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت)**

| ساڵانی خزمەت | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1-5 | 18 | 219.38 | 19.02 | یەکەم |
| 6-10 | 20 | 204.80 | 19.62 | دووەم |
| 11-15 | 21 | 196.87 | 8.15 | سێیەم |
| 16-20 | 49 | 196.63 | 9.18 | چوارەم |
| 21-25 | 61 | 195.73 | 6.47 | پێنجەم |
| کۆ | 179 | 199.56 | 13.23 | |

لەخشتەی (18)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێرەیی ئەوانەی ساڵانی خزمەتیان لەنێوان 1-5 ساڵدایە بەراورد بەوانی دیکە گەورەترە، مانای وایە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەئاستی یەکەمدایە، پاشان ئەوانەی ساڵانی خزمەتیان لەنێوان 6-10ساڵدایە بەپلەی دووەمو ئەوانەشی لەنێوان 11-15 ساڵدایە بەپلەی سێیەم دێت، ئەوانەی لەنێوان (16-20) ساڵدایە، پلەی چوارەمو ئەوانەشی لەنێوان (21-25)دان پلەی پێنجەمیان وەگرتووە. بەمەبەستی زانینی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان

ناوەندی ژمێرەییەکاندا، توێژەر تاقیکردنەوەی یەك ڕێگا (One Way ANOVA)ی بەکارهێنا، هەروەك لەخشتەی (19)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (19)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) بۆ فۆرمی راپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (سالأنی خزمەت)**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی خشتەیی (SS) | نمرەی ئازاد (DF) | ناوەندی خشتەیی (M.S) | بەهای (F) | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 9161.724 | 4 | 2290.431 | 18.087 | 2.371 | 0.00 بەڵگەدارە |
| لەناو کۆمەڵەکاندا | 22034 | 174 | 126.633 | | | |
| کۆی گشتی | 31195.877 | 178 | | | | |

لەخشتەی (19)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەهای (F)ی ئەژمارکراو گەیشتۆتە (18.087)، کە گەورەترە لەبەهای (F)ی خشتەیی (2.995) لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.05)و بەنمرەی ئازادی (4 -174)، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەبەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی سالأنی خزمەت، بۆ زانینی ئەوەی ئایا جیاوازییەکە لەنێوان پۆلەکاندا لەبەرژەوەندی کامیاندایە، توێژەر تاقیکردنەوەی شیفیە (Scheffe)ی بەکارهێنا، ئەنجامەکەی لەخشتەی (20)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (20)**

**ئەنجامی ئاڕاستەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە فۆرمی راپرسی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن بەپێی گۆڕاوی (سالأنی خزمەت)**

| کۆمەڵەکان | جیاوازی لەناوەندە ژمێرەییەکان (0.05) | هەڵەی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|
| 10-6 – 5-1 | 14.58* | 3.65 | 0.00 |
| 25-21 – 10-6 | 9.06* | 2.89 | 0.04 |
| 5-1 – 15-11 | - 22.51* | 3.33 | 0.00 |
| 5-1 – 20-16 | - 22.75* | 3.10 | 0.00 |
| 5-1 – 25-21 | - 23.65* | 3.01 | 0.00 |

لەخشتەی (20)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ گۆڕاوی سالأنی خزمەت لەنێوان 1-5 ساڵو 6-10 ساڵ، کە لەبەرژەوەندی 1-5 ساڵدایە، هەروەها لەنێوان 11-15 ساڵو 1-5 ساڵ، کە لەبەرژەوەندی 1-5

ساڵدایە، لەنێوان 20-16 ساڵو 5-1 ساڵ، کە هەر لەبەرژەوەندی 5-1 ساڵدایە، بەهەمانشێوە لەنێوان 15-11ساڵو 5-1 ساڵ، کە لەبەرژەوەندی 5-1 ساڵدایە، واتە ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لای مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە کە ساڵانی خزمەتیان لەنێوان 5-1 ساڵدایە، زیاتر بووە لەئەوانی دیکە، توێژەر هۆکارەکەی بۆ خواستو کارامەیی‌و شارەزایی مامۆستایان لەبەکارهێنانی ئەو ئامڕازانە دەگەڕێنێتەوە، بەشێك لەمامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە سەرباری ئەوەی ئەزموونی کارکردنیان لەباخچەکاندا زۆر بووە، بەڵام ئاڕاستەیان بەرامبەر بەکارهێنانی میدیای نوێ لەباخچەکاندا جیاواز بووە، هەندێکیان بەپێویستیان نەزانیوە ئەو ئامڕازانە بەکاربهێنرێت، هەندێکی دیکەشیان بەهۆی کەمی شارەزاییان؛ ئارەزووویان لەبەکارهێنانی ئەم ئامڕازانە لەباخچەکاندا نەبووە.

هەر لەخشتەکەدا، ئەوەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لەنێوان خزمەتی 10-6 ساڵو 25-21 ساڵ، کە لەبەرژەوەندی 10-6 ساڵدایە، واتە ئاستی بەکارهێنانی ئەم ئامڕازانە لای ئەوانەی خزمەتیان لەنێوان 10-6 ساڵدایە لەنموونەی توێژینەوەکە، زیاتر بووە لەوانەی خزمەتیان لەنێوان 25-21 ساڵدایە، توێژەر هۆکارەکەی بۆ توانای مامۆستایان لەبەدەستهێنانی کارامەیی هەمەلایەنە لەپێناو پراکتیزەکردنی ئەم ئامڕازانە لەوانەوتنەوەدا دەگەڕێتەوە، کە ئەمە لای ئەو مامۆستایانەی خزمەتیان لەنێوان 10-6 ساڵ بووە باشتر بەرجەستە بووە لەوانەی خزمەتیان 25-21 ساڵ بووە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (علی، 2016)و (ناصیف، 2021) یەکدەگرێتەوەو لەگەڵ توێژینەوەی (الدسوقي وأحمد، 2021) جیاوازە.

لەنێوان خزمەتی 10-6 ساڵ لەگەڵ 15-11 ساڵو 20-16 ساڵ، هەروەها لەنێوان خزمەتی 15-11 ساڵ لەگەڵ 20-16 ساڵو 25-21 ساڵ، هیچ ئاماژەیەکی ئاماری نییە لەئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن، واتە گونجان لەنێوانیاندا هەیەو هۆکارەکەی ئەوەیە زۆرینەی ئەو مامۆستایانە لەباخچە حکومییەکاندا بوونو هەمان شێوازی وانەوتنەوەیان گرتۆتەبەرو جیاوازی لەنێوانیاندا نەبووە. لەکاتی بەراوردکردنی ئەم ئەنجامە بەتوێژینەوەکانی پێشوو، دەرکەوت کە پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت کە ئاماژەی پێکرا، پێشتر نەکراوە.

**سێیەم / دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی میدیای نوێ کە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە لەشاری سلێمانیدا بەکاردەهێنرێن.**

**1- ئەو ئامڕازو کەرەستە نوێیانەی ڕاگەیاندن کە لەوانەوتنەوەدا بەکاردەهێنرێن:**

بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو ئامڕازو کەرەستەی نوێیانەی ڕاگەیاندن کە لەکاتی وانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە بەکاردەهێنرێت، توێژەر چارەسەری ئاماری (Multiple Responses)ی بەکارهێنا

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ئەم ئامرازو کەرەستانە لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا، چونکە لێتوێژەران بۆیان هەبوو زیاتر لەبژاردەیەك وەڵام بدەنەوە. هەروەك لەخشتەی (21)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (21)**

**ئاستی بەکارهینانی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن لای مامۆستایانی باخچە لەشاری سلێمانیدا**

| ژمارە | ئامڕازو کەرەستە نوێیەکانی راگەیاندن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی (%) | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 3 | داتاشۆ | 123 | 19 | یەکەم |
| 4 | مەڵتیمیدیا | 119 | 18.4 | دووەم |
| 7 | یوتیوب | 113 | 17.5 | سێیەم |
| 6 | مۆبایل | 106 | 16.4 | چوارەم |
| 8 | تەلەفزیۆن | 83 | 12.9 | پێنجەم |
| 2 | ئینتەرنێت | 46 | 7.1 | شەشەم |
| 1 | کۆمپیوتەر | 42 | 6.5 | حەوتەم |
| 5 | سمارت بۆرد | 14 | 2.2 | هەشتەم |
| کـــۆ | | 646 | 100 | |

لەخشتەی (21)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاستی بەکارهێنانی داتاشۆ لای نموونەی توێژینەوەکە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، مەڵتیمیدیا لەپلەی دووەمدایە، یوتیوب لەپلەی سێیەمدایە، دواتر ئامڕازەکانی دیکە. ئامڕازی سمارت بۆردیش کەمترین بەکارهێنانی هەبووە. هۆکاری ریزبەندییەکە ئەوەیە کە مامۆستایان بەپێی پێویستی ئامڕازەکان بەکاردەهێنن و لەسەر ئەو بنەمایەش ریزبەندییان کردووە، داتاشۆ بەگرنگترین ئامڕاز دیاریکراوە بۆ وانەوتنەوەی دیجیتاڵی لەلایەن مامۆستایانەوە، کە ڕۆڵێکی باشی هەبووە لەتێگەیشتنی زیاتری منداڵان و ڕوونکردنەوەی وانەکان. بەڵام ئامڕازی سمارت بۆرد کە هەموو ئامڕازەکانی دیکەی تێدا کۆکراوەتەوە کەمترین بەکارهێنانی هەبووە، ئەمەش دوو هۆکاری هەبووە، یەکەم؛ هەندێك لەمامۆستایان و کارگێڕی باخچەکان سمارد بۆرد بەپێویست نازانن بۆ وانەوتنەوە لەباخچەکاندا، بۆیە ڕێگەکانی (دەستلێدان لەشتەکان، گوێگرتن، فلاش کارت، ۆرك شیت، گفتوگۆ، گەشتی دەرەوەو ڤیدیۆکلیب، ..) بەکاردەهێنن، دووەم؛ هەندێکی دیکە لەباخچەکان بەتایبەتی باخچە ناحکومییەکان سمارت بۆرد بەکاردەهێنن و بەپێویستی دەزانن. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (Dore and Dynia, 2020)و (مەحمود، 2021)دا جیاوازە، چونکە بەپێی توێژینەوەی (Dore and Dynia, 2020) تابلێت و کۆمپیوتەر زۆرترین و مۆبایل و تەلەفزیۆنیش کەمترین بەکارهێنانیان هەبووە. بەپێی توێژینەوەی(مەحمود، 2021)یش کۆمپیوتەر زۆرترین بەکارهێنان و تابلێتیش کەمترین بەکارهێنانی هەبووە لەوانەوتنەوەدا.

## 2- ئەو ئامرازانەی بۆ گەیاندنو پەیوەندی بەکاردەهێنرێن:

بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو ئامرازە نوێیانەی راگەیاندن کە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە بۆ پەیوەندیو گەیاندن بەکاردەهێنرێن، توێژەر لەڕێگەی شیکردنەوەی ئاماری (Multiple Responses)ەوە ڕێژەی سەدی بۆ ئامرازە نوییەکانی راگەیاندن دەرهێنا، کە لەلایەن مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکەوە بۆ بواری پەیوەندیکردنو گەیاندن بەکاردەهێنرێن، هەروەك لەخشتەی (22)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (22)**

